# جەژنی هەڵسانەوە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئۆگۆست ستریندبێری

# جەژنی هەڵسانەوە

وەرگێڕانی لە سویدییەوە:

خەبات عارف



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: جەژنی هەڵسانەوە
نووسینی: ئۆگۆست ستریندبێری
پێشەکی: هەری جی. کاڵسۆن
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: خەبات عارف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٨١
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٧٦٧ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# جەژنی هەڵسانەوە

# گەڕانەوەی پێرسێفۆنە[١]

نووسینی: هەری جی. کاڵسۆن

ڕەنگە قەبووڵکردنی ئەوە ئاسان نەبێت، کە تەنیا بە مانایەکی سنووردار، درامای "جەژنی هەڵسانەوە" بە یەکێک لە دراما گرینگەکانی ستریندبێری دابنرێت. ئەگەرچی ئەم درامایە دڵی بینەرانی شانۆی بەو ئاوازە پڕ لە شادی و ئاسوودەیییەی لە نێویدا هەیە بەند کردووە، بەڵام بەگشتی جۆرە دەستپێتییەکیشی پێوە دیارە. هەوڵ و کۆششی نووسەر بۆ پڕکردنی دراماکەی بەو جددیەتەی لەو خوونەریتە ئاینییەدا هەیە لە ڕێی بەستنەوەی بنەمای دیمەنەکانەوە بەو کات دابەشکردنەوە کە تایبەت بە ئێشوئازارەکانی جەژنی هەڵسانەوەن: پێنجشەممەی پیرۆز، هەینیی ڕەش و ئێوارەی جەژنی هەڵسانەوە؛ دراماکەی_ بەرەو ئەنجامێکی ناڕێکوپێک بردووە. هێندە زۆر ناوی عیسای مەسیح "=کریستوس" دەهێنرێت و پێکچواندنەکانیش لەگەڵ ئێشوئازارەکانی جەژنی هەڵسانەوەدا هێندە بە ڕوونی کێشراون، کە دەرئەنجامەکەی بەتەواوی لەگەڵ ئایندا نزیک بووەتەوە. سەرباری ئەم لاوازییانەیش بەڵام، دراماکە بە هێزێکی بنەچەیی، کە بریتییە لە کەسایەتیی ئێلێنۆرا، ڕزگار دەکرێت؛ کە یەکێکە لە کاراکتەرە هەرە ئەفسانەیی ـ شیعرییەکانی ستریندبێری و



بەتەواوی سەرنج بەرەو خۆی ڕادەکێشێت و بینەران بە خۆیەوە بەند دەکات.

دیمەنی شانۆیی، دیمەنێکی ڕیالیستییانەی ناتوریالیستانەیە، هەر نەبێت لە ڕووکەشدا: ماڵی هێیەست، لە لوندە.[٢] خێزانێک کەوتووەتە تەنگانەوە. پیاوی ماڵ؛ هێیەست، لە دەرئەنجامی پەرشوبڵاوکردنەوەی پارەی خەڵکی کە بە متمانە لە لای دانراوە، سزا دراوە و لە زینداندایە و ژنەکەیشی سەرسەختانە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت و پێی وایە مێردەکەی بێتاوانە و بە هیوای ئەوەیە ئەو حوکمەی بەسەریدا دراوە، دەرئەنجام، وەک نادادییەک کە بەرانبەر بە خێزانەکە کراوە دەربکەوێت. بەخێوکەری ئێستای خێزان؛ ئێلیس، کوڕی ماڵە، مامۆستایەکی گەنجە و وانەی لاتین دەڵێتەوە و وەک "نەناسراوەکە"ی درامای "بەرەو دیمەشق"[٣] بەتەواوەتی لە خۆی و لە دنیا دابڕاو و دوورەپەرێزە. لەبەر زۆر هۆ بووە بە کەسێکی تاڵ و گرژ و نائومێد: چونکە دایکی، بە هیچ مەرجێک، نایەوێت بڕوا بەوە بهێنێت کە باوکی تاوانبار بووە، چونکە پێترۆسی قوتابی و هاوڕێی هەر بەوەوە نەوەستاوە کە بیرو بۆچوونەکانی ناو نامەی دوکتۆرا تەواونەکراوەکەی ئەمی دزیوە، بەڵکو وا دێتە پێش چاو کە بیشیەوێت کریستینای دەستگیرانی لێ بدزێت؛ چونکە کریستینا یارمەتیی دەدات و بە جۆرێک خۆشی دەوێت کە ئەم ناتوانێت بڕوای پێ بهێنێت؛ چونکە ناچارە بەوەی خوێندن و ماڵێک بۆ "بێنیامین"ی بێ دایک و باوک بە دەست بهێنێت، کە هەرچی سامانێکی بۆ بەجێهێڵراوی هەبووە لە نێو سەرجەمی ئەو پارەوپوولانەدا بووە کە باوکی ئەم پەرشوبڵاوی کردووەتەوە؛ چونکە یەکێکی تر لە قوربانییەکانی باوکی؛ لیندکڤیست،

وا پێ دەچێت بۆ شار گوێزابێتییەوە بەو نیازەی داوای قەرزەکانی خۆی لەمان بکاتەوە و لە کۆتاییشدا چونکە ناچار بووە ئێلینۆرای خوشکی ڕەوانەی خانەی نەخۆشانی دەروونی بکات. ئێلیس خۆی وا دەبینێت، وەک چۆن عیسای مەسیح ئازاری دەچێژا، ئەمیش ئازار دەچێژێت و لە نێو یەکێک لە مەبەستە هەرە ئاشکراکانی ئەم دراما ئێشوئازارئامێزەدا کاردانەوەی ئەو بەرانبەر بەو دەنگۆیەی کە پێتروس بووە بە هاوڕێی کەسێک، کە ئێلیس قێزی لە بیرو بۆچوونە سیاسییەکانی دەبێتەوە و ئەو کەسەیش پارێزگاری شارە: "پێتروسیش نکوڵی لە مامۆستاکەی خۆی کرد و وتی: 'من ئەو پیاوە ناناسم.' دیسان کەڵەشێرەکەیش قووقاندنی! ئەرێ بەڕاست پاشناوی پارێزگار پۆنتیوس و ناوی خۆیشی پیلاتوس نییە!" ئەمە و قسەی تری وەک هاواری هێیەست خان "خوایە بۆ ئاوها بە جێت هێشتووم!" ئێشوئازاری خێزانەکە دەگۆڕێت و دەیکات بە تەریبێکی ڕاستەوخۆی ئێشوئازاری دراماکە. چونکە لاساییکردنەوەی عیسای مەسیح زۆر ئاشکرا سەرنج ڕادەکێشێت، توانا و بڕستی دراماکە بۆ گەیشتن بە ئاوازی بڵندتری شیعری کەم دەبێتەوە و شتی تری وەک دیمەنی ئەفسانەییی گرینگتر، لە کاتی نواندندا، لێڵ و تاریک دەبێت.

هەروەک درامای "باوک"،[٣] کە درامای "جەژنی هەڵسانەوە" لە یەکەم تێڕوانیندا هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵیدا نییە، چەقی هێزی ئەم درامایەش گرۆیەک کاراکتەرە کە پێکەوە بنچینەی شێوەیەکیان پێک هێناوە و ئەویش ئەو شتەیە کە پێی دەوترێت: تاهەتاهەتایە تایبەت بە ژنان. ئەوەیش ئەرکی پاڵەوانە سەرەکییە جیاجیاکانی هەردوو دراماکەیە کە ئەم شێوە پێکهاتووە تێکەڵ بە ژیانی خۆیان بکەن، بەڵام



لە کاتێکدا کە سەرسوارانی درامای "باوک" لە کردوکۆشی خۆیدا تێکوپێک دەشکێت و سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت، ئێلیس لە دایک دەبێتەوە و ڕزگار دەکرێت. هۆکاری ئەم جیاوازییەی نێوانیشیان گۆڕانکارییەکە لە سەرنجلێدانیاندا؛ هەر یەک لە دراماکان لە ڕووی خوڵقانیانەوە مۆرکی قۆناخێکی بنچینەیی پێوەیە کە تێیاندا بەرهەم هێنراون. لە یەکەمیاندا باس لە دایکایەتی؛ قۆناخی خواوەندی مەزن، ئەو خواوەندەی کە هیچی تر بێجگە لە نهێنییەکانی نێو باوەشی خۆی، نازانێت و لە دووەمیاندا باس لە یەکگرتنی دایک و کچە –کە بە یۆنانیی کۆن دەبێت بە "هێورێسیس"[٥] – کە لە نێویدا تواناکانی ئەفراندنێکی بێ پایان و بێ سنوور بۆ گۆڕانێکی ڕوحی خۆی شاردووەتەوە. ئەمەیش یا ئەوەیە هۆشیارانە یا ناهۆشیارانە بووە و بەڵام سەرنج و تێڕامانی ستریندبێریی لەسەر نموونەی هەرە پڕ لە مانا و دەربڕینی ئەفسانەی "هێورێسیس" ڕاگرتووە، بە واتایەکی تر، چیرۆکی "دێمێتێر"؛ خواوەندی کشتوکاڵ و کچەکەی؛ پێرسێفۆنە.

پێرسێفۆنە ـ یا پرۆسپەرینا وەک ئۆڤیدیۆس[٦] ناوی دەبات، لە نێو ئەو کەسایەتییە ئەفسانەییانەدا کە دەتوانن شێوەی خۆیان بگۆڕن و ستریندبێری زۆر حەزی لێیان بووە ـ لە لایەن "هادێس"ەوە، کە فەرمانڕەوای ژێر زەوییە، فریو دەدرێت، بەوەی کە لە کاتێکدا خەریکی گوڵچنینە خۆی بەرەو گوڵە نێرگزێکی کێوی و زۆر جوان درێژ بکات و هاوکاتیش کە ئەو دەستی بە گوڵە نێرگزەکە گەیشتووە، زەوی شەق دەبات و "هادێس"یش بە دزیەوە پەلی دەگرێت و بەرەو خاکی ژێر فەرمانڕەوایەتیی خۆی بە کێشی دەکات.[٧] "دێمێتێر" بەرانبەر بە ونبوونی کچەی نیگەران دەبێت و ئەنجامی نیگەرانییەکەیشی بەوە

دەگات کە هەرچی شینایی هەیە دەوەستێت و کۆمەڵی مرۆڤایەتی دەکەوێتە بەر هەڕەشەی برسێتییەوە. ئەمجا "زێوس" ناچار دەبێت بکەوێتە نێوانەوە و پەیمان لەگەڵ هادێسی برایدا دەبەستێت و ڕێک دەکەون کە: پێرسێفۆنە هەشت مانگان لە ساڵدا لە لای دایکی بمێنێتەوە،[٨] بەڵام دەبێت زستان لەگەڵ مێردەکەیدا لە ژێر زەویدا بەسەر ببات. بەم شێوەیە، کاتێک دایک و کچ بە یەکتر دەگەنەوە، شیناییش دەگەڕێتەوە بۆ زەوی.

لە –"جەژنی هەڵسانەوە"دا وردەکارییەکانی ئەفسانە گۆڕانکارییان بەسەر کراوە و ڕووداوەکان ڕەوت و ڕەفتارێکی تریان وەرگرتووە، بەڵام بەشە گرینگەکانی، وەک خۆیان، ماونەتەوە. بەهارە و ئێلێنۆرا/پێرسێفۆنە لە نەخۆشخانەی دەروونییەوە، بەرەو ماڵ، دەگەڕێتەوە. سنوورە پڕ لە ئەندێشە و ناڕوونەکانی وەسفکردنی ئەو بۆ ئەو جێگەیەی لێ بووە بیر بەرەو ماڵە پاکوخاوێنەکە، بە گشت تارماییە نائارامەکانییەوە لە هەرێمە تاریکەکانی ژێر زەویدا، ڕادەکێشێت:

ئێلێنۆرا: دەمنێرنەوە بۆ ئەوێ... بۆ ئەو جێیەی لێوەی هاتووم، ئەو جێیەی خۆر لێی نادات، ئەو جێیەی دیوارەکانی، وەک دیواری حەمامێک، سپی و ڕووتوقووتن، ئەو جێیەی کە تێیدا بە تەنیا گوێت لە دەنگی گریان و سکاڵایە، ئەو جێیەی کە ساڵێکی تەمەنی خۆمم تێیدا لە دەست داوە!

بێنیامن: مەبەستت لە کوێیە؟

ئێلێنۆرا: ئەوێ کە تێیدا، سەختتر لە زیندان، ئازار دەچێژیت، ئەوێ



کە کەساس و بەدخوایان تێیدا دەژین، ئەوێ کە پڕە لە نائارامی، ئەوێ کە شەو و ڕۆژ دوودڵی تێیدا بێدارە و ئەوێ کە کەس لێی ناگەڕێتەوە.

بێنیامین: سەختتر لە زیندان، مەبەستت چییە؟

ئێلێنۆرا: تۆ لە زینداندا سزا دراویت، بەڵام لەوێ بەنەفرەت کراویت! لە زینداندا، پێشتر لێت پرسراوەتەوە و گوێت لێ گیراوە، لەوێ هیچ پرسێکت پێشتر پێ نەکراوە!... ئای گوڵە نێرگزی کێویی بەستەزمان، کە ئەم هەموو سووچ و گوناهەت خراوەتە ئەستۆ! من کە هیچ نیازێکی خراپم نەبوو، کەچی چ خراپەیەکی لێ کەوتەوە!

ئێلێنۆرا، وەک پێرسێفۆنە، تێکەڵەیەکە لە بێتاوانی، خەمینی و شادی. پێرسێفۆنە، لە ئەفسانەی یۆنانیدا، ئەو "خامایەیە کە نابێت ناوی بهێنرێت."[٩] کاتێکیش ئێلێنۆرا خۆی دەناسێنێت و دەڵێت کە ئەو یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانەکەی خۆی نییە، بێنیامین سەری سووڕ دەمێنێت:

بێنیامین: چ سەیرە! کە کەس باسی تۆی نەکردووە!

ئێلێنۆرا: کەس باسی مردووان ناکات!

هەردووکیان، پێرسێفۆنە و ئێلێنۆرا، بە شێوەیەکی تۆقێنەر، وەک ئەنجامی فریوخواردنێکی بێگوناهـ، بەڵام جێی داخ و خەفەتهێن: حەزی بەدەستهێنانی گوڵێک، ئازار دەچێژن. ئێلێنۆرا لەڕێی گەڕانەوەیدا لە نەخۆشخانەوە بۆ ماڵەوە گوڵەنێرگزێکی کێوی لە

گوڵفرۆشییەک؛ کە خاوەنەکەی بە دیاریەوە نییە، دەبات. ئەگەرچی پارەکەیشی دادەنێت، کەچی پاشان، دەترسێت لەوەی پارەکە ون ببێت و بە دزین تاوانبار بکرێت.

نەدەکرا ستریندبێری گوڵێکی لەبارتر هەڵبژێرێت و نەیشدەکرا بەو هەموو گرینگپێدانەوە کە بۆ ڕووەکناسی هەیبووە ناشارەزا بێت لەو مانا جیاوازانەی کە بەم گوڵەوە پێوەستن. بەپێی داوونەریتەکان، گوڵەنێرگزی کێوی، بە گوڵی خاما مارییا دادەنرێت. ستریندبێری، ڕێک وەک درامای "بەرەو دیمەشق"، گوڵێک وەک هێمای دوو هەستی دژ بە یەک بە کار دەهێنێت، هەم وەک پێبەستێک بۆ یەککگرتن و هەم وەک ئەو شۆروشەوقەی دایک و کچ، لە شێوەی تاهەتا هەتایە تایبەت بە ژناندا، لە یەکتر دادەبرێت.

هاوئاوازیی گرینگ لە پێکهاتەی ئەفسانەییی دراماکەدا لە یەکتر جیابوونەوە و بەیەکترگەیشتنەوە ــ دوو جەمسەری جموجووڵی بەرانبەر بە یەکتری ژیان خۆین، پڕبوون و بەتاڵبوونەوەن. بەشێکی تەواو لە دراماکە تێپەڕ دەبێت و هێیەست خان نایەوێت، ئەگەرچی لە ڕاستیشدا ماوەیەک لێی دوور بووە، پڕ بە دڵ خۆی لە کچەکەی بگەیەنێت. کاتێک ئێلێنۆرا دەستی دایکی بە دەمولێویدا دەهێنێت، هێیەست خان نایەوێت و، بەپێی ڕێنوێنیی دیمەنەکان، بە نابەدڵییەوە دەستی دەکێشێتەوە. بەڵام پاشان ئێوارەی جەژنی هەڵسانەوە دێت و کۆتایی بەو لێک تەریکبوون و لە یەکتر تەرەبوونە دەهێنێت و ئێلێنورا دەڵێت: "خۆ ئەوە ماچم دەکەیت، دایە؟ چەندان ساڵ دەبێت ئەمەت نەکردووە. ئەی بۆ ئێستا؟"

هێیەست خان هاتووە بۆ ئەوەی لەو دەوری بەقوربانیبوونەی



کچەکەی بگات: ئەوەی کە کچەی پەیامی هیوای بەهارانەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

هێیەست خان: ... ئێلێنۆرا، ئەو منداڵەی نەگبەتی لە چارە نووسراوە، شاد و خۆشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، شادی و خۆشی ئەم دنیایە نا، بەڵام، نیگەرانیی ئەو بووە بە ئاساییش و بەسەر هەمووماندا دەیبەخشێتەوە! زیرەک بێت یا نا! بۆ من ئەو ئاقڵ و زیرەکە، چونکە ئەو تێ دەگات چۆن بارگرانیی ژیان زۆر باشتر لە من، زۆر باشتر لە ئێمە، لەسەر شانی هەڵبگرێت.

لێرەدا ئاڵۆزییەک پەیدا دەبێت. لەگەڵ گەیشتنی ڕۆژنامەکەدا، ئەوەی کە ماوەیەکە دڵی هێیەست خانی بە خۆیەوە خەریک کردووە؛ ئەوەی کە هێندە نابات و ئێلێنۆرا بە دزینی گوڵەکە تاوانبار دەکرێت و دەبێت ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەروونی بکرێتەوە، دەسەلمێنرێت. ئەمیش، وەک دێمێتر، سکاڵا لە دەست ئەوە دەکات کە کچەکەی بەناچاری دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ناو تاریکی.

هێیەست خان: ... تازە کار لە کار ترازاوە و ئەویش جارێک دۆزرایەوە و... جارێکی تریش ون بووەوە...

بەڵام وەک گەیشتنی درەنگوەختی بەهار، لە کۆتاییدا، بێتاوانیی ئێلێنۆرایش دەسەلەمێنرێت. سەرکەوتنی پێرسێفۆنە، بە هەمان شێوەی تراژیدیاکەی ئێلێنۆرا لە نێو تارماییەکانی پاییزی ڕابوردوودا، هیچی لەگەڵدا ناکرێت. گوڵفرۆشەکە پارەکە، کە کچەکە دای ناوە، دەدۆزێتەوە و دایک و کچیش سەرلەنوێ بە یەکتر شاد دەبنەوە.

تێگەیشتنی دایکەکە لەوەی کە کچەکەی ئێشوئازاری ئاشتبوونەوە دەچێژێت تا بڵێیت کاریگەری لەسەر ئازادبوون و ڕەهابوونی دایکەکە هەیە. ئەم ئێستا دەتوانێت لەو تارای خۆفریودانەوە،_ کە توانای بینینی لێڵ و تاریک کردبوو، ببینێت. "من زیرەکم، من زیرەک بووم، کاتێک پێم وابوو کە مێردەکەم هیچ گوناهێکی نەکردووە؟ من دەمزانی و بە یەک دنیا بەڵگەیشەوە، بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە، سەلمێنرابوو کە تاوانبارە و خۆیشی دانی بە هەموو شتێکدا نابوو!..." ئەم ئێستا لە دەست ئەو پاڵەپەستۆ خنکێنەرەی پێشوو ڕزگاری بووە و دەتوانێت ببینێت کە ئێلیس هێشتا بە خراپ حاڵیبوون و خەیاڵبڵاوییەوە گیری خواردووە، کە هێشتا ناتوانێت قەبووڵی یەکێک لە ململانێ هەرە دژوار بەڵام پڕ گوڕوتینەکانی ژیان بکات:

هێیەست خان: ... تۆیش، ئێلیس، سەری دنیات لێ نەهاتووەتەوە
یەک، ئەقڵت لە دەست نەداوە، کاتێک کە نابینیت، چۆن
کریستینا خۆشی دەوێیت! کاتێک پێت وایە کە ڕقی لێت
دەبێتەوە؟

ئێلیس: ئەمە جۆرێکی سەیری خۆشەویستییە!

هێیەست خان: هیچ وا نییە! ساردوسڕیی تۆیە کە لە ناوەوە سڕی
کردووە و تۆیت کە ڕقت هەڵگرتووە نەک ئەو! بەڵام لەمەدا
ناهەقیت، هەربۆیەیش ناچاریت ئازار بچێژیت!

بەیەکترگەیشتنەوەی دایک و کچ گەیشتن بە ترۆپکی دراماکە نییە. هێشتا زۆر شتی تر ماون ئێلیس فێریان ببێت، پێش ئەوەی هاوئاهەنگییە دۆڕاوەکە ـ هەم لە نێو خۆیدا و هەم لە ناو



خێزانەکەیشیدا ــ بەتەواوەتی بگەڕێتەوە. ئەوەی "هێورەسیس"؛ موجیزەی بەهار، دەیکات ئەوەیە کە پاشینەیەک بۆ ئەم نوێبوونەوەیە دروست بکات و ستریندبێرییش بەیەکترگەیشتنەوەکە لە ڕێی پەرەپێدانی زمانێک لە وێنەوە پێشان دەدات.

توێژەران لەو باوەڕەدا بوون کە سەرچاوەی پاشناوی خێزانەکە جێگەیەکی مەلەکردن بووە لە بەلچیک کە ستریندبێری لە یەک دوو هەفتەی ساڵی ١٨٩٨ سەری لێ داوە و کاتی تێدا بەسەربردووە: "هێیست – ئۆپ – دێن – بێرگ". لەوەیە ئەمە وا بووبێت، بەڵام "هێیەستەر" وشەیەکی ئەڵمانیاییشە بەرانبەر بە چەکەرە یا نەونەمام. پاشناوی تریش لە دراماکەدا هەیە کە بە درەختەوە پێوەستن. پاشناوی "پێتروس" "هۆڵمبلاد"ە،(١٠) پاشناوی ئەو مامۆستایەی بێنیامین لێی دەترسێت، "ئاڵگرێن"ە. "گڤیست"یش لە ناوی "لیندگڤیست"دا ئەو باسەی کە چەند جار دووپات دەبێتەوە؛ چەمکی لێدان و سزا، بەهێزتر دەکات. ئێلیس لە شێوەی چەپکێک چڵی سپیداردا دیارییەکی بۆ دێت کە بیر بە لای "چڵوچێو"دا دەبات. بەڵام هەستیشی بە لای ئەوەدا ڕادەکێشێت کە دیارییەکە، لەوەیە، لایەنێکی ئەرێنیشی هەبێت: لێدان بە پەشیمانی دەگات و پەشیمانیش بە ئاشتبوونەوە. ئێلیس خۆی دەڵێت کە چڵوچێوەکە لەوانەیە پەیمانی بەدەستهێنانی گۆپاڵەکەی ئارۆنی هەڵگرتبێت ـ گۆپاڵەکەی ئارۆنی برای موسا کە بە موجیزەیەک، وەک هێمای ئەوەی خوا ئەوی هەڵبژاردبێت، گوڵی گرت.

بێجگە لە پاشناوەکان و چەندین جار ناڕاستەوخۆ ناوهێنانی گوڵەنێرگزە کێوییەکەی ئێلێنۆرا، دراماکە پڕە لە ئاماژەکردن بۆ

درەخت و گوڵ و میوەی تر. باڵندەیەک چڵێک بۆ بەر پێی "ئێلیس"، کاتێک بە لای کڵێسای گەورەی شاردا دەڕوات، بەر دەداتەوە و ئەو بە ئاواتی ئەوەوەیە چڵە زەیتوونێک بووایە، ئەو داربییەکان و سنجوەکانی لای خانووی خێزانەکەیانی، لە دەرەوەی شار، بیر دێتەوە، گۆڕانیی قوتابیانی بیر دێتەوە کە وشەی سپیدار و سنجوی تێدایە. هێیەست خان سێو بۆ دروستکردنی شۆربای سێو پاک دەکات. ئێلێنۆرا دەڵێت کە گوێی لێ بووە ڕیشۆڵەکانی سەر دارگوێزەکە قسەیان کردووە و خۆی وا پێشان دەدات کە بەتەواوی لەو کاریگەرییە ڕوحییانە تێ دەگات کە "شابیزەک"[١١] و "سڕکەر"[١٢] هەیانە و ئاشنایە بە "زمانی بێدەنگی گولان". کاتێک ئێلیس نووسراوەکانی دادگا سەبارەت بە لێپرسینەوەکەی باوکی، کە بەتەواوی ئازاری دەدەن، دەخوێنێتەوە، – وشەیەک وەک چقڵ لە چاوی دەچەقێت. دەنگۆیەک هەیە کە ئەو گوڵەی دزراوە مەندیلانە و گوڵەنێرگزی کێوی نییە. ئێلێنۆرا خۆی بە خزمی ئەو گولانە دەزانێت کە پێشوەخت گوڵیان گرتووە و دەبێت بەرگەی زوقمی درەنگەبەهار بگرن – گوڵەگوێقەشە و کلۆوە بەفری بەهاران ــ هەروەها چاوەڕێی هاتنی گوڵە وەنەوشەکانە.

دووبارەبوونەوەی دیمەنەکانی ڕووەک، ڕوون و ئاشکرا، وەک وردەکارییەکانی پاشینەی نیگاری مێرگێکی نەخشێنراوی چاخەکانی ناوەڕاست کە دیواری گەورەمالان و کڵێساکانیان پێ دەڕازێنرایەوە، لە سەرلەبەری دراماکەدا هەیە و کاریگەرییە چڕوپڕەکەیشی باس و بابەتی دێمێتێر – پێرسێفۆنە بەهێزتر دەکەن؛ هەروەها ڕێکوپێکیی پێوەندیی هەستەکی نێوان هەموو ئەمانە پێکەوە و لە نێو خۆیاندا: ئێلێنۆرا و گوڵەنێرگزی کێوی و هێیەست خان و سێوەکە – خامایەک



و گوڵەکەی دەستی و دایکێک و میوەکەی دەستی – هاوئاوازییەکی سروشتییان هەیە.

هەروەها هەندێ ئاوازی تری ئەفسانەییش، بێجگە لەوانەی کە بە ژیانی ڕووەکانەوە پێوەستن، لە پشت ئاوازە سەرەکییەکانی دراماکەوە هەن. ئەو باڵندەیەی کە چڵە دارەکەی لە بەرپێی ئێلیسدا بەردایەوە کۆترێک بوو و، ئەگەرچی چڵەدارەکە چڵەداری زەیتوون نەبوو، ئەو وەک هێمایەک بۆ ئاشتی هەڵی گرتەوە. خێزانی هێیەست، وەک چۆن نوح چاوەڕێی کەمبوونەوەی باران و کشانەوەی لافاوەکەی دەکرد، چاوەڕێی هاتنی بەهار دەکەن. ستریندبێری، پێش ئەوەی درامای "جەژنی هەڵسانەوە" بۆ یەکەمین جار بخرێتە سەر شانۆ، بۆ هارییەت بۆسە،[١٣] کە بڕیارە ڕۆڵی ئێلێنۆرا بگێڕێت، دەنووسێت: "من... سوپاسی خوا دەکەم کە تۆی بۆ ڕەوانە کردم، تۆ ئەی ئەو کۆترە بچکۆلەیەی چڵە زەیتوونێکت بە دەنووکەوەیە؛ چڵە زەیتوون نەک چڵی سپیدار. چی تر باران نابارێت و لافاوەکە کشاوەتەوە، ئەوەی کۆنیشە خنکاوە و زەویش سەرلەنوێ شین دەبێتەوە!"

ئێلیس سکاڵا لە دەست ئەوە دەکات کە هەموو شتێک بە "تارایەکی ڕەش" لێڵ و تاریک بووە، ئەمەش ئاماژەیە بە زیندانی سەرزەمینی و مادەکی وەک کاتی ڕاستەقینە و شوێنی جیهانی؛ شوێنێک کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا هەبوونی هەیە. بۆ ڕەتبوونیش بەنێو ئەم تارایەدا، بە بیروبۆچوونی "میرسێیا ئێلیادە"،[١٤] دەبێت بگەڕێینەوە بۆ کاتێکی گەردوونی بڕیاردەر، کە تێیدا شوێنی ڕاستەقینەی جیهانی دەگۆڕێت و دەبێت بە شوێن لە دەرەوەی جیهان و کاتی ڕاستەقینەیش دەبێت بە کاتی ئەفسانەیی. ئێلێنۆرا هاندەر و ڕاپەڕێنەری ئەم

گۆڕینەیە؛ هەر تەنیا بە هەبوونی ئەو کاتی ڕاستەقینە دەگۆڕدرێت و دەبێت بە "هەبوو نەبوو"ی جادوویی. "بۆ من"، ئێلێنۆرا بە بێنیامین دەڵێت، "نە کات و نە جێ، بۆ من، هەبوونی هەیە." ئەرکی ئێلێنۆرایش هێنانی پەیامی گرینگە، ئەو پەیامانەی کە، بەپێی قسەی هێیەستخان، ناتوانرێت بە زاراوەی ئەقلانی یا نائەقلانی پێناسە بکرێن. بێنیامینیش بە ئێلێنۆرا دەڵێت: "لە ڕاستیدا لە قسەکانت تێ ناگەم، بەڵام وا پێدەچێت لە نێوەڕۆکی بیرو بۆچوونەکانت تێگەیشتبم!" ئەمجا دەڵێت: "هەر لە ئێستایشەوە هەرچییەک کە تۆ دەتەوێت، منیش دەمەوێت!"

هەستی "هەبوو، نەبوو" هەم پێش کاتی دەرکەوتن و هەم پاش کاتی دەرکەوتنی ئێلێنۆرا، بۆ یەکەمین جار لەسەر شانۆ، بەخێرایی خۆی پێشان دەدات. کەشوهەوایەکی پڕ لە نیگەرانی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوە، لە کاتێکدا کە شتەکان مامەڵەیەکی پڕ ئاهەنگ و ئاوازەیان لەگەڵدا دەکرێت و ناڕاستەوخۆ ناوی سزا و بەهار و هیوا و ئاوات دەهێنرێت.

ئێلیس: (چڵوچێوی سەر مێزی نانخواردنەکە هەڵدەگرێت و دەیخاتە پشت ئاوێنەکەوە.). کۆترەکە چڵەزەیتوونی پێ نەبوو... چڵی سپیداری پێ بوو!
(دەچێتە دەرەوە.).

ئێلێنۆرا: (لە بەشی پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە؛ کچێکی شانزە ساڵان، قژی کردووە بە پرچ و بەسەر پشتیدا هاتوونەتە خوارەوە. ئینجانەیەکی هەڵگرتووە، کە چڵێک نێرگزە کێوی تێدایە. بەبێ ئەوەی سەیر بکات، یا وا پێشان بدات کە



بێنیامینی بینیوە، سوراحییەکەی سەر دۆڵابی موبەق هەڵدەگرێت و ئاوی گوڵەکە دەدات، پاشان لەسەر مێزی نانخواردنەکە دای دەنێت و لەسەر یەکێک لە کورسییەکان، بەرانبەر بە بێنیامین، دادەنیشێت؛ لێی دەڕوانێت و لاسایی دەکاتەوە.)

بێنیامین: (بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانێت.).

ئێلێنۆرا: (ئاماژە بۆ نێرگزە کێوییەکە دەکات.). دە...زانیت ئەوە چیـ... یە؟

بێنیامین: (مندالانە و سادە.). لێی ئاسانتر نییە، نێرگزی کێوییە! بەڵام ئەی تۆ کێیت؟

ئێلێنۆرا: (نەرمونیان، بەڵام بە خەمگینییەوە.). وایە، ئەی تۆ کێیت؟

ئەمە چ دەرکەوتنێکی جوانە لەسەر شانۆ! چاومان لەسەر کچ و گوڵەکە، لە ڕێی کردەیەکی شانۆییەوە کە بە خێرایی لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر دەگۆڕێت، گیر دەبێت، کردەیەک کە لە هەمان کاتدا هەم سادە و بەرجەستە و هەم سەیرە و تووشی ڕامانمان دەکات. کە ئێلێنۆرا لاسایی قسە و کردەوەکانی بێنیامین دەکاتەوە و پرسیارەکەی دووبارە دەکاتەوە،_ کاریگەرییەکی سەرنجڕاکێش پەیدا دەبێت: لە لایەکەوە ئێمە دەبین بە شاهیدی بەیەکترگەیشتنی دوو گەنجی پشێو و نیگەران – کوڕێکی نادڵنیا و کچێک کە لە باری هەستەکییەوە شێواوە – لە لایەکی تریشەوە دەبینین چۆن بێنیامین لەسەر سنووری ململانێیەکی بنچینەییە، ڕووبەڕوو لەگەڵ کەسێکدا کە لە هەموو ڕوویەکەوە لە خۆی دەچێت، کەسێک کە تا ڕادەیەک بە

نیازی ئەوەیە جیهانی ئەفسانەییی "هەمیشە تایبەت بە ژنان"ی بە ڕوودا ئاوەڵا بکات، کە دەیەوێت گەرمی و هاندان بۆ کەسێک بهێنێت کە تا ئێستا سەیری جیهانی وەک شوێنێکی ساردوسڕ، میوان نەویست و ترسناک کردووە.

بەڵام ئەگەرچی ئێلێنۆرا پەیامێکی پڕ لە هیوا و ئاواتی سەبارەت بە نوێبوونەوەی بەهارانەی بۆ ماڵی هێیەست لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بەڵام پەیامەکەی جۆرێک لە ئاوازی خەمگینی و دڵتەنگی پێوەیە. هاتنی بەهار تەنیا هەر تا ڕادەیەک دەتوانێت لە توانستی پڕ لە ئێشوئازاری ئەو گەشتە کاتەکییە، – وەک ڕووبارێک لە فرمێسک، کەم بکاتەوە. ئەگەر ئێلێنۆرا پێرسێفۆنەیە، بەڵام بەپێی ئەفسانەی پڕ لە دەنگ و ئاوازەی ستریندبێری، "سۆفیا"یشە، ئەو سۆفیایەی بە سیمای عیرفانیی حیکمەتی یەزدانی دەزانرێت و سزای ئازارچێشتنی، بە هەموو جۆرەکانییەوە، بەسەردا دراوە. ئێلێنۆرا، هەروەها لەگەڵ ئەو کەسانەیشدا کە بەتەواوی لێوەی دوورن: باوکی لە زیندان و خوشکەکەی لە ئەمریکا، ئازار دەچێژێت. نەخۆشییەکەی ئەو، وەک خۆی دەڵێت: "نەخۆشییەک نییە بۆ مردن، بەڵکو نەخۆشییەکە بۆ شکۆمەندیی خوای گەورە و میهرەبان!" لە ژیانی براکەیشیدا، ئەو هەر بە تەنیا خوشکێک نییە کە نەخۆشیی دەروونی هەیە، بەڵکو هەروەها، وەک ستریندبێری لە یەکێک لە نامەکانیدا وەسفی دەکات: "مەسیحە لە نێو ئینساندا". ئێلیس لە بەرەنگاربوونەوەی خوشکەکەیدا دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکانی ئەو شتە ناوەکییانەی هاندەری ئەهاسڤیروس بوون: ئەو پیاوەی کە هەوڵی نکوڵیکردن لە داوا و پەیامی ئەو مەسیحە دەدات، کە لە ناخی خۆیدا هەڵی گرتووە.



ناوی ئێلیس، شێوەی سویدی ناوی "ئێلیشا"یە کە لە "ئینجیل"دا هەیە، ئێلیشا؛ ئەو پیاوەی کە ئێلیا عەباکەی خۆی پێ دەبەخشێت، وەکو هێمایەک بۆ بانگ و ئەرکی پەیامبەر، بەڵام هەروەها وەک هێمایەک بۆ لەش، بە زمانی گنۆتی،[١٥] وەک پۆشاکێک کە لەش دادەپۆشێت و دەبێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان، بگۆڕدرێتەوە و لە شێوەیەکەوە بگۆڕدرێت بۆ شێوەیەکی تر. ئەوەی کە ستریندبێری لە مانای دووانەیی ئەم وشەیە ئاگادار بووە بەڕوونی لە نامەیەکدا بۆ تۆشتن هێدلوند،[١٦] ساڵی ١٨٩٦، دەردەکەوێت: "بەراوردی: عەباکەی ئێلیا! کراسەکەی نێسوس! بکە." ئەو نرخە هێماییانەی کە بەو عەبایەوە پێوەستن لە جەژنی هەڵسانەوەدا، وەک بانگ و پۆشاکەکەیش وەک بارگرانی لە پاڵتۆکەی ئێلیسدا پێشان دەدرێن. لە یەکەمین دیمەنی دراماکەدا ئێلیس دەبینین پاڵتۆکەی دادەکەنێت و هەڵی دەواسێت. "... دەزانیت، ئەم پاڵتۆیە هێندە قورسە – "لە نێو دەستیدا دەیکێشێت." – وەک ئەوەی هەموو ئەرک و بارگرانییەکی زستانی هەڵمژیبێت، ئارەقەی پشێوی و تەپوتۆزی قوتابخانەیش لەولاوە بوەستێت... ئاخ!" کاتێک ئێلێنۆرا پاڵتۆکە دەدات بە ئێلیس، بە نەرمونیانییەوە دەست بە قۆڵەکەیدا دەهێنێت و دەڵێت: "نەگبەتی کلۆڵ، ئێلیس!" هێیەست خان ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت: "وتم، ئەو پاڵتۆیە نابێت بەوێدا هەڵواسرێت!" بۆ ئەو ئەوە دەربڕینێکە بۆ چەند حەقیقەتێکی ناخۆش کە پڕ بە دڵ دەیەوێت لە بیریان بکات.

ئەوەی کە ناوی ئێلیس وا لە کەسێک دەکات بیر لە ئێلیشا و ئێلیا بکاتەوە، هەر هەمان شتە کە بیری ئەو کەسە بەرەو لای هێلیۆس؛ خواوەندی خۆر لە یۆنان، دەبات. هەروەها ئەگەر هاتنی بەهار،

ئاماژەیە بە گەڕانەوەی پێرسێفۆنە، ئاماژەیشە بۆ گەڕانەوەی هێلیۆس.

ئێلیس: ... تۆ سەیرکە! خۆریش گەڕاوەتەوە... مانگی یانزە ئاوا بوو، ئەو ڕۆژەم لە بیرە کە لە پشت خانووی بیرە دروستکردنەی ئەوبەری جادەکەوە ئاوا بوو... ئوهـ! لە دەست ئەم زستانە! لە دەست ئەم زستانە دوورودرێژە!

نەختێک دواتر مانگیش دەردەکەوێت و خۆی دەناسێنێت.

ئێلێنۆرا:... بێنیامین، بڕۆ و پەردەکان لادە، دەمەوێت، خوا بمانبینێت! (بێنیامین هەڵدەستێت و بە گوێی دەکات، تریفەی مانگ دەکەوێتە سەر ژوورەکە.). مانگی چواردە دەبینیت! ئەوە مانگی جەژنی هەڵسانەوەیە! ئێستایش دەزانیت، ئەگەرچی تریفەی مانگەشەوە، بەڵام خۆر هەر ماوە و لە جێی خۆیەتی!

لە هەندێک لە ئەفسانەکاندا پێوەندیی خزمایەتیی برا-خوشک لە نێوان خۆر و مانگدا هەیە و باسی لێوە دەکرێت و لە کیمیاگەریی کۆنیشدا ئەو زانستە پڕ لە ڕاز و نهێنییەی کە ستریندبێری بەتەواوی لە سەروبەندی گێرمەوکێشەی خەریکبوون بە نووسینی "ئینفێرنۆ"وە[١٧] پێوەی خەریک بوو دووانەی نێر و مێ لە یەک لەشدا یا "ڕێبیس"[١٨] دەهێنرێتەوە، کە بوونەوەرێکی تێکەڵ و گیراوەیەکە لە دژبەیەکەکان و کۆتاییی ئەو پەژارە و دڵتەنگییەش هەیە کە دەرئەنجامی جیابوونەوەی دوو ڕەگەزی بەرانبەر بە یەکن. بینینی ستریندبێری بۆ چەمکی دووانەی توخمی نێر و مێ لە یەک لەشدا، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، لە نامەکانیدا، کە تێیاندا ناوی دووانیان



کە نموونە بوون بۆ خوڵقاندنی کەسایەتیی ئێلێنۆرا و سوودی لێ وەرگرتوون، باسیان لێوە دەکرێت. نموونە ڕاستەقینەکەیان کە لە ژیاندا بووە، "ئێلێسابێت"ی خوشکی خۆیەتی کە نەخۆشیی دەروونی هەبووە و، ژیانی بە شێوەیەکی زۆر سەیر پێوەست بووە بە ژیانی ستریندبێری خۆیەوە و لە نامەیەکدا بۆ "هەرییەت بۆسە"، مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٠٤، دەنووسێت: "من و ئەو "=ئێلیسابێت" وەک دووانەیەک وا بووین.". نموونەکەی تر بۆ کچەکەی "جەژنی هەڵسانەوە"، کە لە ئەدەبیاتی پێش ستریندبێری خۆیدا هەبووە و ئەم سوودی لێ وەرگرتووە، "سێرافیتا"ی کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکەی "بەلزاک"ە،[١٩] کە ئەمیش نموونەیەکە لە دووانەی نێر و مێ لە یەک لەشدا، کە باوک و دایکی دوو لە شاگردەکانی سوێدنبۆری[٢٠] بوون. لە نامەیەکیدا بۆ "هەریەت"، ١٩٠١، کە تێیدا درامای "جەژنی هەڵسانەوە" ڕوون دەکاتەوە، ناڕاستەوخۆ ناوی ئەوە دەهێنێت کە:

"... خزمەکەی ئێلێنۆرا؛ سێرافیتا سێرافیتوس، ئەو فریشتەیەی کە باوەڕی بە هەبوونی خۆشەویستی لەسەر زەوی نییە، لەبەرئەوەی کە ئەو؛ وەک مێ-نێر، بریتییە لە هێمای مرۆڤی نموونەیی باڵا و تەواوپێگەیشتوو، کە بە زۆری تارماییی ئەو باڵی بەسەر ئەدەبیاتی نوێدا کێشاوە و هەندێک کەسیش پێیان وایە کە بە ڕێوەیە بۆ ئەوەی دابەزێتە سەر زەوی."

ئەم چەمکی دووانەی نێر و مێیە لە یەک لەشدا لە پێوەندیی نێوان ئێلیس و ئێلینۆرادا یارمەتیمان دەدات تا ئەو شێوە جیاوازانەمان بۆ ڕوون ببێتەوە کە تێیاندا کارەکتەرەکان دەبن بە تەواوکەری یەکتری. دوور لەو بەرزی و نزمییەی لە نێوان پیاو-ژن، برا-خوشک، خۆر-

مانگدا هەیە، ئێلیسی مامۆستایشمان هەیە، کە بە ژیانی تێگەیشتن و ڕووناکبیرییەوە پێوەستە و ئێلینۆرایشمان هەیە؛ ئێلینۆرای نەگبەت و کلۆڵ، کە بە نائەقلانی و جیهانی تاریکونووتەکی ناهۆشیارییەوە پێوەستە. ئێلیس لە گەڕانەوەی ئەو لە نەخۆشخانەوە دەترسێت، بەڵام نایشتوانێت لە دژی ئەوە بوەستێتەوە کە ئەو "=ئێلێنۆرا" بەشێکە لە ئەم "=ئێلیس". لە یەکترچوونی ئەمان لە وەسفکردنی کچەکەوە بۆ براکەی وەک "تاکە هاوڕێ لەسەر زەوی"  زیاتر دەردەکەوێت.

دایک، خۆشەویست و خوشک/دووانەی نێر و مێ لە یەک لەشدا – ئێلیس دەبێت لەگەڵ هەریەک لە سەروسیمای ئەوەی تاهەتایە تایبەت بە ژنانە بگاتە ئەنجام، بەڵام هەروەک شانۆنامەی "بەرەو دیمەشق" ئەو کەسایەتییەی کە باڵادەستە و داوای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی دەکاتەوە نێرینەیە؛ دەسەڵاتی باوکانەیە و لە کۆتاییدا دەبێت پاڵەوانی دراماکە، لە بەرانبەریدا ڕووبەڕووی ئەو بەرپرسیارێتییە ببێتەوە کە خراوەتە ئەستۆی. وەک چۆن "نەناسراوەکە" و "ژنەکە" لە شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق)دا بە بەبیرهێنانەوەی "دوکتۆرەکە" سەخڵەت و تووشی هەڵچوون دەبن، ئاوهایش خێزانی هێیەست، بەردەوام، بەو بیروبۆچوونانە سەخڵەت دەبن کە سەبارەت بە هاتنی لیندکڤیست، هاتنێک کە ترسوبیمی خستۆتە دڵیانەوە، هەیانە و لیندکڤیست لە دیمەنی دووەمدا لە تەنیشت چرای سەر جادەکەوە وەستاوە و لە کاتێکدا کە بەرەو ماڵەکە دەڕوات، تارماییەکی زۆر گەورە دەخاتە سەر پەردەی پەنجەرەکان کە بەتەواوی کاریگەری لەسەر هەموویان دەبێت.

ڕێک وەک درامای "بەرەو دیمەشق" دیسان ڕووبەڕووبوونەوەی



دایکە، کە کەسی سەرەکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی باوک ئامادە دەکات. هێیەست خان، لەم ڕووەوە، دوو ئەرکی هەیە: یەکەمیان؛ بەوەی کە تاوانی مێردەکەی قەبووڵ دەکات و سەرلەنوێ لەگەڵ کچەکەیدا یەک دەگرنەوە، بەتەواوی ئەو گرژوتیژییە دەڕوێنێتەوە کە باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشاوە. دووەمیشیان وەڵامی گرینگ لە بەرانبەر پرسیاری ئێلیسدا دەداتەوە، کە چۆن ئێشوئازاری خێزانەکە، ئاخرێکەی، کۆتایی هاتووە:

ئێلیس: چڵوچێوەکان فڕێدەینە ناو ئاگرەکەوە؟

هێیەست خان: هێشتا نا! نەختێکی ماوە!

ئێلیس: ئەوە لیندکڤیستە؟

هێیەست خان: لە دەرەوە وەستاوە!...

ئێلیس لە مەسەلەکەی خۆی دڵنیایە، و هێیەست خانیش ئاگەداری دەکاتەوە: "...ئا، خۆت دەزانیت، کە لەخۆڕازییان بەرەو کوێ دەڕۆن!" ئا لێرەدا ئاگەداری دایکەکەی "بەرەو دیمەشق"مان بە بیردا دێتەوە کە دەڵێت: "دەبێت لە لەخۆڕازیبوون کەم بکریتەوە!"

لیندکڤیست؛ کەسایەتییەکی دڵگیری سەیر و شێواوی هونەری، وەک هاروهاجێکی یەکێک لە ڕۆمانەکانی "دیکنز"[٢١] وایە و هاتنە سەر شانۆی تێکەڵەیەکە لە تۆقین و بێ مانایی. ستریندبێری دەیزانی کە ئەو کەسایەتییە بێ گێرمەوکێشە نابێت، کە هەبوون و ئامادەیی ئەو دراماکەی لە سنوورەکانی شانۆگەریی گاڵتەوگەپ نزیک دەخاتەوە، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە نابێت ئەکتەرێکی کۆمیدی ڕۆڵی لیندکڤیست ببینێت.

(لیندکڤیست لە دەستەڕاستەوە دێتە ژوورەوە. پیاوێکی بەتەمەنی جددییە و سەروچاوێکی ترسناکی هەیە. قژی ماشوبرنجییە و تۆپەڵە قژێکی دەستکرد بە تەپڵی سەرییەوەیەتی و قژی سەر گوێیەکانی چڕوپڕن. برۆکانی چڕوپڕ و ڕەشن. لاجانەکانی ڕەش و کورتن. چاویلکەیەکی ڕەشی خڕی لە چاودایە. زنجیری سەعاتەکەی بە گەوهەری سوور ڕازێنراوەتەوە و گۆچانێکی ئیسپانیایی بە دەستەوەیە. جلوبەرگی ڕەشی لە بەردایە و پاڵتۆیەکی چەکوری بەسەردا لە بەر کردووە، شەپقەکەی بە دەستییەوە گرتووە، جزمەی چەرمی لە پێدایە و بەسەریاندا پێلاوی چەرمی هەڵکێشاوە کە جیڕەجیڕ دەکەن. کە دێتە ژوورەوە، بە مڵومۆوە لە ئێلیس دەڕوانێت و ڕاوەستاوە.).

تۆپەڵە قژێکی دەستکرد بە تەپڵی سەرەوە و سەروچاوێکی ترسناکی جددی، خوامان بە بیردا دەهێنێتەوە لە کایەی خوڵقاندنی دنیادا، ئەو خوایەی کە، وەک "موساکەی میکایل ئەنجیلۆ"،[٢٢] قۆچی هەیە، بەڵام هەروەک "دوکتۆرەکە"ی "بەرەو دیمەشق" ئەم کەسایەتییە لە خواچووە دەستی لە هاویشتنی برووسکە هەڵگرتووە، زۆربەی ددانەکانی کەوتوون و وەڕەوەڕیشی زیاتر بۆ خۆشییە، نەک بۆ تۆقاندن. "... دەزانن من کێم؟... (دەنگی خۆی گڕ کردووە). من دێوەکەی کێو و بەندەنانم، ئەوەی منالان دەترسێنێت! هوو! هووووو!..." ترسی کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکە، هەروەک لە زۆر لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی تریشدا هەیە، لە بەیەکترگەیشتن تۆقینەرترە وەک لە بەیەکترگەیشتنەکە خۆی. لێندگڤیست هۆیەکی چاکی بۆ تۆڵەسەندنەوە بە دەستەوەیە، بەڵام لە تۆڵەسەندنەوە ناگەڕێت، بەڵکو



بەپێچەوانەوە ئاماژە بە شێوەیەک دەکات تا پاڵەوانی دراماکە_ بتوانێت لە ڕێی ئەو شێوەیەوە خۆی لەو بازنەی گوناە_ و پەژارە_ و خەمینییە ڕزگار بکات کە تێی کەوتووە و بە دەستییەوە دەناڵێنێت. ئێلیس هێشتا وانەیەکی قورسی ماوە فێری ببێت: دەبێت لەوە تێ بگات کە پێویستی بە میهر و بەزەییی فریادڕەسانەی خۆشەویستییە، ئەو میهر و بەزەییەی کە لە دەستی داوە و هەروەها پێویستی بەوە هەیە سەر بە مەیلی بەخۆوەنازین و خۆبەشتزانینی نەوی بکرێت.

ئێلیس: بۆ ئەم کاغەزە نادەیتە دەست گیانکێشەکان، تا هەر هیچ نەبێت ئەم گیانکێشانە پڕ لە ئازار و درێژخایەنەمان لە کۆڵ ببێتەوە؟

لوندکڤیشت: هەر ئاوها! کوڕی گەنج!

ئێلیس: گەنج یا نا، داوای هیچ بەزەییەکت لێناکەم و تەنیا داوای دادوەری دەکەم!

لوندکڤیست: ئاوها! داوای بەزەیی ناکەیت! بەزەییت ناوێت!...

دەنگی ئێلیس وەک دەنگی "نەناسراوەکە" دێتە بەرگوێ کە میهرەبانی و بەزەیی ئەبەس "=سەرەک دێری ئافرەتانی ڕەبەن" ڕەت دەکاتەوە. بەڵام ئەو بەڵگەیەی بە دەست لیندکڤیستەوەیە – جارێک بۆ قایلکردن و جارێک بۆ ناچارکردن ـ ڕکەبەریی ئێلیس دەتوێنێتەوە و وای لێ دەکات هەم لەگەڵ کریستینا و هەم لەگەڵ پێتروسیش بە ئەنجامێک بگات. لێندکڤیست ئاماژە بەوە دەکات کە خێزانەکەی بە دەست ئەوەوە کە هێیەست پارەوپوولی ئەوان و خەڵکی تریشی پەرشوبلاو کردووەتەوە، تووشی ئێشوئازار و گیروگرفت بووە و

ئاماژەیش بەوە دەکات کە ئێلیس لەوەیە کە بە هۆی سەرسەختی و گیریی خۆیەوە هەم دایک و هەم خوشکەکەیشی بکات بە قوربانیی بەخۆدانازینی خۆی. سەرکەوتنی کۆتاییش لەوەدایە کە لیندکڤیست بە داوایەکەوە بۆ لەناوبردن نەهاتووە، بەڵکو بە دیارییەکی تەواوەوە بۆ چاککردنەوەی ئەو بارەی تووشی خێزانی هێیەست بووە، هاتووە. لەگەڵ ئەوەیشدا کە باوکی ئێلیس سووکایەتی پێ کردووە و ناعادیلانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووە، بەڵام هەر ئەویش بووە کە چل ساڵێک لەوەوبەر تەنیا کەسێک بووە لەو شارەدا کە لە کاتی تەنگانە و لێقەوماندا یارمەتیی داوە. دەرئەنجامی ئەم دڵنیاوایییەیشی بەوە دەگات کە لیندکڤیست دەست لە داواکەی هەڵدەگرێت و دەیبەخشێت؛ ئەو دیارییەی کە ئەو لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، دیاریی لێبووردنە و لەگەڵ ئەوەیشدا دیاری ئاشتبوونەوەیە. "چاوت لێیە، دەبینیت کە بەزەیی و میهرەبانییەک هەیە لە دژ و، بگرە لە سەرەوەی، مافەوە دەوەستێت!... ئا ئەوەیە بەزەیی!"

ئەگەر چوونیەکی لە هەندێک ڕووەوە لەم دراماى ئێشوئازارەدا ئاشکرایە و هەر زۆر بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێت یا هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نییە، ناتوانرێت نکوڵی لەو هێزە ساویلکانەیەی کۆتاییەکەیشی بکرێت و دژی بوەستڕێتەوە کە خۆیان لەو دیارییانەدا پێشان دەدەن کە هەردوو فریشتەکان؛ ئێلێنۆرا و لیندگڤیست، لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێنن. وەک چۆن لیندکڤیست لێبووردن لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئێلێنۆرایش توانستێکی بێ سنوور لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت بۆ هەڵگرتنی ئێشوئازار تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێت لە بارگرانیی ئەوانی تر سووک بکات. ئێلێنۆرا "سۆفیا"یە، هەم قوربانی و هەم فریادڕەسە



لە هەمان کەسدا. ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمین جار، ١٩٠١/٤/٤، دراماى (جەژنی هەڵسانەوە" خرایە سەر شانۆ، ستریندبێری لە نامەیەکدا بۆ "هەریەت بۆسە" ئاماژە بە هەموو لایەنە پێکهێنەر و بنچینەییەکانی ئاشتبوونەوە دەکات و دەڵێت: "باوکە وێڵ و ونبووەکە دەبێت بۆ مناڵەکانی نمایش بکرێت، تۆیش شەرەفی ئەوەت پێ دراوە سەرلەنوێ ئەو پێوەندییەی نێوانیان بخوڵقێنیت"

پەیمانی نواندنی ئەم ئێشوئازارە، گەڕانەوەی پێرسێفۆنە، حیکمەتی سۆفیای خەمگین، چاولێپۆشین و لێبووردنی ئەو کەسەی داوای قەرزەکانی دەکاتەوە و توانستی تازە بەئاگاهێنراوەی ئێلیس کە باوەڕ بە خۆشەویستی و میهر و بەزەیی بکات لەگەڵ پەیمانی "جەژنی هەڵسانەوە"دا لە بەهاردا لەگەڵ یەکتردا دێنەوە و دەگونجێن. هەندێک لە وردەکارییەکانی دراماکە چەندیش ناسروشتی بێنە بەرچاوان، کۆتایی و لە بەریەکهەڵوەشاندنەکەی فرمێسک بە چاودا ناهێنێت. هەموو ئەندامانی خێزانی هێیەست مافی ئەوەیان هەیە و شایانی ئەوەن کە، بەرەو ڕووناکی، پشت لە تاریکی بکەن.

پەراوێزەکان:

(١) بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، پێرسێفۆنەی خواوەند، کچی خواوەندان دێمێتێر و زیوسە. چیرۆکی پێرسێفۆنە باس لە باوەڕی یۆنانییەکان دەکات سەبارەت بە چۆنیەتیی پەیدابوونی وەرزەکانی ساڵ: ڕۆژێک کە پێرسێفۆنە لەگەڵ هاوڕێیەکانیدا لە مێرگێکدا خەریکی گوڵچنینەوەیە، هادێس؛ خواوەندی مەرگ، لە ژێرزەوییەوە دەردەکەوێت و چاوی بە پێرسێفۆنە دەکەوێت. ئیتر دڵی پێیدا دەچێت، لەبەر ئەوە بڕیار دەدات بیکات بە ژنی خۆی، دەیفڕێنێت و لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ ژێر زەوی. ئەمجا دێمێتێری دایک بە دوای کچەکەیدا دەگەڕێت، بەڵام لە گەڕانی بێهوودەی خۆیدا ئەرکەکانی خۆی بەرانبەر بە پیت و داهات لە بیر دەکات و دەرئەنجام هەرچی شینایی سەرزەوییە وشک دەبێت و گیانەوەران و خەڵک تووشی برسێتی دەبن. هەربۆیە لە ئەنجامدا، زێوس، کە گوێی لە داوا و پاڕانەوەی خەڵکی بێچارە و هیوابڕاو دەبێت، بڕیار دەدات چارەیەک بدۆزێتەوە. زێوس دەزانێت کە ئەگەر بێت و دێمێتێر کچەکەی خۆی دەست نەکەوێتەوە، ئیتر هیچ شتێک لەسەر زەوی ناڕوێتەوە و ئاکام هەموو شتێک دەمرێت، بۆیە فەرمان بەسەر هادێسدا دەدات کە پێرسێفۆنە بەرەڵا بکات تا بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی. بەڵام پێرسێفۆنە لەلایەن مێردەکەیەوە فریو دراوە و بە ڕێگەوە بەرەو ژێرزەوی لە هەنارێکی خواردووە و ئەمەش ناچاری کردووە لە ژێرزەویدا بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر کەسێک جارێک لە جاران لە خواردنی مردووان بخوات، ئیتر هەرگیزاوهەرگیز ناتوانێت خاکی ئەوان بە جێ بهێڵێت. بۆ ئەمەیش زێوس بەناچاری پێشنیاز دەکات مانگەکانی ساڵ لەگەڵ ئەو دەنکە هەنارانەدا بەرانبەر بکرێت کە پێرسێفۆنە خواردونی و هێندەی ئەوانیش لەگەڵ دێمێتردا بمێنێتەوە. واتە: نۆ مانگ لەگەڵ دێمێتری دایکیدا لەسەر زەوی و سێ مانگیش لە خاکی مردوواندا. بەو پێیە کاتێک کە پێرسێفۆنە لە ژێرزەوییەوە دێتە سەرزەوی دەبێت بە بەهار و هاوین، بەڵام کە ناچار دەبێت بۆ خاکی مردووان بگەڕێتەوە، سەرزەوی ساردوسڕ دەبێت و شینایی نامێنێت. ئەمەیش ئاماژەیە بۆ خەمباریی دێمێتر بەرانبەر بەوەی کە سێ مانگان کچەکەی خۆی لێوە دوورە.



پێرسێفۆنە لە ئەفسانەی ڕۆمانیشدا هەیە، بەڵام ناوی پرۆسێرپینایە.

(٢) شارێکە لە باشووری سوید.

(٣) بەرەو دیمەشق، یەکێکە لە دراما بەناوبانگەکانی ستریندبێرگ. نەناسراوەکە، ژنەکە و دوکتۆرەکە، کە لەم پێشەکییەدا ناویان دەهێنرێت، سێ لە کاراکتەرەکانی ئەو درامایەن.

(٤) باوک، یەکێکی تر لە دراما بەناوبانگەکانی ستریندبێرییە.

(٥) هێورێسیس، وشەیەکی یۆنانییە و بە مانای یەککگرتنەوەی دایک و کچ، دوای لێکدابڕانێکی کاتی، دێت.

(٦) پوبلیوس ئۆڤیدیوس ناسۆ، شاعیرێکی ڕۆمانی بووە و لە نێوان ساڵانی ٤٣ی پێش زاین و ١٧ و ١٨ی پاش زاین ژیاوە. لە سولمۆ ژیاوە و لە تۆمیس مردووە.

(٧) لێرەدا جیاوازییەک لە نێوان چیرۆکەکاندا _ بڕوانە: چیرۆکی یەکەم لە پەراوێزدا و چیرۆکی دووەم لە پێشەکییەکەدا – لەبارەی پیرسێفۆنەوە هەیە، بەڵام لە هەردووکیاندا پێرسێفۆنە خەریکی گوڵچنینەوەیە.

(٨) لێرەیشدا جیاوازییەک لە ژمارەی مانگەکاندا هەیە. لە چیرۆکی یەکەمدا _ بڕوانە: چیرۆکی یەکەم لە پەراوێزدا و چیرۆکی دووەم لە پێشەکییەکەدا _ ژمارەی مانگەکان نۆن و لە هیی دووەمدا هەشت مانگن.

(٩) خاما؛ کچ عازەو، کیژێ کە وەختی شووکردنی هاتگە. بڕوانە: فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە، هەژار، ل٢٣٨

(١٠) ئەو ناو و پاشناوانەی لێرەدا باسیان لێوە دەکرێت، یا لە ناوێک یا لە ناوێکی لێکدراو پێک هاتوون و لە هەموویشیاندا وشەیەک یا زیاتر هەیە کە بەرانبەرە لەگەڵ ڕووەکێک یا ناوی بەشێکی ڕووەک؛ وەک گەڵا، چڵ و... هەروەها.

(١١) شابیزەک، "فارسی"، ڕووەکێکی زۆر ژەهراوییە.

(١٢) سڕکەر، بەنگ، بە لاتینی hyoscyamus niger و بە ئینگلیزی henbane_ یا stinking nightshade و بە سویدی bolmörtی پێ دەڵێن و ڕووەکێکی ژەهراوییە.

(١٣) هەرییەت سۆفی بۆسە، گۆرانیبێژ و ئەکتەری شانۆ، لە ١٨٧٨/٢/١٩ لە

کریستینیا "ئۆسلۆ" لە نەرویج لە دایک بووە و ١٩٦١/٩/٢ لە ئۆسلۆ مردووە. لە ساڵی ١٩٠١دا شووی بە ستریندبێری کردووە و چەند ساڵێک پێکەوە ژیاون و پاشان جیابوونەتەوە.

(١٤) میرسێیا ئێلیادە، Mircea Eliade، لە ١٩٠٧/٣/١٣ لە بوخارست، ڕۆمانیا، لە دایک بووە و لە ١٩٨٦/٤/٢٢دا لە شیکاگۆ، ئیلینۆیس، ئەمەریکا، مردووە. هەم نووسەر و هەم مێژوونووسی ئاین بووە و لە بوخارست فەلسەفە و پاشان سانسکریت و فەلسەفەی لە کەلکوتا خوێندووە. دوای جەنگی دووەمی جیهان لە پاریس نیشتەجێ بووە و لە زانکۆی سۆربۆن زانستی ئاینی وتووەتەوە و لە ساڵی ١٩٥٦ بە میوانی بۆ وانەوتنەوە بۆ زانکۆی شیکاگۆ بانگ دەکرێت و دوو ساڵ دوای ئەوە، هەر لەوێ، دەبێت بە پرۆفیسۆری مێژووی ئاین.

(١٥) گنۆستیسم، ئاینێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو تەوژمێکی بیریی ڕوحانییە. گنۆستیسمی مەسیحی، لە نێوان ساڵانی ٦٠ تا ١٦٠ی پاش زاین گەیشتە ترۆپکی خۆی. هەر لەو سەروبەندەیشدا ژمارەیەک لە گرۆ ئاینییەکانی سەر بەو ڕێبازە جۆری لێکدانەوەی تایبەتی خۆیان پێکهێنا کە زۆر جیاوازتر بوون لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانی کڵێسای مەسیحی. ڕەگوڕیشەی گنۆستیسم دەگەڕێتەوە بۆ سۆفیەتی یەهودی، فارسی و هێلێنسی.

(١٦) یەکێک لەو کەسانە بووە کە لەگەڵ ستریندبێری نامەیان بۆ یەکتر نووسیوە.

(١٧) وشەکە لاتینییە و بە مانای دۆزەخ دێت و بە یەکێک لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانی ستریندبێری دادەنرێت.

(١٨) بوونەوەرێکی ئەفسانەییە و گوایا لەشی هەم نێر و هەم مێیش بووە و دوو سەری هەبووە، یەکێکیان سەری ژن و ئەوی تریان هیی پیاو.

(١٩) هۆنۆرێ دۆ بەلزاک، یەکێک لە بەناوبانگترین نووسەرانی فەرەنسایە، لە ١٧٩٩/٥/٢٠، لە تۆرس، لە فەرەنسا، لە دایک بووە و لە ١٨٥٠/٨/١٨دا لە پاریس مردووە. بەلزاک بە یەکێک لە داهێنەرە هەرە بەناوبانگەکانی ڕێبازی ڕیالیزم لە ئەدەبدا دادەنرێت و زیاتر بە کتێبی "کۆمیدیای ئینسانی" بەناوبانگە.

(٢٠) ئێمانۆئێل سوێندبۆرگ، زانایەکی سویدییە، لە ١٦٨٨/١/٢٩ لە ستۆکهۆڵم



لە دایک بووە و لە ١٧٧٢/٣/٢٩دا لە لەندەن مردووە. سوێندبێرگ، بێجگە لەوەی شارەزایەکی زانستە سروشتییەکان بووە، فەیلەسووف، تیۆسۆف، لێکدەرەوەی ئینجیل و سۆفییەکی مەسیحی بووە و بەشی زۆری بەرهەمەکانی بە لاتینی نووسیوە.

(٢١) شارلس جۆن هۆفمان دیکنز، نووسەری هەرە بەناوبانگی ئینگلیز، لە ١٨١٢/٢/٧دا لە پۆرتسمۆس، هامپشیر، لە دایک بووە و لە ١٨٧٠/٦/٩ لە گادس هیل پەلاس مردووە.

(٢٢) یەکێکە لەو پەیکەرانەی کە پەیکەرتاشی بەناوبانگی ئیتالیایی؛ مایکڵ ئەنجیلۆ، لە دەوروبەری گۆڕی یۆلیۆسی دووەم دروستی کردووە. لەم پەیکەرەدا دوو قۆچی لەسەر سەری موسا دروست کردووە.

تێبینی: لە وەرگێڕانەکەدا "دووانەی توخمی نێر و مێ لە یەک لەشدا"م بە کار هێناوە، نەک نێرەمووک! چونکە وشەی نێرەمووک بە هیچ جۆرێک لەگەڵ وشەکانی ناو پێشەکییەکەدا هاوتا، یا بەرانبەر، نییە.

سەرچاوە: هەری جی. کاڵسۆن، ستریندبێری و ئەفسانەکان، بە پێشەکیی ئولوف لاگەرکرانتس، چاپی یەکەم سوید، ١٩٧٩

## جەژنی هەڵسانەوە[١]

### کەسەکان

هێیەست خان.

ئێلیس، کوڕی هێیەست خان، هەڵگری بەڵگەنامەی زانستی، مامۆستا.

ئێلێونۆرا، کچی هێیەست خان.

کریستینا، دەستگیران و مارەبڕاوی ئێلیس.

بێنیامین، خوێندکاری پلەی ئامادەیی.

لیندکڤیست.

### دیمەنی گشت بەشەکان

هەموو بەشی پێشەوەی شانۆ بەرهەیوانێکی بە شووشە تەنراوە و نهۆمی خوارەوەی خانوویەک پێک دەهێنێت، کە لە شێوەی ژوورێکدا بۆ تێدا ژیان ڕێکخراوە. لە ناوەڕاستدا دەرگەیەکی گەورە هەیە کە بەسەر باخچەی بە پەرژینگیراوی خانووەکەدا دەڕوانێت و دەرگەی دەرەوەی دەچێتەوە سەر کۆڵان. لە بەری ئەوبەری شەقامەوە، کە وەک خانووەکە لەسەر بەرزاییەک هەڵکەوتووە، پەرژینی نزمی باخچەیەک دەبینرێت کە بەرەوخوار ڕووەو شار دەبێتەوە. بەشی پشتەوەی شانۆ، لقوپۆی سەوزی دارودرەختی ئەم باخچەیە، لە سەرەتای بەهاردا، پێشان دەدات. بێجگە لەمەیش بورجی کڵێسایەک و لای پانی بینایەکی زۆر گەورە دیارن.



شووشەکانی بەرهەیوانەکە، کە هەموو بەشی پێشەوەی شانۆیان، لە باری پانی، پێک هێناوە، پەردەی قوماشی "کرێتۆن"[٢]ی زەردی کاڵی گوڵگوڵی پێوەیە و دەتوانرێت لا ببرێن و دابدرێنەوە. ئاوێنەیەکی گەورە بە قەراغی پەنجەرەیەکەوە، کە دەکەوێتە لای ڕاستی دەرگەکەوە، هەڵواسراوە و لە ژێر ئەویشدا ڕۆژژمێرێک هەڵواسراوە.

لە لای ڕاستی دەرگەکەی بەشی پشتەوەی شانۆوە مێزێکی نووسین هەیە، کە چەند کتێب، کەرەستەی پێنووسینی وەک پاندان و مەرەکەب و... هتد. و تەلەفۆنێکی لەسەرە. لە لای چەپیشیەوە مێزێکی نانخواردن، ئاگردانێک و دۆڵابێکی مەوبەق دەبینرێت. لە لای ڕاستەوەی نهۆمی یەکەمدا مێزێکی جلوبەرگ دروون هەیە و چرایەکی لەسەر دانراوە. لە تەنیشت ئەوانیشەوە دوو قەنەفەی یەک نەفەری دانراوە. بە بنمیچەکەوە چرایەک شۆڕ بووەتەوە.

لە دەرەوە، لە کۆڵان، چرایەک دەبنیرێت.

لە لای چەپی بەرهەیوانەکەوە دەرگەیەک دەچێتەوە ناو ماڵەکە و لە لای ڕاستیشەوە دەرگەیەک دەچێتەوە سەر موبەق.

ڕووداوەکان باسی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەکەن.

## بەشی یەکەم

ڕۆژی پێنجشەممەی پێش جەژنی هەڵسانەوە[٣]

مۆسیقای بەر لە دەستپێکردنی ئەم بەشە:

**هایدن:**

Sieben Worte des Erlösers

Introduction: Maestoso Adagio

تیشکی خۆر، لە لای چەپەوە، بە خواری دەکەوێتە سەر ژوورەکە و بەر یەکێک لە کورسییەکانی لای مێزی جلوبەرگ دروونەکە دەکەوێت. لەسەر کورسییەکەی تریان، کە هێشتا تیشکی خۆری بەر نەکەوتووە، کریستینا دانیشتووە و خەریکی تێهەڵکێشانەوەی تاڵەکانی چەند پەردەیەکی[٤] سپیی تازە ئوتووکراوە.

**ئێلیس:**

(دێتە ژوورەوە، پاڵتۆ زستانەکەی دانەخستووە، دەستەیەک نووسراوی بە دەستەوەیە و لەسەر مێزی نووسینەکە دایدەنێت. ئەمجا پاڵتۆکەی دادەکەنێت و بە لای چەپدا هەڵی دەواسێت.)
ئێوارەت باش، هاوڕێم!

**کریستینا:**

ئێوارەت باش، ئێلیس.



**ئێلیس:**

(لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێت.) شتەکانی ئەمدیو پەنجەرەکان لابراون؛ ناوماڵ پاک کراوەتەوە، پەردەی پاک... وایە، دیسان بەهارە! ئەوانیش خەریکی پاککردنەوە و هەڵکەندنی شەختەی سەر جادەکانن و سوورەبیی دەوروبەری چەمەکەش گوڵی کردووە... وایە، بەهارە، بەهار... منیش ئیتر دەبێت پاڵتۆ زستانییەکەم هەڵواسم... دەزانیت، ئەم پاڵتۆیە هێندە قورسە – (لە نێو دەستیدا دەیکێشێت.) – وەک ئەوەی هەموو ئەرک و بارگرانییەکی زستانی هەڵمژیبێت، ئارەقەی پشێوی و تەپوتۆزی قوتابخانەیش لەولاوە بوەستێت... ئاخ!

**کریستینا:**

تۆیش ئێستا ئیتر پشووی قوتابخانەت هەیە!

**ئێلیس:**

پشووی جەژنی هەڵسانەوە! پێنج ڕۆژی خۆش، بە تەنیا بۆ خۆت! بۆ ئەوەی تێیاندا هەناسە بدەیت و شت لە بیر خۆت ببەیتەوە! (دەستی بۆ کریستینا درێژ دەکات و پاشان لەسەر قەنەفەکەی تر دادەنیشێت.) تۆ سەیرکە! خۆریش گەڕاوەتەوە... مانگی یانزە ئاوا بوو، ئەو ڕۆژەم لە بیرە کە لە پشت خانووی بیرە دروستکردنەی ئەوبەری جادەکەوە ئاوا بوو... ئوهـ! لە دەست ئەم زستانە! لە دەست ئەم زستانە دوورودرێژە!

**کریستینا:**

(بەسەر ئاماژە بۆ دەرگەی موبەقەکە دەکات) بێدەنگ! بێدەنگ بە!

**ئێلیس:**

بێدەنگ دەبم و دڵشادیش، کە ئیتر بڕاوەتەوە و بەسەرچووە... ئاهـ، لەم خۆرە خۆشە.. (دەستەکانی هەڵدەگڵۆفێت و وا پێشان دەدات کە خۆی دەشوات.) دەمەوێت لەشم لە تیشکی خۆر هەڵکێشم و دوای ئەم چڵکوپیسییە ڕەشە، لە ڕووناکاییدا خۆم بشۆم..

**کریستینا:**

بێدەنگ بە! بێدەنگ!

**ئێلیس:**

دەزانیت چی، پێم وایە، کە ئاساییش دەگەڕێتەوە و نەهامەتییەکانیش ئیتر ماندوو بوون...

**کریستینا:**

بۆ پێت وایە؟

**ئێلیس:**

چونکە هەر نەختێک پێش گەڕانەوەم، کە بە لای کڵێسای گەورەدا تێپەڕ بووم، کۆترێکی سپی لە بەرزییەوە بەرەو شۆستەکە دانەوییەوە و ئەو چڵەی بە دەنووکیشیەوە بوو کەوتە بەر پێی من.

**کریستینا:**

ئەی بینیت! چڵی چی بوو؟

**ئێلیس:**

دیارە چڵە زەیتوون نەبوو، بەڵام پێم وایە کە هێمای هێمنی و ئاساییش بوو و منیش ئێستا لە کامەرانی و هێمنییەکی



گەرمدام... دایکم لە کوێیە؟

**کریستینا:**

(ئاماژە بۆ موبەقەکە دەکات.) لە موبەقە!

**ئێلیس:**

(بێدەنگ، چاوی دەنووقێنێت.) گوێم لە بەهارە! گوێم لێیە کە شتەکانی ئەمدیوی پەنجەرەکان براونەتە دەرەوە ــ دەزانیت ئەمانە لە چیدا دەبیستم؟ ــ لە خڕەی هاتوچۆی پێچکەی فارگۆنەکاندا... بەڵام ئەی ئەمەیان چییە؟ خۆ قوڵتەشینکەش[٥] دەخوێنێت؟ دەنگی بزمار داکوتینیش لەو جێیەی کەشتی لێ دروست دەکرێت دێتە بەر گوێم و بۆنی بۆیەی ڕۆنیش لە کەشتییە هەڵمییەکانەوە و لەو گیراوە سوورەوە کە بە کاری دەهێنن، بەرز دەبێتەوە.

**کریستینا:**

ئا لێرەیشەوە هەستی پێ دەکەیت؟

**ئێلیس:**

ئێرە؟ خۆ ڕاست دەکەیت، ئێمە لێرەین، بەڵام من لەوێ بووم، لەوێ لە باکوور، لەوێ لە ماڵی خۆمان... چۆن بوو هاتین بۆ ئەم شارە نەگریس و ترسناکە، بۆ ئێرە کە هەموو کەس ڕقیان لە یەکترە و هەمیشەیش تێیدا تەنیایت؟ ئا، نان بوو ڕێی بەرەو ئێرەی پێ نیشاندایین ... بەڵام لە تەنیشت نانەوە نەهامەتییەکانیش دانرابوون: هەڵسوکەوتی تاوانکارانەی باوکم و نەخۆشیی خوشکە بچکۆلەکەیشم. بڵێیت دایکم ڕێی پێ درابێت بچێت بۆ سەردانی باوکم لە زیندان؟

**کریستینا:**

تەنانەت لەو باوەڕەدام کە ئەمڕۆیش لەوێ بووە!

**ئێلیس:**

چی وت؟

**کریستینا:**

هیچ؛ باسی ئەوەی نەکرد، باسی شتی تری کرد!

**ئێلیس:**

بەڵام هەر چۆنێک بێت، شتێکمان بە شتێک کردووە، دوای بڕیاری دادگا و پاشان بێدەنگبوونی باس و ڕوونکردنەوەی ڕۆژنامەکان، دڵنیایی و ئارامییەکمان بۆ گەڕایەوە. ئێستایش ساڵێک تێپەڕ بووە و ساڵی داهاتوویش بەر دەبێت و ئیتر دەست پێ دەکەینەوە.

**کریستینا:**

خۆڕاگریی تۆ لە بەرانبەر ئەم هەموو ئازارەدا جێی پەسن و ستایشە.

**ئێلیس:**

نا... ستایشی هیچ شتێکی من مەکە! پەسندانیشی ناوێت! چونکە من هەرچییەک هەمە هەر هەڵەیە! ئەوەتا ئێستا دەزانیت! خۆزگە! بەڵام خۆزگە باوەڕیشت پێ بکردایە!

**کریستینا:**

خۆزگە هەر بە دەست هەڵەکانی خۆتەوە ئازارت بچەشتایە، بەڵام تۆ بۆ خەڵکی تر و لەبریی ئەوان ئازار دەچێژیت!



**ئێلیس:**

ئەوە چی دەدروویت؟

**کریستینا:**

پەردەی موبەق،[٦] خۆشەویست!

**ئێلیس:**

لە تارای بووکێنی دەچێت... کریستینا، ئەم پایزە، دەبێت بە بووکی خۆم، وا نییە؟

**کریستینا:**

با، بەڵام با ئێستا بیر لە هاوین بکەینەوە!

**ئێلیس:**

وایە، هاوین! (دەفتەرێکی چەک هەڵدەگرێت.) تەماشا، پارەیش لە بانکدایە و ئامادەیە! کە قوتابخانەیش تەواو بوو، بەرەو باکوور، بەرەو زێدی خۆمان ــ بەرەو مێلەرێن،[٧] دەکەوینە ڕێ. هێشتا هەموو شتێک لە کۆختەکەی ئەوێماندا لە جێی خۆیەتی، ڕێک وەکو ڕۆژانی منداڵیمان و لە هیچی کەم نییە. سنجوەکانیش[٨] هەر لە جێی خۆیانن، کۆتەرەی داربەڕووەکانیش هەروەها، وەک جاران، لە ژێر شۆڕەبییەکانی سەر کەناردان... ئاهـ، ئەگەر ئێستا هاوین دەبوو، تا خۆمم لە زەریاچەکە هەڵبکێشایە! ئەم ئابڕووچوونەی خێزانەکەمان وا سواری لەش و ڕوحم بووە، کە تاسە و ئارەزووی زەریاچەیەک دەکەم خۆمی تێدا بشۆم، خۆمی تێدا پاک بکەمەوە.

**کریستینا:**

هیچت دەربارەی ئێلینۆرای خوشکت بیستووە؟

**ئێلیس:**

ئا، ئەو بەستەزمانە، نیگەرانە و نامەی وا دەنووسێت کە تێکوپێکیان شکاندووم. دەیەوێت لەوێ ڕزگاری بێت و بێتە دەرەوە، بێگومان بۆ ماڵەوەیش، بەڵام بەرپرسی خانەی چاودێری ناوێرێت بەری بدات، چونکە ڕەفتاری وا دەکات کە ئاکامەکەی هەر بە زیندانی کۆتایی پێ دێت. دەزانیت، جاروبار، هەست بە نەسرەوتیی ویژدان دەکەم؛ جۆرە هەرە ترسناکەکەی نەسرەوتیی ویژدان، چونکە دەنگم خستە پاڵ دەنگی ئەوانەی کە دەیانوسیت لەوێ وەربگیرێت.

**کریستینا:**

خۆشەویست، تۆ بۆ هەرشتێک و لە هەرشتێکدا هەر لۆمەی خۆت دەکەیت، بەڵام ئەوەیش لە بیر مەکە کە لەم حاڵەتەیاندا چاکەت لەگەڵ کرد تا ئەو چاودێرییە بە دەست بهێنێت کە ئەو بەدبەختی کڵۆڵە پێویستی پێی بوو.

**ئێلیس:**

ئەوەی دەیڵێت ڕاستە و لەو باوەڕەیشدام کە هەروایش بمێنێتەوە بۆ هەموو لایەک هێمنترە. ئێ، خۆ ئەو لەوە باشتری دەست ناکەوێت! کاتێکیش کە بیر لەوە دەکەمەوە کە چۆن لە نێوماندا دەهات و دەچوو و سێبەری شادی بەسەر هەموو شتێکی بێ بایەخ و بچووکدا دەدا، کە چۆن چارەنووسی وەک مۆتەکەیەک سواری شانمان بووبوو، باری گران کردبووین و دەیبردین بە ناخی زەویدا، کە چۆن تا ڕادەی بێهیوایی ئازاری دەداین، وام لێ هاتووە هێندە خۆویست بم کە هەست بە بارسووکییەک بکەم لە شادی بچێت. گەورەترین بەدبەختیش لە



ئێستا بۆ من ئەوەیە کە ببینم لەو دەرگەیانەوە بێتە ژوورەوە. هێندە خراپم لێ بەسەر هاتووە!

**کریستینا:**

تۆ، وەک مرۆڤێک، هەر ئەوەندەت لە دەست دێت!

**ئێلیس:**

هەر بە هەمان شێوەیش... ئازار دەکێشم، ئازار دەکێشم کە بیر لە کوڵ و نیگەرانیی ئەو و ئەو حاڵەتە سەیروسەمەرەیە دەکەمەوە کە خۆمی تێدا دەبینمەوە!

**کریستینا:**

وا پێدەچێت هەندێک کەس بۆ ئازارچەشتن لە دایک بووبن...

**ئێلیس:**

نەگبەت خۆت، کە تووشت بوو بە تووشی ئەم بنەماڵەیەوە، وەک ئەوەی هەر لە سەرەتاوە سزا درابیت.. نەفرەتیشت لێ کرابێت!

**کریستینا:**

ئێلیس! خۆ تۆ نازانیت ئەمە تاقیکردنەوەیە، یان سزا!

**ئێلیس:**

بۆ تۆ چییە و چ مانایەکی هەیە، نازانم! چونکە تۆ هیچ گوناهێکت بەرانبەر هیچ کەسێک نەکردووە!

**کریستینا:**

بەیانیانی شیوەن و گریان، ئێوارانی شادمانین! ئێلیس، ڕەنگە بتوانم یارمەتیت بدەم لەمە ڕزگارت بێت...

**ئێلیس:**

تۆ بڵێیت، دایکم ملپێچێکی سپی هەبێت؟

**کریستینا:**

(پشێوە.) دەچیتە دەرەوە؟

**ئێلیس:**

دەچم بۆ خواردنی ئێوارە. دوێنێ، وەک خۆیشت دەزانیت، پێتروس، بەرگری لە نامەی دوکتۆراکەی کرد و بۆ ئەمڕۆیش خەڵکی بۆ نانی ئێوارە بانگ کردووە.

**کریستینا:**

دەتەوێت بچیت بۆ ئەو بانگهێشتنە؟

**ئێلیس:**

مەبەستت لەوەیە نەچم، چونکە قوتابییەکی تا بڵێیت بێ ئەمەک، یەکێک لە بێ ئەمەکترین قوتابییەکانم، دەرچوو بەرانبەر بە من.

**کریستینا:**

من ناتوانم نکوڵی لەوە بکەم، کە بێ ئەمەکیی ئەو منیشی تووڕە کرد، لە کاتێکدا ئەو پەیمانی دابوو تەنیا چەند برگەیەک لە نامەی دوکتۆراکەی تۆ بهێنێتەوە و هیچی تر، کەچی سەرلەبەری بە تاڵان برد، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکات.

**ئێلیس:**

ئۆهۆو! ئەمە هەر زۆر باو و ئاساییە و منیش لە هۆشی خۆمدا دڵشادم بەوەی کە "ئەمە من کردوومە و کەسی تر نا."

**کریستینا:**

بەڵام تۆیشی بانگ کردووە؟

**ئێلیس:**

ڕاست دەکەیت، نا بانگی نەکردووم. ئەمەیش تا بڵێیت شتێکی



سەیرە، چونکە ئەو بە درێژاییی چەندین ساڵ قسەی سەر و بنی زمانی هەر باس باسی ئەم خواردنی ئێوارەیە بووە، ڕێک وەک ئەوەیش من یەکێک لە بەشدارانی ئەو بانگهێشتنە بم، ڕێکوڕەوان لەگەڵ خەڵکانی تردا باسم کردووە. خۆ ئەگەر ئێستاکە وا بێت و من بانگ نەکرابێتم، ئەوا ڕوون و ئاشکرا دیارە کە سووکایەتیم پێ کراوە. بە خوا جوانە! ئەمە یەکەم جار نییە و دوایین جاریش نابێت!

(پشوو.)

**کریستینا:**

چی بوو بێنیامین هەر نەهاتەوە! تۆ بڵێیت لە تاقیکردنەوەکەیدا سەرکەوتوو بووبێت؟

**ئێلیس:**

هیوادارم و بەوپەڕی دڵنیاییشەوە سەرکەوتوو دەبێت، پلەی هەرە باشیش لە زمانی "لاتین"دا بە دەست دەهێنێت.

**کریستینا:**

بێنیامین کوڕێکی خراپ نییە!

**ئێلیس:**

هەر زۆریش باشە، بەڵام زۆر بیر دەکاتەوە. خۆیشت دەزانیت بۆ لێرە لە ماڵەکەی ئێمەدا دەژی؟

**کریستینا:**

ئایا لەبەرئەوەی...

**ئێلیس:**

لەبەرئەوەی... باوکم هەرچی پارەوپوولێک کە بۆ بێنیامین

تەرخان کرابوو و بە متمانە لای دانرابوو، وەک پارەوپوولی زۆر کەسی تریش، بە فیـڕۆی دا! جا بزانە کریستینا، لە هەر شتێکی تر ناخۆشتر ئەوەیە کە من لە قوتابخانە ناچارم ڕووبەڕووی ئەم قوتابییە بێ باوکە تالانکراوانە ببمەوە، ئەوانەی کە ئێستا ئازاری سووکایەتی پێکردن دەچێژن بەوەی کە هەمان مافی قوتابییە ئاساییەکانیان نییە. ئەمجا تێشدەگەیت کە بە چ چاوێک سەیری من دەکەن. منیش هەمیشە دەبێت بیر لەو کڵۆڵییە بکەمەوە کە دووچاری بوون، تا بتوانم لەو ستەمکارییەیان بەرانبەر بە من خۆش ببم.

**کریستینا:**

پێم وایە، لە ڕاستیدا، حاڵی باوکت لە حاڵی تۆ باشترە!

**ئێلیس:**

هەر بە ڕاستیش وایە!

**کریستینا:**

ئێلیس، ئێمە دەمانویست بیر لە هاوین بکەینەوە، نەک لە ڕابوردوو!

**ئێلیس:**

وایە، هاوین! – دەزانیت، ئەمشەو بەدەم دەنگی گۆرانیی قوتابییانەوە خەبەرم بووەوە و دەنگیان لێ هەڵبڕیبوو: "ئا، دێم، بە نەرمەبای شادی دەشتودەر و بە باڵندەکان بڵێن، خۆشم دەوێن. بە سپیدار و سنجوەکان، بە زەریاچە و چیاکان بڵێن کە بۆ بینینیان دێمەوە، پێیان بڵێن کە ئێستایش وەک سەردەمی منداڵیم دەیانبینم..." (هەڵدەستێت، تووڕەیە.) بەڵام ئایا



دەیانبینمەوە، ئایا لەم شارە دڵتەقێنە ڕزگارم دەبێت، لەم "ئێبال"ە[9]؛ لەم چیای نەفرەتە ڕزگارم دەبێت و چاوم بە "گاریزیم"[10] دەکەوێتەوە؟ (لە تەنیشت دەرگەکەوە دادەنیشێت.)

**کریستینا:**

ئا! چاوت پێیان دەکەوێتەوە!

**ئێلیس:**

بەڵام لەو بڕوایەدایت کە وەک چۆن ئەوسا دەمبینین، چاوم بە سپیدار و سنجوەکانم بکەوێتەوە و بیانبینم، لەو بڕوایەدا نیت، ئیتر لەو ڕۆژەوە کە ئەوێمان بەجێ هێشت، پەردەیەکی ڕەشی تەنک بەسەر ئەوانیشدا دانەدراوەتەوە، وەک چۆن بەسەر سروشت و ژیانی ئێرەدا دادراوەتەوە... (دەست بۆ قەنەفە یەک نەفەرییەکە، کە ئێستا سێبەری کەوتووەتە سەر، ڕادەکێشێت.) ئەها، دەیبینیت ئەوە خۆریش ئاوا بووە!

**کریستینا:**

دێتەوە، هەڵدێتەوە و ماوەیەکی زۆرتریش دەمێنێتەوە!

**ئێلیس:**

ڕاستە، ڕۆژەکان درێژ دەبن و سێبەرەکانیش کورت.

**کریستینا:**

باوەڕم پێ بکە، ئێلیس، –بەرەو ڕووناکی– دەڕۆین.

**ئێلیس:**

هەندێک جار منیش وا باوەڕ دەکەم، کاتێکیش کە بیر لە ڕابوردوو دەکەمەوە و بە ئێستا بەراوردی دەکەم، هەست بە کامەرانی دەکەم. پار، تۆ لەوێدا دانەنیشتبوویت کە ئێستا لێی

دانیشتوویت، چونکە بە جێت هێشتبووم و پەیمانی دڵ و دڵخوازیی نێوانمانت شکاندبوو! دەزانیت، کە ئەوە لە هەموو شتێکی تر زیاتر بەرچاوی ڕەش کردبووم. بە هەموو مانایەک مردم، وردە وردە، دەمردم؛ بەڵام کاتێک گەڕایتەوە ــ ژیانم بە بەردا هاتەوە. دێتەوە بیرت بۆ ڕۆیشتیت و بەجێت هێشتم؟

**کریستینا:**

نا بیرم نایەتەوە، ئێستایش وا دێتە بەرچاوم کە هیچ هۆیەک بۆ ئەوە نەبوو. تەنیا ئەوە بوو کە هەستم دەکرد شتێک پاڵم پێوە دەنێت بۆ ڕۆیشتن و ئیتر، وەک ئەوەی لە خەوندا بم، ڕۆیشتم. کاتێکیش کە بینیمیتەوە، بێدار بوومەوە و بە بینینەوەیشت بەختیار بووم!

**ئێلیس:**

بەڵام ئیتر یەکتر بە جێ ناهێڵین، چونکە ئەگەر بڕۆیت، هیچ گومانێکی تێدا نییە کە دەمرم!... ئەوە دایکمە! هیچ مەڵێ، بەزەییت پێیدا بێتەوە و بیبەخشە لەو دنیا پڕ لە خەون و خەیاڵەدا کە بۆ خۆی دروست کردووە و تێیدا دەژی، تێیدا دەژی و لەو بڕوایەدایە کە باوکم شەهیدە و قوربانییەکانیشی هەر هەموویان پیاوخراپ و هیچوپووچن.

**هێیەست خان:**

(لە موبەقەکەوە دێتە ژوورەوە، بەرکۆشی بە بەرەوەیە، سێوێک پاک دەکات، نەرمونیان، بەڵام نەختێک ناخۆش، دەدوێت.)
منالان، ئێوارەتان باش! شۆربای سێوەکەتان بە گەرمی یان بە ساردی دەوێت؟



**ئێلیس:**

بە ساردی، دایە گیان!

**هێیەست خان:**

باشە، کوڕی خۆم، تۆ هەمیشە دەزانیت کە چیت دەوێت و چیت ناوێت، بەڵام کریستینا وا نییە. ئێلیس، ئەمە لە باوکییەوە فێر بووە، ئەویش هەمیشە دەیزانی چی دەویست، دەیشیزانی چۆن بکات و خەڵکیش بەرگەی ئەم شتانە ناگرن و هەر بۆیەیش ئەوەی بەسەردا هات، کە بەسەریدا هات. بەڵام ڕۆژی ئەویش، ڕۆژێک لە ڕۆژان، هەر دێت و ڕاستییەکەیش دەردەکەوێت کە ئەو لەسەر هەق بووە و خەڵک لەسەر ناهەق!... بوەستن، ئەوە دەمویست بڵێم چی. ئا! دەزانن کە لیندکڤیست گواستوویەتییەوە بۆ شار! لیندکڤیست؛ گەورەترین پیاوخراپ، گەورەترین هیچوپووچ!

**ئێلیس:**

(بە تووڕەیییەوە هەڵدەستێت.) گواستوویەتییەوە بۆ ئێرە؟

**هێیەست خان:**

ئا، لەوبەرەوە، لەوبەری جادەکەوە، نەختێک لەولامانەوە، دەژی.

**ئێلیس:**

ئەمجا هەموو ڕۆژێک، لێرەوە تێپەڕ بێت و ئێمەیش ناچار بین بیبینین. هەر ئەمەمان کەم بوو!

**هێیەست خان:**

لێگەڕێن با من خۆم جارێک، تەنیا جارێک، بیبینم و قسەی لەگەڵدا بکەم، ئەوسا دەبینین کە قەت لە ڕووی هەڵنایەت خۆی

پێشان بداتەوە، چونکە خۆم چاکی دەناسم و دەزانم چ ماڵێکە!
دەی ئێلیس، ئەی پێتروس! کارەکەی ئەو بە کوێ گەیشت؟

**ئێلیس:**

بەوێ کە دەبوو پێی بگات!

**هێیەست خان:**

خۆیشم هەر لەو باوەڕەدا بووم. ئەی تۆ، تۆ کەی بیر لە پێشکێشکردنی نامەی دوکتۆراکەت دەکەیتەوە؟

**ئێلیس:**

هەر کاتێک پارەوپوولی تەواوم لە دەستدا بوو، دایە گیان!

**هێیەست خان:**

پارەوپوولی تەواو! ئەمە وەڵامدانەیەوەکی تەواو نییە! ... ئەی بێنیامین! لە تاقیکردنەوەکانیدا دەرچووە یا نا؟

**ئێلیس:**

هێشتا نازانین، بەڵام نەختێکی تر دێتەوە!

**هێیەست خان:**

ئا، من زۆر حەزم لە بێنامین نییە، چونکە بەم ناوەدا دێت و دەچێت و خۆی وا پێشان دەدات کە هەقێکی بەسەر ئەم ماڵەوە هەیە... بەڵام ئەوەیشی لە بیر دەبەینەوە!... هەر چۆنێک بێت، کوڕێکی خراپ نییە. پاکەتێکیش بۆ تۆ هاتووە، ئێلیس.
(لەو دەرگەیەوە کە دەچێتە سەر موبەقەکە دەچێتە دەرەوە و هێندە نابات بە پاکەتێکەوە دەگەڕێتەوە).

**ئێلیس:**

بزانە، دایکم چۆن ئاگای لە هەموو شتێکە و لە هیچ شتێک



خافڵ نابێت؛ هەندێک جار پێم وایە کە هێندەیش گێل نییە کە خۆی خۆی وا پێشان دەدات.

**هێیەست خان:**

ئەوە پاکەتەکەیە! "لینا" وەری گرتبوو!

**ئێلیس:**

دیارییە! ئای لەو جارەوە کە سندوقێک بەردی سەر جادەیان بە دیاری بۆ ناردبووم، چەند لە دیاری دەترسم!
(پاکەتەکە لەسەر مێزەکە دادەنێت).

**هێیەست خان:**

دەچمەوە بۆ موبەق! – ماڵەکە سارد نابێتەوە کە ئاوا دەرگەکەتان کردووەتەوە؟

**ئێلیس:**

نا، دایە گیان، سارد نابێتەوە.

**هێیەست خان:**

ئێلیس تۆ نابێت پاڵتۆکەت بەوێدا هەڵواسیت، زۆر نابەجێ دیارە! ئەرێ، کریستینا، پەردەکانم ئامادەن یان نا؟

**کریستینا:**

چەند دەقیقەیەکی تر ئامادە دەبن، دایە گیان!

**هێیەست خان:**

بزانە... من حەزم لە چارەی ئەو "پێتروس"ـەیە و جێیەکی تایبەت و پەسەندی لای من هەیە... ئێلیس، ناچیت بۆ بانگهێشتنی ئەم ئێوارەیەی؟

**ئێلیس:**

با چۆن، بۆ نا، دەچم!

**هێیەست خان:**

ئەێ باشە، کە دەچیت، ئەی بۆ وتت شۆربای سێوەکەت بە ساردی دەوێت. سەیرکە، هیچ هۆشت بە بەرییەوە نییە و خۆیشت نازانیت چی دەکەیت، ئێلیس. بەڵام پێتروس ڕێک بە پێچەوانەوە! کە سارد بووەوە، دەرگەکان دابخەن، تا سەرماتان نەبێت و تووشی هەڵامەت نەبن. (بەرەو دەستەڕاست دەڕوات.).

**ئێلیس:**

کەسێک نەیناسێت، دەڵێت... هەمیشەیش هەر پێتروس و پێتروس... بڵێیت مەبەستی لەوە بێت تۆیش نەختێک گرینگی بە پێتروس بدەیت؟

**کریستینا:**

من؟

**ئێلیس:**

خۆیشت دەزانیت، پیرێژنان هەر لەسەر هەوا و ئارەزووی خۆیانن و لەگەڵ بۆهەڵبەستن خەریکن!

**کریستینا:**

چ دیارییەکت بۆ هاتووە؟

**ئێلیس:**

(پاکەتەکە دەکاتەوە.). چڵوچێوی ڕەنگکراو و ڕازێنراوەی جەژن!...[١١]



**کریستینا:**

لە کێوە؟

**ئێلیس:**

نازانم! دیار نییە لە کێوەیە!... دەی، هەرکەسێک بێت کاری ڕاست بێت، گوناهێکی نەکردووە و منیش دەیانخەمە نێو ئاوەوە و ئەوانیش وەک گۆپاڵەکەی "ئارۆن"[١٢] شین دەبن! "سپیدار... وەک ڕۆژانی سەردەمی منداڵیم"... لیندکڤیستیش گوێزاوییەتەوە بۆ ئێرە!

**کریستینا:**

جا چییە؟

**ئێلیس:**

ئێمە لە هەر کەسێک زیاتر قەرزداری ئەوین.

**کریستینا:**

بەڵام خۆ تۆ قەرزداری نیت؟

**ئێلیس:**

با، ئێمە، هەر هەموومان! هەموومان بۆ یەکێک و هەر یەکێکیش بۆ هەموومان، تا قەرزیش لە ئارادا بێت، ئابڕووی خێزان لەکەدارە.

**کریستینا:**

ناوی خۆت بگۆڕە!

**ئێلیس:**

کریستینا!

**کریستینا:**

(کـارەکـەی بـەردەسـتـی تەواو کـردووە و لەو لای خـۆیەوە دای دەنێت.) سوپاس، ئێلیس! هـەر ویستم تاقیت بکەمەوە!

**ئێلیس:**

بەڵام نابێت هـانم بدەیت شـتـێک بکەم کـە نـەمـەوێت بیکەم!... لیندکڤیست پیاوێکی دەسـتکورتە و شتەکانی خۆی دەوێتەوە... هەر جێیەکیش باوکم پێیدا تێپەڕیوە وەک مەیدانی جەنگی لێ هاتووە، پڕ لە کوژراو و بریندار و... کەچی دایکیشم پێی وایە کە قوربانییەکە ئەوە!... دەتەوێت بچینە دەرەوە و پیاسـەیەک بکەین؟

**کریستینا:**

بۆ بە دوای خۆردا گەڕان؟ بۆ نا، پڕ بە دڵ!

**ئێلیس:**

ئەرێ لـەمـە تێ دەگـەیت، تێ دەگـەیت کــە فـریادڕەس لەبریی گوناهەکانی ئێمـە ئازاری چەشت و کەچی ئێمـە هێشتـا هـەر لەسـەر قـەرزدانەوەی خـۆمـان بەردەوامین. هیچ کـەسـێکیش قەرزی من ناداتەوە!

**کریستینا:**

بەڵام ئاخۆ ئەگەر کەسێک لەبریی تۆ قەرزەکانتی بدایاتەوە، تێ دەگەیشتیت...؟

**ئێلیس:**

ئا، تـێ دەگـەیشـتـم!... بێـدەنگ بـە! ئەوە (بێنیـامـین)ە. چۆن دەیبینیت! دڵخۆشە یا دڵتەنگ؟



**کریستینا:**

(لە دەرگەی بەشی پشتەوەی شانۆوە دەڕوانێت). زۆر هێواش دەڕوات... ئێستایش لای فوارەکەوە ڕاوەستاوە و... دەموچاوی دەشوات...

**ئێلیس:**

هەر ئەمەمان کەم بوو!

**کریستینا:**

دە تۆ چاوەڕوان بە...

**ئێلیس:**

گریاوە، گریاوە!

**کریستینا:**

دە تۆ نەختێک دان بە خۆتدا بگرە، نەختێک!

***

(بێنیـامین دێتــە ژوورەوە، نەرمـونیـان، بەڕێز، بەڵام پەرێشـان دیارە؛ چەند کتێبێک و جانتایەکی بە دەستەوەیە.)

**ئێلیس:**

دەی، لەگەڵ "لاتین"دا چیت بە چی کرد؟

**بێنیامین:**

هیچ بە هیچ!

**ئێلیس:**

دەتوانم ئەنجامی تاقیکردنەوەت ببینم!... ئەوە چیت کردووە؟

**بێنیامین:**

ئەگەرچی دەمـزانی دەبێت کـۆنیـونکتیـڤـوس[١٣] بێت، کـەچی

ئیندیکاتیڤوسم[١٤] لە جێی نووسی.

**ئێلیس:**

کەواتە هیچ! بۆ وات کرد؟

**بێنیامین:**

(بەزیو.). هۆیەکەی نازانم، ناتوانم بڵێم بۆ... دەمزانی کە دەبوو چۆن بێت، دەمویست ڕاستەکەی بنووسم و کەچی بە هەڵە نووسیم!

(بە خەمبارییەوە لەسەر کورسییەکی لای مێزی نانخواردنەکەوە دادەنیشێت.)

**ئێلیس:**

(لەسەر کورسییەکی لای مێزی نووسینەکەوە دادەنیشێت و کاغەزەکانی ناو جانتاکەی بێنیامین دەردەهێنێت.). ئەوەتا، لێرەدا نووسراوە ئیندیکاتیڤوس...! خوا هاوار!

**کریستینا:**

(بە زەحمەتییەکەوە.). دەی، هەموو جارێک بەخت یار نییە و بۆ جارێکی تر! ژیان زۆر زۆری بە بەرەوەیە و تا بڵێیت دوور... و... درێژە!

**بێنیامین:**

ڕاستە، وایە!

**ئێلیس:**

(بەدڵتەنگییەوە، بەڵام بەبێ ئەوەیش تووڕەوترۆیی پێوە دیار بێت). بۆ دەبێت ئەم هەموو شتە پێکەوە و لە یەک کاتدا ڕوو بدەن، بۆ! تۆ کە باشترین قوتابیی من بوویت، ئیتر چاوەڕێی



چی لەوانی تر بکەم! چۆن بتوانم لە ڕووم بێت، وەک مامۆستایەک، سەر هەڵبڕم! ئیتر لەمەودوا کەس متمانەم پێ ناکات دەرس بە منداڵەکانی بڵێمەوە و.. شیرازەی هەموو شتێکیش تێک دەچێت! (ڕووی لە بێنیامینە) گوناهەکەی مەبەرە سەر خۆت، پێت ناخۆش نەبێت.. هەڵە، هەڵەی تۆ نییە و..

**کریستینا:**

(زۆر بە زەحمەت). ئێلیس، تکایە، بۆ خاتری خوا، نەختێک ئازایەتی!

**ئێلیس:**

ئازایەتی! لە کوێوە؟

**کریستینا:**

لەو جێیەوە جاران بە دەستت دەهێنا!

**ئێلیس:**

ئێستا جاران نییە! شوورەیی و ئابڕووتکانە و بڕایەوە!

**کریستینا:**

هیچ شوورەییەک لەوەدا نییە کە بەبێ ئەوەی گوناهێکت کردبێت ئازار بچێژیت... هێندەیش لە نرخی خۆت کەم مەکەرەوە، کە خۆیشت نەتوانیت بەرگەی بگریت... بەرگەی ئەم تاقیکردنەوەیەش بگرە، چونکە بە تەنیا تاقیکردنەوەیەکە و هیچی تر، من وا هەست دەکەم کە...

**ئێلیس:**

ساڵێکی بێنیامین! دەتوانرێت ساڵێکی بێنیامین لە ٣٦٥ ڕۆژ کەمتر بکرێتەوە؟

**کریستینا:**

بۆ نا! هەستی خۆش، کات کورت دەکاتەوە!

**ئێلیس:**

(بەدەم زەردەخەنەوە). بە منداڵ دەڵێن: "فوو لە برینەکەت بکە، چاک دەبێتەوە!"

**کریستینا:**

کەواتە منداڵ بە، بێجگە لەمەیش... بیر لە دایکت بکەرەوە... کە ئەو هەموو بارە گرانەی کەوتووەتە سەر شان!

**ئێلیس:**

دەستت... دەستتم بدەرێ، خەریکە دڵم دەوەستێت!

**کریستینا:**

(دەستی بۆ درێژ دەکات).

**ئێلیس:**

دەستت دەلەرزێت...

**کریستینا:**

من وا هەست ناکەم...

**ئێلیس:**

تۆیش ئەو بەهێزە نیت...

**کریستینا:**

من هەست بە هیچ بێهێزییەک ناکەم...

**ئێلیس:**

ئەی کەواتە بۆ ناتوانیت هیچ هێزێکم بدەیتێ؟



**کریستینا:**

هەر هێندەم پێیە کە بەشی خۆم بکات.

**ئێلیس:**

(لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات). دەزانیت... ئێستا کێ دێت؟

**کریستینا:**

(لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکات، دەکەوێتە سەر چۆک، ورەی ڕووخاوە.) هەر ئەممان کەم بوو!

**ئێلیس:**

خاوەن قەرزەکەیە، ئەوەی کە دەتوانێت کەی بیەوێت هەرچی لە ماڵەکەماندا هەیە کۆی بکاتەوە و بیبات؛ لیندکڤیست، ئەوەی گوێزاویەتیەوە بۆ ئێرە تا وەک جاڵجاڵۆکە لە نێوەڕاستی تەونەکەیدا دابنیشێت و پاسی مێشەکان بێت...

**کریستینا:**

کەواتە ڕاکە!

**ئێلیس:**

(هەڵدەستێت.) نا! ڕاکردن نا!... ئێستا کە تۆ بێهێز بوویت، من بەهێزم... ئەوەتا سەیری بکە بە جادەکەدا سەر دەکەوێت و... چاوە برسییەکانیشی بڕیوەتە نێچیرەکەی...

**کریستینا:**

دە کەواتە، هەر هیچ نەبێت، خۆتی لێ لادە!

**ئێلیس:**

نا، دڵم بە بینینی دەکرێتەوە... وەک ئەوەی نێچیرەکەی بە

تەڵەوە بینیبێت، سەروڕووی بەتەواوی گەشاوەتەوە... وەرە، تەماشاکە!... ئەوەتا هەنگاوەکانی دەژمێرێت، وەک ئەوەی بیەوێت بزانێت چەندی ماوە بگاتە بەر دەرگەکەمان و چاویشی بە دەرگە کراوەکەمان کەوتووە و بەوەدا دەزانێت لە ماڵەوەیەن... بەڵام وا لووتی بوو بە لووتی کەسێکەوە و ڕاوەستاوە بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵدا بکات... لە بارەی ئێمەوە قسە دەکات، چونکە سەیری ئێرە دەکات...

**کریستینا:**

هەر ئەوەندە لووتی نەبێت بە لووتی دایکتەوە، نەکا بە قسە ڕەقەکانی بۆ یەکجارەکی دڵی بئێشێنێت... هەوڵ بدە ئەوە ڕوو نەدات، ئێلیس!

**ئێلیس:**

گۆچانەکەی ڕادەوەشێنێت، وەک ئەوەی بیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکات، کە لێرەدا لێخۆشبوون ناتوانێت جێی هەق بگرێتەوە! قۆپچەکانی پاڵتۆکەی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی پێشانی بدات کە هێشتا جلی زستانە دانەکەنراوە.. لە سەروڕوویدا دەیبینم چی دەڵێت.. چی وەڵام بدەمەوە.. "گەورەم، تۆ لەسەر هەقیت! هەرچییەک لەم ماڵەدا هەیە، بیبە! هەر هەمووی هی خۆتە!"

**کریستینا:**

تەنیا هەر ئەوەندە دەڵێت!

**ئێلیس:**

پێدەکەنێت! بەڵام بە نیازی خراپ نا! لەوانەیە، ئەگەرچی پارەوپوولی خۆی دەوێتەوە، هێندەیش نیازخراپ نەبێت!... ئاخ



هەر ئەوەندە ئێستا بهاتایە و کۆتایی بەم قسەوباسە بهێنایە و هەموو شتێک یەکلا ببووایەتەوە... دیسان گۆچانەکەی کەوتەوە جووڵە... ئەوان؛ ئەوانەی کە قەرزیان لای خەڵکە، هەمیشە گۆچانیان پێیە و... پێڵاوی چەرمیش[١٥] بەسەر پێڵاوەکانیاندا هەڵدەکێشین کە "ڤیییش، ڤیییش، ڤیییش، ڕێک وەک دەنگی ڕاوەشاندنی شووڵک... (دەستی کریستینا دەخاتە سەر دڵی.). هەست دەکەیت، هەست دەکەیت چۆن دڵم لێ دەدات... من خۆم وەک دەنگی کەشتیی هەڵمینی نێو زەریالووشەکان دێتە بەرگوێی ڕاستم... سوپاس بۆ خوا، ئەوە خواحافیزی کرد و ڕۆیشت!... پێڵاوە چەرمەکانیشی بە دوایدا! "ڤیییش، ڤیییش"، ڕێک وەک دەنگی ڕاوەشانی چڵوچێوی جەژنی هەڵسانەوە... سەعاتەکەیشی ئەڵقە و زنجیری پێوەیە! کەواتە هێندەیش دەستکورت نییە! هەمیشەیش زنجیرەکانیان بە کارنێول[١٦] ڕازێنراونەتەوە، وەک ئەوەی کۆنەگۆشتی بڕبڕەی پشتی خەڵک بن و پارچە پارچە لێیان کردبنەوە... گوێ لە پێڵاوە چەرمەکانی بگرە... "گوووورگ، گوووورگ، تووڕە، تووڕەتر، تووڕەترین، ڤیییش، ڤیییش!" ئاگەدار بە! سەیری من دەکات! دەمبینێت! (خۆی بەرەو جادەکە شۆڕ دەکاتەوە).. سڵاو دەکات! دەخەنێت! دەست هەڵدەبڕێت! هەروەها... (لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی لای مێزی نووسینەکە، بەدەم گریانەوە، دادەنیشێت). ڕۆیشت!

**کریستینا:**

سوپاس بۆ خوا!

**ئێلیس:**

ڕۆیشت! .. بەڵام دێتەوە! هەستە با بچینە دەرەوە!

**کریستینا:**

ئەی نانخواردنی ئێوارە لەگەڵ پێتروس؟

**ئێلیس:**

لەبەرئەوەی هێشتا بانگ نەکراوم، ناچم! بێجگە لەوەیش، لەوێ لە نێو ئەو خۆشی و ڕابواردنەدا چی بکەم! چی لە بینینەوەی هاوڕێیەکی نەمەک کوێر و بێ ئەمەک بکەم! ئەمجا ئەوەیش کە دەبێت بەناچاری لەبریی ئەو ئازار بکێشم، تا ئازارەکانی خۆم بریندارم نەکەن!

**کریستینا:**

سوپاس، کە ناچیت و لەگەڵ ئێمە دەمێنیتەوە!

**ئێلیس:**

خۆیشت دەزانیت، ئەمەیانم لا خۆشترە... بڕۆین!

**کریستینا:**

با بڕۆین... لێرەوە! (لە لای دەستەچەپەوە دەچنە دەرەوە.).

**ئێلیس:**

(کە دەگاتە لای بێنیامین، دەست بە سەریدا دەهێنێت.).

نەختێک ئازایەتی، کوڕی چاک!

(بێنیامین دەموچاوی لە نێو دەستەکانیدا دەشارێتەوە.).

(ئێلیس چڵوچێوی سەر مێزی نانخواردنەکە هەڵدەگرێت و دەیخاتە پشت ئاوێنەکەوە). کۆترەکە چڵەزەیتوونی پێ نەبوو... چڵی سپیداری پێ بوو!

(دەچێتە دەرەوە.).

***



(ئێلێنۆرا لە بەشی پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە؛ کچێکی شانزە ساڵان، قژی کردووە بە پرچ و بەسەر پشتیدا هاتووەتە خوارەوە. ئینجانەیەکی هەڵگرتووە، کە چڵێک نێرگزەکێوی[17] تێدایە. بەبێ ئەوەی سەیر بکات، یا وا پێشان بدات کە بێنیامینی بینیوە، سوراحییەکەی سەر دۆڵابی موبەق هەڵدەگرێت و ئاوی گوڵەکە دەدات، پاشان لەسەر مێزی نانخواردنەکە دای دەنێت و لەسەر یەکێک لە کورسییەکان، بەرانبەر بە بێنیامین، دادەنیشێت؛ لێی دەڕوانێت و لاسایی دەکاتەوە.)

(بێنیامین بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانێت.).

**ئێلێنۆرا:**

(ئاماژە بۆ نێرگزە کێوییەکە دەکات.). دە... زانیت ئەوە چیـ... یە؟

**بێنیامین:**

(منداڵانە و سادە.). لێی ئاسانتر نییە، نێرگزی کێوییە! بەڵام ئەی تۆ کێیت؟

**ئێلێنۆرا:**

(نەرمونیان، بەڵام بە خەمگینییەوە.). وایە، ئەی تۆ کێیت؟

**بێنیامین:**

(وەک پێشوو.). من ناوم بێنیامینە و لێرە لە ماڵی هێیەست خان دەژیم و جێ و ڕێ و خەو و خۆراکیشم هەر لێرەیە.

**ئێلێنۆرا:**

ئاوا! منیش ناوم ئێلێنۆرایە و کچی ئەم ماڵەم.

**بێنیامین:**

چ سەیرە! کە کەس باسی تۆی نەکردووە!

**ئێلێنۆرا:**

کەس باسی مردووان ناکات!

**بێنیامین:**

مردووان!

**ئێلێنۆرا:**

من، لەبەرئەوەی گشت مافێکی سوودوەرگرتن لە ماڵ و سامانێک کە هەمبووە لێم سەندراوەتەوە، بە مردوو دەژمێردرێم، چونکە ڕەفتارێکی تا بڵێیت خراپم کردووە!

**بێنیامین:**

تۆ!؟

**ئێلێنۆرا:**

ئا من، من پارەوپوولێک کە بۆم دانرابوون بە فیڕۆم دان – ئەمەیش ڕەفتارێکی هێندە خراپ نەبووە – چونکە ناهەقی دەکرێت و بەسەریش دەچێت! بەڵام ئەوەی کە گوناهی ئەو ڕەفتارەی من خرایە ملی باوکم و لە زیندان توند کرا، ئا ئەمەیان، هی ئەوە نییە هەرگیزاو هەرگیز لێی خۆش بیت.

**بێنیامین:**

چەند ناوازە و جوان قسە دەکەیت و... منیش هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە میراتەکەم بە ناهەق بەند کرابێت.

**ئێلێنۆرا:**

خەڵک نابێت ببەسترێنەوە، دەبێت ڕزگار بکرێن.



**بێنیامین:**

بزانە... تۆیش لە داخ و خەفەتێک کە هەمبوو بەرانبەر بەوەی فریودرابێتم، ڕزگارت کردم.

**ئێلێنۆرا:**

کەواتە تۆیش یەکێک لەوانەیت کە بە باوکم سپێردرابوویت...

**بێنیامین:**

ئا... دووچاری ئەو بەدبەختییەش بووم کە لەسەر قەرزوقۆڵەیەک بژیم کە کەوتووەتە ئەستۆی ئەندامانی ئەم خێزانە هەژار و دەستکورتانە.

**ئێلێنۆرا:**

نابێت قسەی ڕەق بکەیت! ئەگەر قسەی ڕەق دەکەیت، دەڕۆم و ئێرەت بۆ بەجێ دەهێڵم! من هێندە نەرمونیانم، کە هیچ شتێک بە ڕەقی ئازارم نادات! سەربارى ئەوەیش... تۆ لەبریی من ئەم ئازارە دەچێژیت، وا نییە؟

**بێنیامین:**

لەبریی باوکت.

**ئێلێنۆرا:**

هەر هەمان شتە، چونکە ئەو و من هەر هەمان کەسین.. (پشوو) من زۆر زۆر نەخۆش بووم.. ئەی تۆ! تۆ بۆ هێندە خەمگینیت؟

**بێنیامین:**

تووشی تەنگانە بووم!

**ئێلێنۆرا:**

ئەمجا دەبێت بەوە دڵتەنگ بیت؟ "دەرئەنجامی سزا و تێهەڵدان

ژێرییە و ئەوەیش کە ڕقی لە سزادان دەبێتەوە، دەبێت بمرێت..." تووشی چ تەنگانەیەک بوویت؟

**بێنیامین:**

لە تاقیکردنەوەی "لاتین"دا، ئەگەرچی تەواو تەواو دڵنیا بووم، دەرنەچووم.

**ئێلێنۆرا:**

ئاوها، تەواو تەواو دڵنیا بوویت، هێندە دڵنیا کە دەتتوانی گرەو لەسەر ئەوە بکەیت دەردەچیت.

**بێنیامین:**

هەر ئەوەیشم کرد!

**ئێلێنۆرا:**

منیش لەو بڕوایەدام هەر ئەوەت کردبێت! ببینە، دەرئەنجامەکەیش ئەوە بوو، چونکە تەواو تەواو دڵنیا بوویت.

**بێنیامین:**

پێت وایە هۆیەکەی ئەوە بووبێت؟

**ئێلێنۆرا:**

بە دڵنیاییەوە ئەوە بوو! هەمیشە بەخۆوەنازین پێش نووچدان و سەرنەکەوتن دێت!

**بێنیامین:**

کەواتە دەبێت جارێکی تر ئەمەم لە بیر بێت.

**ئێلێنۆرا:**

چاک دەکەیت وا بیر دەکەیتەوە؛ ئەو قوربانییانەش کە لای خوا خۆشەویستن، هەرە پەرێشان و دڵگیراوەکانن.



**بێنیامین:**

چییە کتێبی پیرۆز[١٨] دەخوێنیتەوە!

**ئێلێنۆرا:**

ئا، بەڵام وەک کچێک!

**بێنیامین:**

مەبەستم لەوەیە بڕوات پێی هەیە!

**ئێلێنۆرا:**

ئا، منیش مەبەستم هەر هەمان شتە. ئەمجا، ئەگەر بە نیازیت بە خراپە باسی ئەو خوایە بکەیت کە دەیپەرستم؛ ئەو خوایەی چاوی کردوومەتەوە و خستوومیەتە سەر ڕێی ڕاست، ناتوانم لەسەر هەمان مێز لەگەڵت دابنیشم!

**بێنیامین:**

تەمەنت چەندە؟

**ئێلێنۆرا:**

نە کات و نە جێ، بۆ من، بوونی نییە، من لە هەموو کاتێک و لە هەموو جێیەکدام! من لە زیندانەکەی باوکم و لە پۆلی قوتابخانەی براکەمدام، لە موبەقەکەی دایکم و لە دووکانەکەی خوشکەکەمدام، زۆر دوور لێرەوە، لە ئەمریکام. کاتێکیش خوشکەکەم باش دەفرۆشێت و بەباشی بۆی دەچێتە سەر، هەست بە شادی و خەنیبوونی دەکەم و کاتێکیش باش نافرۆشێت هەست بە ئازاری دەکەم، بەڵام لە هەر کاتێک زیاتر ئازارم پێ دەگات کە باش ڕەفتار ناکات. بێنیامین؛ ناوت بێنیامینە وا نییە! لە کاتێکدا کە تۆ گەنجترین هاوڕێی منی...

ئا... هەموو کەسێک، بەبێ جیاوازی، هەموو کەسێک، هاوڕێی منن... دەمەوێت تۆیش وەک یەکێک لەوان تەماشا بکەم، تا بتوانم ئازاری تۆیش بچێژم.

**بێنیامین:**

لە ڕاستیدا لە قسەکانت تێ ناگەم، بەڵام وا پێدەچێت لە نێوەڕۆکی بیرو بۆچوونەکانت تێگەیشتبم! هەر لە ئێستایشەوە هەرچییەک کە تۆ دەتەوێت، منیش دەمەوێت!

**ئێلێنۆرا:**

کەواتە دەتەوێت لەوێوە دەست پێ بکەیت کە چیتر حوکم بەسەر خەڵکدا نەدەیت، تەنانەت ئەوانەیش کە بە ڕاستی تاوانبارن...

**بێنیامین:**

ئا، بەڵام دەمەوێت هەر لە خۆڕا نەبێت و بنەمایەک هەبێت! بزانە... منیش فەلسەفەم خوێندووە!

**ئێلێنۆرا:**

ئەها... فەلسەفەت خوێندووە! دە کەواتە دەتوانیت یارمەتیم بدەیت و ئەمەم بۆ لێک بدەیتەوە، کە قسەی فەیلەسووفێکی گەورەیە، ئەو دەڵێت: "ئەوانەی ڕقیان لە ئیمانداران دەبێتەوە، بە تاوانباری دەمێننەوە."

**بێنیامین:**

بەپێی هەموو لۆجیکێک مانای ئەوەیە مرۆڤ مەحکومە بە تاوانکردن...

**ئێلێنۆرا:**

تاوانیش خۆی لە خۆیدا سزایەکە.



**بێنیامین:**

ڕاستییەکەی ئەمە زۆر قووڵە! پیاو دەهێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە ئەمە قسەی کانت[١٩] یا شۆپێنهاوەر[٢٠] بێت.

**ئێلێنۆرا:**

نایانناسم!

**بێنیامین:**

ئەی لە چ نووسراوێکدا خوێندووتەوە؟

**ئێلێنۆرا:**

لە کتێبی پیرۆزدا!

**بێنیامین:**

بەڕاست؟ شتی وا لەوێدا نووسراوە؟

**ئێلێنۆرا:**

چ منداڵێکی نەزانیت! ڕێک وەک ئەوەی هیچ کەس ئاگای لێت نەبووبێت! ئاخ!... ئەگەر خۆم پەروەردەم دەکردیت!

**بێنیامین:**

وایش نا!

**ئێلێنۆرا:**

بەڵام بە دڵنیاییەوە هیچ خراپەیەکت تێدا نابینم! بەڵکو، بە پێچەوانەوە، چاکەت زیاتر تێدا بە دی دەکرێت... مامۆستاکەت، ئەوەی "لاتین"تان پێ دەڵێت، ناوی چییە؟

**بێنیامین:**

مامۆستا ئاڵگرێن!

**ئێلێنۆرا:**

ئەمە لە بیر ناکەم!... ئۆهـ... باوکم چ ئازارێکی هەیە! خەڵک نیازخراپن و لەگەڵیدا خراپن! (بێدەنگ، وەک ئەوەی گوێ لە شتێک بگرێت، ڕادەوەستێت.). گوێت لێیە، تەلەکانی تەلەفۆن چۆن دەزرنگێنەوە... ئەوە دەنگی زرنگانەوەی قسەڕەقەکانن، کە ئەو تەلە مسینە سوور و نەرمونیانانە خۆیان لە بەریاندا ناگرن... کە خەڵک بە تەلەفۆن و بە خراپە و لە پاشملە باسی یەکتر دەکەن، تەلەکان سکاڵا دەکەن و گوناهباریان دەکەن.... (بە ڕەقییەوە.) هەر وشەیەکیش لە نێو کتێبەکەدا دەنووسرێت و... دواییەکەیشی هەر کەسە و بە جێی ڕەوای خۆی دەگات.

**بێنیامین:**

چەند تووش و دڵڕەقیت!

**ئێلێنۆرا:**

من نا، من نا! من چۆن دەتوانم تووش و دڵڕەق بم؟ من، من؟

(دەچێت بۆ لای ئاگردانەکە و دەرگەکەی دەکاتەوە، چەند پارچەی دڕێنراوی نامەیەک هەڵدەگرێتەوە.).

(بێنیامین هەڵدەستێت و سەیری پارچەکان، کە ئێلێنۆرا خەریکی ڕێکخستنیانە لەسەر مێزی نانخواردنەکە، دەکات.).

(ئێلێنۆرا بۆ خۆی دەدوێت.). خەڵک، هەر هەموویان، چەند خەمساردن، بیر ناکەنەوە و ڕازەکانی خۆیان لە نێو ئاگردانان دەنێن... بۆ هەر کوێیەک بچم، ڕێک و ڕاست، بەرەو ئاگردانەکەی دەڕۆم! بەڵام ئەمە قەت بە نیازی خراپ بە کار ناهێنم، ناوێرم بە نیازی خراپ بە کاری بهێنم، چونکە



دووچاری ئازار دەبم!... ئەی ئەمە چییە؟ (دەیخوێنێتەوە.).

**بێنیامین:**

نامەی "پێتروس"ە و داوا لە کریستینادا دەکات یەکتری ببینن... زۆر دەمێک بوو چاوەڕوانی ئەمە بووم!

**ئێلێنۆرا:**

(دەست لەسەر کاغەزەکە دادەنێت.). تۆ بۆ! تۆ چاوەڕوانی چی بوویت؟ پێم بڵێ نیازخراپ، کە هەر لە خراپە دەگەڕێیت! ئەم نامەیە تەنیا مژدەهێنی چاکەیە و لە چاکە زیاتری لێ ناکەوێتەوە، چونکە کریستینا، کە ماوەیەکی تر دەبێت بە براژنم، دەناسم و ئەو چاوپێکەوتنەیش کڵۆڵییەک لەسەر ڕێی ئێلیسی برام لا دەبات... پەیمان دەدەیت کە باسی ئەمە نەکەیت، بێنیامین؟

**بێنیامین:**

لەو باوەڕەدا نیم کە بیشوێرم باسی بکەم!

**ئێلێنۆرا:**

چ ناهەقییەک دەکەن ئەوانەی بە نهێنی شت دەکەن... ئەوان پێیان وایە ژیرن، کەچی لە شێت زیاتر نین! بەڵام من هەقم بەسەر ئەوەوە چییە!

**بێنیامین:**

بۆ حەز دەکەیت ئاگات لە شتی خەڵک بێت؟

**ئێلێنۆرا:**

ئاخر ئەوە نەخۆشییەکە و لەگەڵمدایە کە دەبێت ئاگام لە شتی خەڵک بێت، ئەگەرنا دڵم ئۆقرە ناگرێت...

**بێنیامین:**

هەموو شتێک؟

**ئێلێنۆرا:**

ئەمە کەموکوورییەکە و لە دەستەڵاتی خۆمدا نییە و ناتوانم بەسەریدا زاڵ بم. بەڵام، لەگەڵ ئەوەیشدا، دەزانم کە ڕیشۆڵەکان چی دەڵێن.

**بێنیامین:**

خۆ ئەوان ناتوانن قسە بکەن؟

**ئێلێنۆرا:**

نەتبیستووە کە ڕیشۆڵە هەن فێری قسەکردن کراون؟

**بێنیامین:**

با، بەڵام فێرکراون، نەک خۆیان قسە دەکەن!

**ئێلێنۆرا:**

کەواتە دەتوانرێت ڕیشۆڵە فێری قسە بکرێن! ئێستا خەڵک هەن خۆیان خۆیان فێر کردووە، هەیشن بە خۆیان فێر بوون... هەر ئەوانیش، بێگومان، ئێستا دانیشتوون و گوێ دەگرن، بەبێ ئەوەی خۆیان پێی بزانن و هەمان شتیش کە دەیبیستن، دەیڵێنەوە. هەر ئێستا بەر لەوەی بگەڕێمەوە گوێم لە دووانیان بوو لەسەر دارگوێزەکە هەڵنیشتبوون و قسەیان دەکرد.

**بێنیامین:**

قسەت خۆشە؟ بەڵام، دە کەواتە، چییان دەوت؟

**ئێلێنۆرا:**

یەکێکیان دەیوت: "پێتروس"[٢١] و ئەوی تریان دەیوت:



"یوداس!"[٢٢] ئەوی یەکەم دەیوت: "هێندەی یەکتر!" و ئەوی تریش دەیوت: "جیک، جیک، جیک!". بەڵام ئەی تێبینی ئەوەت کردووە کە بولبولەکانی ئەم دەوروبەرە بە تەنیا هەر لە باخچەی کەڕولاڵاندا دەخوێنن؟

**بێنیامین:**

ئا، ئەمیان هەموو کەس دەیزانێت! بەڵام بۆ وا دەکەن؟

**ئێلێنۆرا:**

چونکە، ئەوانەی دەبیستن گوێ لە دەنگی بولبولان ناگرن، بەڵام کەڕولاڵەکان گوێیان لێ دەگرن!

**بێنیامین:**

چیرۆکی خۆشتر نییە، بیگێڕیتەوە!

**ئێلێنۆرا:**

با... ئەگەر لەگەڵمدا باش بیت!

**بێنیامین:**

باش! چۆن باش؟

**ئێلێنۆرا:**

نابێت پەنجە بخەیتە سەر ئەو وشانەی بە کاریان دەهێنم و نایشبێت بڵێیت ئاخر تۆ ئاوات وت ئەوسا و ئەوسا ئەوەت وت... دەتەوێت زیاتر لە بارەی باڵندەکانەوە قسە بکەم! باڵندەیەکی بەد و شووم هەیە، ناوی جرجخۆرەیە، ناوی خۆی بە خۆیەوەتی و لەسەر جرج دەژی؛ بەڵام چونکە باڵندەیەکی بەد و شوومە، بە زەحمەت جرجی بۆ دەگیرێت. لەبەر ئەوە تەنیا

یەک وشە دەڵێت، ڕێک وەک ئەوەی کە پشیلە دەیڵێت و دەڵێت: "میاو!". کاتێکیش کە دەڵێت "میاو!" جرجەکان لێی هەڵدێن و خۆیان دەشارنەوە... بەڵام جرجخۆرەکە خۆی لەوە تێ ناگات چی دەڵێت – بەڵام چونکە شووم و بەدفەڕە، برسی و بێ خۆراک دەمێنێتەوە! ــ دەتەوێت زیاتر ببیستیت؟ یان دەتەوێت باسی گولانت بۆ بکەم؟... دەزانیت کە نەخۆش کەوتم، دەرمانێکیان لە بەری گوڵێک بۆ گرتمەوە و خەسڵەتی ئەو دەرمانە ئەوە بوو کە دەمخوارد چاومی وەک زەرەبینێک لێ دەکرد... کەچی شابیزەک[٢٣] وا لە چاو دەکات هەموو شتێک لە قەبارەی خۆی بچووکتر ببینیت... هەر چۆنێک بێت! ئێستا چاوم لە چاوی خەڵک زیاتر بڕ دەکات و لە دووری دوورەوە دەبینم، دەتوانم بە ڕۆژی ڕووناک ئەستێرەکان ببینم!

**بێنیامین:**

بەڵام خۆ ئەستێرەکان بە ئاسمانەوە نین؟

**ئێلێنۆرا:**

چەند سەیریت! ئەستێرەکان هەمیشە بە ئاسمانەوەن و... ئێستایش ڕووەو باکوور دانیشتووم و کورسیدار[٢٤] دەبینم کە وەک دوو ژمارە حەوت، ڕێک بە تەنیشت یەکترەوە، دیارە و لە نێوەڕاستی ڕێی کاکێشاندایە... ئەی تۆ دەتوانیت ببینیت؟

**بێنیامین:**

نا، ناتوانم ببینم؟

**ئێلێنۆرا:**

دە کەواتە تێبینی ئەوە بکە ئەوەی کەسێک دەتوانێت ببینێت،



کەسێکی تر نایبینێت... هەر لەبەر ئەمەیش زۆر دڵنیا مەبە لە چاوەکانت!... ئێستایش باسی ئەو گوڵەت بۆ دەکەم کە لەسەر مێزەکە دانراوە... ئەوە نێرگزی کێوییە و لە سویسرا دەڕوێت و لەوێوە هێنراوە... پەڕەکانی لە ڕووناکیی خۆریان خواردووەتەوە و هەر لەبەر ئەوەیشە زەردن و لە ئێش و ئازاریش کەم دەکەنەوە... نەختێک بەر لە گەڕانەوەم بە لای گوڵفرۆشییەکەدا ڕۆیشتم و هەر کە چاوم پێی کەوت ویستم بیکڕم و پێشکێشی "ئێلیس"ی برامی بکەم... بەڵام هەر کە ویستم لە دەرگەی گوڵفرۆشییەکەوە بچمە ژوورەوە، بینیم دەرگەکە داخرابوو... دیاریش بوو چووبوون بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی وەرگرتنی یەکێک لە منداڵەکانیان لە کڵێسا... منیش کە گوڵەکەم دەویست، کلیلەکانی خۆمم دەرهێنا و لەگەڵ دەرگەکەدا خەریک بووم... بیهێنە بەرچاوی خۆت، کلیلەکەم پڕ بە پڕی بوو و... چوومە ژوورەوە... ئەی لە زمانی بێدەنگی گولان تێ دەگەیت! هەر بۆن و بەرامەیەک و یەک دنیا شت بە بیردا دەهێنێتەوە و ئەو بیرانەیش بە تەواوی داگیریان کردم و ئیتر منیش لەبەرئەوەی چاوم وەک زەرەبینی لێ هاتووە و هەر شتێک لە قەوارەی خۆی گەورەتر دەبینێت، چوومە نێو دنیای پڕ لە نهێنیی ئەو گولانەوە کە هیچ کەس پێشتر پەی پێ نەبردووە. ئەوانیش باسی خەم و پەژارەی خۆیان بۆ کردم، کە چییان بە دەست ئەو باخەوانە نەفامەوە چەشتووە کە گەورەی کردوون ــ ناڵێم شتی زۆر ناخۆش و بێبەزەییانەیان بەسەردا هاتووە ــ چونکە ئەو باخەوانەیش یەکێک لەوانەیە کە بەر لەوەی بە باشی لە دەرئەنجامی ڕەفتارەکانیان بکۆڵنەوە، ڕەفتار دەکەن!...

ئەمجا کارتەکەم و کرۆنێکم لەسەر مێزەکە دانا و گوڵەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتم.

**بێنیامین:**

هەر ئاوها بەبێ ئەوەی بیرت لە دەرئەنجامەکەی کردبێتەوە! بیر لەوە بکەرەوە ئەگەر هەست بەوە بکەن گوڵەکە لەوێ نەماوە و پارەکەیش نەدۆزنەوە؟

**ئێلێنۆرا:**

وایە، ڕاست دەکەیت!

**بێنیامین:**

ئاخر پارە دەتوانێت ون ببێت و ئەگەر هەر بە تەنیا کارتەکەت بدۆزنەوە و پارەکە نەدۆزنەوە، ئەوا هێندەی تر قوڕەکەت خەست دەبێتەوە!

**ئێلێنۆرا:**

خۆ نایشکرێت کەس باوەڕ بەوە بکات کە من ویستوومە شتێک ببەم!

**بێنیامین:**

(لێی ورد دەبێتەوە.) بەڕاستیتە؟

**ئێلێنۆرا:**

(ئەمیش سەرنج لە بێنیامین دەدات و پاشان هەڵدەستێت.) ئەها! دەزانم، دەزانم مەبەستت چییە! گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە! چەند سەربەخۆ و بێ بیرکردنەوە ڕەفتارم کردووە! چی! بەهەرحـــــــاڵ! ئەوەی دەبێت ڕوو بدات، ڕوو دەدات! (دادەنیشێت). با ڕوو بدات! چی دەبێت، با ببێت!



**بێنیامین:**

ئەی ناتوانین هیچ بکەین...

**ئێلێنۆرا:**

بێدەنگ بە! باسی شتێکی تر بکە!... بۆ نموونە، مامۆستا ئالگرێن!... نەگبەت خۆت ئێلیس! نەگبەت خۆمان! بەڵام جەژنی هەڵسانەوەیە و دەبێت ئازار بچێژین. سبەینێش ئاهەنگ دەگیرێت؟ هایدن لێ دەدرێت کە بە مۆسیقا دوا حەوت ڕستەی عیسای مەسیح[٢٥] دەگێڕێتەوە! "دایە، سەیری کوڕەکەت بکە!" (سەری دەخاتە نێو دەستەکانییەوە و دەگری.).

**بێنیامین:**

نەخۆشییەکەت چی بوو؟

**ئێلێنۆرا:**

نەخۆشییەک نا بۆ مردن، بەڵکو بۆ شکۆمەندیی خوای گەورە و میهرەبان! "چاوەڕوانی باشە بووم و خراپە هات، چاوەڕوانی ڕووناکی بووم و تاریکی هات!"... ئەرێ، سەردەمی منداڵیت چۆن بوو، بێنیامین؟

**بێنیامین:**

نازانم، ناخۆش! ئەی هی تۆ؟

**ئێلێنۆرا:**

من قەت منداڵ نەبووم. بە پیری لە دایک بووم... کە لە دایک بووم، هەموو شتێکم دەزانی و کە فێری شتێکیش دەبووم هەر بە تەنیا بۆ ئەوە بوو کە لە بیرم نەچێتەوە. هێشتا چوار ساڵان بووم کە نەفامی و هەڵەشەیی خەڵکم ناسی، هەر لەبەر ئەوەیش

خەڵک تووش و خراپ بوون بەرانبەرم.

**بێنیامین:**

هەرچییەک تۆ دەیڵێیت، وەک ئەوە وایە منیش بیرم لێ کردبێتەوە!

**ئێلێنۆرا:**

بە دڵنیاییەوە!... بەڵام بۆ پێت وا بوو کە پارەکەم لە گوڵفرۆشییەکە ون بووبێت؟

**بێنیامین:**

چونکە ئەوەی کە ناخۆشە، هەمیشە، دەبێت ڕوو بدات!

**ئێلێنۆرا:**

تۆیش هەستت بەوە کردووە!... بێدەنگ! وا کەسێک دێت! (سەیری بەشی پشتەوەی شانۆ دەکات.). گوێم لێیە... ئێلیسە! وەی... چەند خۆشە!... تاکە هاوڕێم لەم دنیایەدا!... (دڵتەنگ دەبێت.). بەڵام... ئەو چاوەڕێی بینینی من ناکات! بە بینینیشم دڵشاد نابێت. نا، لەمە دڵنیام!... بێگومانم کە دڵشاد نابێت! ــ بێنیامین، تکایە، کە برا کلۆڵەکەم دێت، با ڕووت کراوە بێت و لەگەڵیدا ڕووخۆش بە. من دەڕۆم، تا بتوانیت ئامادەی بکەیت بە گەڕانەوەم بۆ ئێرە. بەڵام بە قسەی ڕەق نا، چونکە قسەی ڕەق ئازارم دەدات، گوێت لێمە! دەستت بێنە!

(بێنیامین دەستی بۆ درێژ دەکات.).

(ئێلێنۆرا سەری ماچ دەکات.) ئاوها! ئێستا تۆ برا بچکۆلەی منی! خوا بتپارێزێت و ئاگای لێت بێت! (بەرەو دەستەچەپ دەڕوات و بەدەم ڕۆیشتنەوە، کە دەگاتە ئاستی پاڵتۆکەی



ئێلیس، دەست بە قۆڵەکەیدا دەهێنێت.). نەگبەتی کلۆڵ ئێلیس!

(ئێلیس لە بەشی پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە. نیگەرانە.).

(هێیەست خان لە موبەقەکەوە دێتە ژوورەوە.).

**ئێلیس:**

دایە گیان!

**هێیەست خان:**

ئەمە چییە؟ لە من وا بوو دەنگێکی نامۆ بوو دەهاتە بەر گوێم!

**ئێلیس:**

دەنگوباسی تازەم پێیە! لە ڕێ، بە ڕێککەوت، پارێزەرەکەم بینی!

**هێیەست خان:**

دەی با بزانین؟

**ئێلیس:**

کێشەکە بەرز دەکرێتەوە بۆ دادگای باڵا و... بۆ ئەوەی کاتیش بە فیڕۆ نەچێت، دەبێت سەرلەبەری نووسراوەکانی چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکە بخوێنمەوە.

**هێیەست خان:**

دەی، زوو لە خوێندنەوەی دەبیتەوە!

**ئێلیس:**

(دەست بۆ نووسراوەکان کە لەسەر مێزی نووسینەکە دانراون ڕادەکێشێت.). ئاخ! پێم وابوو کە ئیتر هەموو شت بڕاوەتەوە، کەچی ئێستا دیسان دەبێت چیرۆکی ئەم هەموو ئازار و

تالاوییە بچێژم ـ هەموو گوناهبارکردنەکان، شایەتییەکان و هەموو بەڵگەکانیش! دیسان و سەرلەنوێ!

**هێیەست خان:**

ئێ، بەڵام خۆ دادگای باڵا ئازادی دەکات!

**ئێلیس:**

نا، دایە، نا! ئازاد ناکرێت، چونکە ئەو خۆی دانی بە هەموو شتێکدا ناوە!

**هێیەست خان:**

ئا، بەڵام ، پارێزەرەکە، کە دوایین جار قسەم لەگەڵدا کرد، وتی ڕەنگە لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کارەکەدا هەڵەیەک کرابێت!

**ئێلیس:**

ئەو تەنیا بۆ دڵدانەوەی تۆ وای وت!

**هێیەست خان:**

ناچیت بۆ داوەتەکەی ئەم ئێوارەیە، وا نییە؟

**ئێلیس:**

نەء!

**هێیەست خان:**

دیسانەوە ڕای خۆتت گۆڕیوە!

**ئێلیس:**

ئا!

**هێیەست خان:**

ئەمە باش نییە!



**ئێلیس:**

دەزانم، بەڵام منیش وەک تەلاشە دارێک کەوتوومەتە بەر بەزەیی شەپۆلی زەریاچەکان!

**هێیەست خان:**

پێم وا بوو کە پێش نەختێک دەنگێکی نامۆم هاتە بەرگوێ، کە ناسیمەوە! بەڵام دیارە بە هەڵەدا چووبووم! (ئاماژە بۆ پاڵتۆکە دەکات.). وتم ئەو پاڵتۆیە نابێت لەوێدا هەڵبواسرێت! (بەرەو دەستەڕاست دەڕوات.).

**ئێلیس:**

(بە لای دەستەچەپدا لا دەکاتەوە و چاوی بە نێرگزە کێوییەکەی سەر مێزی نانخواردنەکە دەکەوێت. ڕوو دەکاتە بێنیامین.). ئەم گوڵە لە کوێوە هاتووە؟

**بێنیامین:**

کچێک هێنای!

**ئێلیس:**

کچ! ئەم قسەیە چییە؟ کێ بوو؟

**بێنیامین:**

کچێـ...

**ئێلیس:**

خوشکەکەم... بوو؟

**بێنیامین:**

ئا!

(ئێلیس لەسەر کورسییەکی لای مێزی نانخواردنەکە، بە زەحمەتییەوە، دادەنیشێت.).

(پشوو.)

**ئێلیس:**

قسەت لەگەڵدا کرد؟

**بێنیامین:**

ئا...

**ئێلیس:**

خوا هاوار! بەس نییە ئیتر!... خراپ بوو لەگەڵت؟

**بێنیامین:**

خراپ! ئەو! نا، بەپێچەوانەوە زۆر میهرەبان بوو! زۆریش!

**ئێلیس:**

سەیرە!... ئەی باسی منی کرد؟ تووڕە بوو لێم؟

**بێنیامین:**

نا! بەپێچەوانەوە! وتی کە تۆ باشترین هاوڕێیی ئەویت لەم دنیایەدا...

**ئێلیس:**

چ گۆڕانێکی سەیرە!

**بێنیامین:**

کاتێکیش کە ڕۆیشت، دەستی بە پاڵتۆکەت دا، ئا... بەوێدا، بە قۆڵەکەیدا، هێنا...

**ئێلیس:**

ڕۆیشت؟ بۆ کوێ ڕۆیشت؟



**بێنیامین:**

(ئاماژە بۆ دەرگەی دەستەچەپ دەکات.). بۆ ئەوێ!

**ئێلیس:**

کەواتە لەوێیە؟

**بێنیامین:**

ئا!

**ئێلیس:**

زۆر دڵخۆش و میهرەبان دیاریت، بێنیامین!

**بێنیامین:**

زۆر بە جوانی قسەی بۆ دەکردم...

**ئێلیس:**

لە بارەی چییەوە؟

**بێنیامین:**

چیرۆکی دەگێڕایەوە و لە بارەی دینیشەوە قسەی زۆری کرد...

**ئێلیس:**

(هەڵدەستێت.). ئەمانەیش دڵیان خۆش کردیت.

**بێنیامین:**

ئا!

**ئێلیس:**

بەستەزمان ئێلێنۆرا، کە خۆی هێندە بەدبەختە و کەچی دەیشتوانێت خۆشی و شادی بە خەڵکی ببەخشێت! (بەرەو لای چەپ، بەڵام بەبێ ئەوەی پەلەی بێت، دەڕوات.). خوای گەورە هاوار! یارمەتییەک!

## بەشی دووەم

هەینیی ڕەش[٢٦]

مۆسیقای پێش دەستپێکردنی ئەم بەشە:

هایدن،

Sieben Worte
Largo N:o 1. "Pater dimitte illis”.

هەمان دیکۆر، بەڵام پەردەکان دادراونەتەوە و تیشکی چراکەی دەرەوەیان کەوتووەتە سەر. چرای بنمیچەکە داگیرساوە، چرایەکی بلوورین لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانراوە. ئاگر لە ئاگردانەکەدا کراوەتەوە.

ئێلیس و کریستینا لە لای مێزی درووماەنەکەوە، بەبێ ئەوەی بە هیچ شتێکەوە خەریک بن، دانیشتوون. ئێلێنۆرا و بێنیامین، لە لای مێزی نانخواردنەکەوە، ڕووبەڕووی یەکتر، دانیشتوون و دەخوێننەوە و چرایەکی داگیرساویش لە نێوانیاندایە. ئێلێنۆرا شاڵێکی بەسەر شانوملیدا داوە. هەموویان جلوبەرگی ڕەشیان لە بەردایە؛ ئێلیس و بێنیامین ملپێچی سپییان لە ملدایە.

نووسراوەکانی دادگاییکردن، لێرە و لەوێ، لەسەر مێزی نووسینەکە بڵاو کراونەتەوە. نێرگزە کێوییەکە لەسەر مێزی درووماەنەکەیە. کاتژمێرێکی کۆن لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانراوە.



سێبەری کەسێک کە لەوێوە تێپەڕ دەبێت، جارناجار، دەکەوێتە سەر پەردەکان.

**ئێلیس:**

(بە دەنگێکی کەمێک بەرز قسە بۆ کریستینا دەکات.). هەینیی ڕەش! بەڵام چ ڕۆژێکی دوورودرێژ و دڵتەقێنە! بەفریش، وەک پووش و پەڵاشی بەر دەرگەی ماڵە مردوو، لەسەر بەردی سەر جادەکان کەوتووە، دەنگیش لە هیچ لایەکەوە نایەت ــ بێجگە لە دەنگی گڕی "ئۆرێل"ی کڵێسا، کە تا ئێرە دەگات...

**کریستینا:**

دایکت چوو بۆ پاڕانەوەی دوای نیوەڕۆ لە کڵێسا... وا نییە!

**ئێلیس:**

ئا، لە کاتێکدا کە ناوێرێت خۆی لە پاڕانەوە و نوێژی شێوان بدات، چونکە سەیرکردن و تێڕامانی خەڵک برینداری دەکەن.

**کریستینا:**

ئەم خەڵکە سەیرن، هەموویان داوای ئەوە دەکەن خۆمانیان لێ بە دوور بگرین و پێیان وایە ئەمەیان گونجاوترە...

**ئێلیس:**

ڕەنگە ناهەقیشیان نەبێت...

**کریستینا:**

تەنیا لەبەر هەڵەی کەسێک، نەفرەت لە هەموو خێزانەکە کراوە...

**ئێلیس:**

وایە ئیتر!

(ئێلێنۆرا چراکە بەرەو لای بێنیامین پاڵ پێوە دەنێت، تا باشتر ببینێت.).

(ئێلیس ئاماژە بۆ ئێلێنۆرا و بێنیامین دەکات.) سەیریان بکە!

**کریستینا:**

چەند جوانن!... چەند باشیش لەگەڵ یەکتردا ڕێککەوتوون!

**ئێلیس:**

چ خۆشبەختییەکە کە ئێلێنۆرا ئاوها هێمن و لەسەرخۆیە! ئۆف، خۆزگە ئەمە بەردەوام بووایە!

**کریستینا:**

ئەی بۆ بەردەوام نابێت؟

**ئێلیس:**

چونکە... خۆشبەختی زۆر بڕ ناکات! من، ئا لەم ڕۆژەدا، لە هەموو شتێک دەترسم!

(بێنیامین بە هێواشی چراکە بەرەو لای ئێلێنۆرا پاڵ پێوە دەنێت، تا باشتر ببینێت.).

**کریستینا:**

تەماشایان کە!

**ئێلیس:**

هەستت پێ کردووە بێنیامین چەندە گۆڕراوە! ڕکەبەرییە بێدەنگەکەی گۆڕراوە و بووە بە خۆبەدەستەوەدانێکی هێمن...

**کریستینا:**

نامەوێت بڵێم قەشەنگ! بەڵام تەماشاکە ئێلێنۆرا چەندە شیرینە.



**ئێلیس:**

لەگەڵ خۆیشیدا فریشتەی ئاسایشی هێناوە و بەبێ ئەوەی ببینرێت بەم نێوەدا دێت و دەچێت و هێمنییەکی تەواوی بەم دەوروبەرەدا بڵاو کردووەتەوە... تەنانەت دایکیشم، کە ئێلێنۆرای بینیی، هێمنییەک دای گرت کە چاوەڕێم نەدەکرد لێی!

**کریستینا:**

بڵێیت ئیتر چاک بووبێتەوە؟

**ئێلیس:**

ئا، ئەگەر ئەم هەست ناسکییە پڕ لە زێدەڕۆییەی تێدا نەمایە. ئەوەتا ئێستا دانیشتووە و "چیرۆکی ئازارەکانی عیسای مەسیح" دەخوێنێتەوە و جاروباریش دەگری.

**کریستینا:**

بیرمە ئێمەیش چوارشەممەوان، کاتی بەڕۆژووبوون، لە قوتابخانە هەمان شتمان دەخوێند...

**ئێلیس:**

زۆر باش گوێی لێیە! بە دەنگی بەرز قسە مەکە!

**کریستینا:**

باوەڕ ناکەم، چونکە بیر و خەیاڵی لە جێیەکی ترە!

**ئێلیس:**

هەستت کردووە کە ڕەنگ و ڕووی بێنیامین چۆن گۆڕاوە و چۆن سەرنج بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت؟

**کریستینا:**

ڕەنگ و ڕووی ئازارچێشتنە، چونکە دڵخۆشی هەموو شتێک هیچوپووچ و بێ برەو دەکات.

**ئێلیس:**

ڕەنگە... خۆشەویستی بێت! لەو باوەڕدا نیت کە ئەو منداڵانە...

**کریستینا:**

وس بە! بێدەنگ!... دەست لە باڵی پەپوولە مەدە! ئەگەرنا دەفڕێت!

**ئێلیس:**

ئەوان سەیری یەکتر دەکەن و وا پێشانیش دەدەن کە دەخوێننەوە، چونکە، هێندەی گوێم لێ بێت، پەڕەکان هەڵنادەنەوە.

**کریستینا:**

بێدەنگ بە!

**ئێلیس:**

سەیری ئێلێنۆرا بکە، ئیتر خۆی بۆ ناگیرێت...

(ئێلێنۆرا هەڵدەستێت، لەسەر پەنجە بەرەو بێنیامین دەڕوات و شاڵەکەی خۆی بەسەر شانوملیدا دەدات. بێنیامین نەختێک بەرهەڵستی دەکات، بەڵام دواتر شل دەبێت و پاشان ئێلێنۆرا دەڕوات و دادەنیشێت و بەرەو لای بێنیامین پاڵ بە چراکەوە دەنێت.).

**کریستینا:**

ئەو کڵۆڵە خۆیشی نازانێت چۆن چاکە بکات.



**ئێلیس:**

(هەڵدەستێت.). با بچمەوە بە لای نووسراوەکانی دادگاوە...

**کریستینا:**

هیچ ئەنجامێک لەو خوێندنەوەیەدا دەبینیت؟

**ئێلیس**

تەنیا یەک ئەنجام: ئەویش هێشتنەوەی هیوای دایکمە و هیچی تر! منیش، ئەگەرچی تەنیا وا خۆم پێشان دەدەم کە دەخوێنمەوە، بەڵام وشەکان وەک چقڵ لە چاڵی چاوم هەڵدەچەقن و دەمێننەوە. زانیاریی شاهیدەکان، کۆکراوەی ژمارەکان، دانپێدانەکانی باوکم... ئا بەم جۆرە: "تاوانبار بەدەم گریانەوە دانی بە تاوانەکانیدا نا و..." ئەو هەموو فرمێسک و گریانە، ئەو هەموو گریانە و ئەم گشت کاغەزە مۆرکراوانەیش... کە پارەی ساختە و قفڵی زیندان بە بیردا دەهێننەوە، هەروەها ئەو هەموو پەت و مێوە سوورانەیش کە کاغەزەکانیان پێ مۆر کردووە... کە لە پێنج برینەکەی عیسای مەسیح دەچن و... ئەم گشت ڕستانەیش کە دواییان نایەت و کوڵ و کۆڤانی هەتاهەتاییش... ئەمانە هەر هەموویان کاری ئەم ڕۆژە هەینییە دوابڕاوە دوورودرێژەن... دوێنێ خۆرەتاو بوو، دوێنێ، بەدەم خەیاڵاتەوە، بەرەو دەرەوەی شار دەچووین... کریستینا، بیر لەوە بکەرەوە، ئەگەر ناچار بین ئەم هاوینەیش لێرە بمێنینەوە!

**کریستینا:**

ئەگەر بمێنینەوە پارەیەکی زۆر پاشەکەوت دەکەین، بەڵام خەمهێن و ناخۆشیش دەبێت!

**ئێلیس:**

باوەڕ ناکەم بە زیندوویی بمێنمەوە... سێ هاوین، سێ هاوینە لێرەم و... وەک گۆڕێک وایە. ڕۆژی نیوەڕۆیە و ئەو جادە دێژە دووردرێژەیش وەک ڕیزەگۆڕێکی پێچەڵپێچ کشاوە... مرۆڤێک نابینیت، ئەسپێک نابینیت، سەگێک نابینیت... بەڵام جرجەکان، لە کاتێکدا پشیلەکان خەریکی سەیروخۆشیی هاوینەی خۆیانن، لە دەمی زێرابەکانەوە دێنە دەرەوە... ئەوانەیش کە لە بەردەمی ئاوێنەکاندا بەجێ هێڵراون، دانیشتوون، چاو بە خەڵکیدا هەڵدەهێنن، لە جلوبەرگی خەڵک ورد دەبنەوە و دەڵێن: "تۆ تەماشا، هێشتا جلوبەرگی زستانەی دانەکەندووە!"... یا لە پاژنەی خواروخێچی پێڵاوی خەڵک و لە هەڵەی خەڵک ورد دەبنەوە و... لە گەڕەکی هەژارنشینەکانیشەوە پەککەوتە و کەنەفتان، کە پێشتر خۆیان شاردبووەوە، بە هانکەهانک، دێن و خەڵکانی بێ لووت و گوێ و خەڵکانی تووش و بەد و بەدبەختن و... لە ڕیزی یەک دانیشتوون و خۆیان داوەتە بەر تیشکی خۆر، کتومت وەک ئەوەی شاریان خستبێتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و داگیریان کردبێت... ئەو جێگەیانەیش کە نەختێک لەمەوپێش منداڵانی پۆشتەوپەرداخ، بەدەم قسە خۆش و دنەدەرەکانی دایکیانەوە، یارییان تێدا دەکردن، پڕ بوون. لە پینەوپەڕۆپۆشان کە هەر خەریکی نەفرەت لە یەکتر کردن و ئازاردانی یەکترین.. ڕۆژی نیوەی هاوینی دوو ساڵ لەمەوبەرم بیر دێتەوە کە.

**کریستینا:**

ئێلیس! ئێلیس! سەیری پێشەوە بکە، پێشەوە!



**ئێلیس:**

بۆ ئەوێ ڕووناکترە؟

**کریستینا:**

با وا دابنێین!

**ئێلیس:**

(لەسەر کورسییەکی لای مێزی نووسینەکەوە دادەنیشێت.). ئەگەر هەر ئەوەندە ئەو بەفربارینەی دەرەوە ببڕایاتەوە! تا بمانتوانیایە بچینە دەرەوە و پیاسەیەک بکەین!

**کریستینا:**

هاوڕێی خۆشەویست، تۆ دوێنێ ئێوارە، بۆ ئەوەی لە چاوی خەڵک بمانشاریتەوە، خۆزگەت بە گەڕانەوەی تاریکی دەخواست... دەتوت: "تاریکی زۆر خۆشە، هەر خێر و خۆشییە و وەک ئەوە وایە بە لێفەکەت سەرت داپۆشیت!"

**ئێلیس:**

ئەوەتا خۆشت دەیبینیت، کلۆڵییەکە لە هەموو بارێکیدا هەر هەمان کلۆڵییە و هەر هەمان قەوارەی هەیە... (لە کاغەزەکان دەخوێنێتەوە.). بەڵام ناخۆشترین شت لەمەدا ئەو پرسیارانەن کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە جۆری ژیانی باوکمەوە هەیە... ئەوەتا نووسراوە کە ئێمە گوایا هەر خەریکی داوەت و داوەتکاری بووین... شاهیدێکیش دەڵێت باوکم دەیخواردەوە!... نەخێر، ئەمە زۆری بە بەرەوەیە! من لەوە زیاترم لە توانادا نییە و بەرگە ناگرم!... بەڵام دیسان ناچاریشم... هەمووی تا کۆتایی بخوێنمەوە!... سەرمات نییە؟

**کریستینا:**

نا، بەڵام گەرمیش نییە!... ئەرێ "لینا" لە ماڵەوە نییە؟

**ئێلیس:**

نا، وەک خۆیشت دەزانیت، پشووی هەیە.

**کریستینا:**

دایکیشت نەختێکی تر دێتەوە؟

**ئێلیس:**

من هەمیشە، کە لە دەرەوە دێتەوە، دەترسم، چونکە هەمیشە دنیایەک شتی بینیوە، دنیایەکیش شتی بیستووە و هەموویشیان هەر شتی خراپ.

**کریستینا:**

پەستی و دڵتەنگییەکی نائاسایی ئەم خێزانەی داگرتووە.

**ئێلیس:**

هەر لەبەر ئەوەیش لە پەست و دڵتەنگان زیاتر قەت هیچ کەسێکی تر نەیویستووە لەگەڵمان هەڵبستێت و دابنیشێت! دڵشادانیش هەمیشە سڵیان لێمان کردووەتەوە!

**کریستینا:**

ئەوە دایکت لە دەرگەی موبەقەکەوە پەیدا بوو!

**ئێلیس:**

کریستینا... سنگت فراوان بێت لەگەڵیدا و توندوتیژ مەبە!

**کریستینا:**

نا... نا! بێگومان ئەو لە هەر هەموومان خراپتر تووش بووە! بەڵام لێشی تێ ناگەم!



**ئێلیس:**

ئەو کڵۆڵە، هێندەی بتوانێت، شەرمەزاریی خۆی دەشارێتەوە و هەر لەبەر ئەوەیش نەک تۆ، کەس لێی تێ ناگات!

***

**هێیەست خان:**

(دێتە ژوورەوە، جلی ڕەشی پۆشیوە، کتێبی سروودی ئاینی و دەستەسڕێکی بە دەستەوەیە.). منالان، ئێوارەتان باش!

**هەموو پێکەوە:**

(بێجگە لە بێنیامین کە لەبەر خۆیەوە و بە نزمی سڵاوی دەستێنێتەوە.). ئێوارەت باش، دایە گیان!

**هێیەست خان:**

هەمووتان، وەک ئەوەی لە پرسەدا بن، جلی ڕەشتان پۆشیوە؟

(بێدەنگی.).

**ئێلیس:**

هێشتا بەفر هەر دەبارێت؟

**هێیەست خان:**

ئا... بە کلووی گەورە گەورە، بەڵام زوویش دەتوێتەوە! ئێرە ساردە!... (بەرەو لای ئێلێنۆرا دەڕوات و دەست بەسەر شانیدا دەهێنێت.). ئێی، کچە جوانەکەم، دەبینم دەخوێنیتەوە و بە دەرسەکانتدا دەچیتەوە! (ڕوو لە بێنیامین.) تۆیش هێندەی پێویست خۆت بە دەرسەکانتەوە خەریک ناکەیت!

(ئێلێنۆرا دەستی دایکی دەگرێت و دەیهێنێت بە دەمولێویدا).

(هێیەست خان دەست دەهێڵێتەوە.). بەسە، کچی خۆم!
بەسە... بەسە!...

**ئێلیس:**

لە نوێژی ئێوارە بوویت!

**هێیەست خان:**

ئا، قەشەی شار بوو و حەزم لە چارەیشی نییە!

**ئێلیس:**

ئەی کەسی ناسیاوت بینی؟

**هێیەست خان:**

(لەسەر کورسییەکی لای مێزی دروومانەکە دادەنیشێت.).
باشتر بوو هەر کەسم نەبینیایە!

**ئێلیس:**

دە کەواتە دەزانم کێت بینیوە...

**هێیەست خان:**

ليندکڤیست! لێم هاتە پێشەوە و...

**ئێلیس:**

تۆ سەیری ئەو نەگبەتییە...

**هێیەست خان:**

هەواڵی پرسین و... ئەمجا بیهێننە پێش چاوی خۆتان، پرسی ئەگەر بتوانێت ئەم ئێوارەیە سەردانێکمان بکات.

**ئێلیس:**

بەم ئێوارەی پشوودانە و لەم ڕۆژە پیرۆزەدا؟



**هێیەست خان:**

زمانم بەسترا! ئەویش بێدەنگیی من وەک ڕازیبوون تێگەیشت!
(پشوو.). هەر ئەوەندەتان زانی و لێرە قووت بووەوە!

**ئێلیس:**

(هەڵدەستێت.). لێرە؟ ئێستا؟

**هێیەست خان:**

وتی بە نیازە کاغەزێک جێ بهێڵێت، کە بە پەلە دەبێت جێ بهێڵرێت.

**ئێلیس:**

دەیەوێت مۆبیلەکان ببات.

**هێیەست خان:**

بەڵام زۆر نیگەران دیار بوو... لێی تێ نەگەیشتم!

**ئێلیس:**

با بێت. هەق لە لای ئەوە و ئێمەیش دەبێت مل بدەین. دەبێت، کە هات، بە شێوەیەکی شایان پێشوازی لێ بکەین.

**هێیەست خان:**

هەر هێندە من نەیبینم ئیتر!

**ئێلیس:**

تۆ دەتوانیت بچیتە ژوورەوە...

**هێیەست خان:**

بەڵام نابێت مۆبیلەکان ببات. ئەی لە کوێ و لەسەر چی بژین، ئەگەر هەموو شتەکانمان ببات؟ خۆ نایشکرێت لە ژووری بەتاڵ و بێ مۆبیلەدا بژین؟ دەکرێت!

**ئێلیس:**

ڕێوی لە کونەڕێوی و باڵندەیش لە هێلانەدا دەژین و... لانەوازانیش لە دارستان.

**هێیەست خان:**

ئەوێ جێی ژیانی ناکەس و دەغەلانە، نەک خەڵکی بە بەشانوشکۆی وەک ئێمە!

**ئێلیس:**

(لەسەر کورسییەک، لای مێزی نووسینەکەوە.). دەخوێنمەوە، دایە!

**هێیەست خان:**

هیچ هەڵەیەکت دۆزیوەتەوە؟

**ئێلیس:**

نا، پێم وا نییە هیچ هەڵەیەکیشی تێدا بێت!

**هێیەست خان:**

بەڵام نەختێک لەمەوپێش نووسەری دادگای تاوانم بینی و ئەو وتی هیچ دوور نییە هەڵەیەکی سەرپێیی لە دادگاییکردنەکەدا ڕووی دابێت، وەک شاهێدییەک کە لایەنگری تێدا بووبێت، یان شتێکی بێ بەڵگە وترابێت، یان شتێک وترابێت کە خۆی لە خۆیدا بەرپەرچی خۆی دەداتەوە. دەبێت باش نەتخوێندبێتەوە!

**ئێلیس:**

با، دایە، باشم خوێندووەتەوە، بەڵام زۆریش ناخۆشە کە...

**هێیەست خان:**

گوێ بگرە، نەختێک لەمەوپێش نووسەری دادگای تاوانم بینی ـ



ڕاستە نەختێک لەمەوپێش وتم کە بینیومە ـ ئەو باسی دووکانبڕینێکی کرد کە دوێنێ لێرە، لە شار، بە ڕۆژی ڕووناک، ڕووی داوە.

(ئێلێنۆرا و بێنیامین وریا دەبنەوە و گوێ شل دەکەن.).

**ئێلیس:**

دووکانبڕین؟ لێرە، لە شار؟ لە کوێ؟

**هێیەست خان:**

گوایا لە گوڵفرۆشییەکەی کلۆستەرگاتان بووە، بەڵام هەر زۆر سەیریش بووە. ئا بەم شێوەیە: گوڵفرۆشەکە دووکانەکەی داخستووە بۆ ئەوەی بچێت بۆ کڵێسا، کە لەوێ کوڕەکەی... یان ڕەنگە کچەکەیشی بووبێت، جارێکی تر لە کڵێسا ناونووس و قەبووڵ بکرێت. کاتێک کە سەعات سێ، یان لەوانەیە سەعات چواریش بووبێت، کە ئەمەیان هێندە گرینگ نییە، گەڕاوەتەوە... تەماشای کردووە دەرگەی دووکانەکەی کراوەتەوە و چەند گوڵێک، بە تایبەت مەندیلانێکی زەرد، دیار نەماون!

**ئێلیس:**

مەندیلان! جا بەس نەبوو نێرگسەکێوی نەبوو!

**هێیەست خان:**

نا، مەندیلان بوو، بێگومان. بەهەرحاڵ ئێستا پۆلیس کەوتووەتە جووڵە و...

(ئێلێنۆرا هەڵساوە، وەک ئەوەی بیەوێت قسە بکات، بەڵام بێنیامین لێی دەچێتە پێشەوە و شتێک بە گوێیدا دەچرپێنێت.).

بیر بکەرەوە، بەم ڕۆژی پێنجشەممە پیرۆزەی بەر لە هەڵسانەوە،

له کاتێکدا گەنجێک له کڵێسا لەسەر ڕێوڕەسمی ئاینی وەردەگیرێت، دووکان ببڕێت... سەرلەبەری شار پڕ بووە له دەغەڵ و ناکەسان! هەر لەبەر ئەوەیشە بێگوناهان له زیندان توند دەکەن.

**ئێلیس:**

ئەی گومان له هیچ ناکەن؟

**هێیەست خان:**

نازانرێت! بەڵام دزێکی زۆر سەیریش بووە، چونکە دەستکاری پارەوپوولی ناو چەکمەجەکەی نەکردووە!...

**ئێلیس:**

ئاخ، هەر ئەمڕۆمان له کۆڵ ببوایەتەوە!

**هێیەست خان:**

ئەگەر "لێنا"یش بهاتایەتەوە!... با... دوێنێ گوێم لێ بوو باسی نانی شێوانەکەی دوێنێی ماڵی پێتروس دەکرا! پارێزگاریش بەشداری تێدا کردبوو.

**ئێلیس:**

سەر لەمە دەرناکەم، چونکە هەمیشە وا تەماشای پێتروس دەکرا دژ به لایەنگرانی بەرەی پارێزگار بووبێت!

**هێیەست خان:**

ئێ لەوانەیە ئێستا ڕای گۆڕیبێت.

**ئێلیس:**

ئێ دیارە... ئەو هەر لەخۆڕا ناوی پێتروس نییە!





**هێیەست خان:**

چ قینێکت له پارێزگار هەڵگرتووە؟

**ئێلیس:**

ڕێگرە... ڕێ لە هەموو شت دەگرێت! هەموو شتێک! ڕێی له کردنەوەی قوتابخانەی خوێندنی میللی گرت، ڕێی لەوە گرت گەنجان بتوانن مەشقی چەک بکەن، دەیشیویست ڕێ لەو پایسکیل سوارانە کە هیچ گوناهێکیان نەبوو بگرێت، دەیویست ڕێ له کردنەوەی ئەو خانەی هاوینانەیش بگرێت کە قوتابییان پشووی هاوینی تێدا به سەر دەبەن و... ڕێی له منیش گرتووە!

**هێیەست خان:**

ئا لەمەیان تێ ناگەم و... ئەگەرچی گرینگییەکی ئەوتۆیشی نییە. هەروەها پارێزگار لەوێ قسەیشی کردبوو و... پێتروسیش سوپاسی کردبوو...

**ئێلیس:**

ڕەنگە پڕ به دڵیش سوپاسی کردبێت و نکۆڵی له مامۆستاکەیشی کردبێت و وتبێتی: "من ئەو پیاوە ناناسم." دیسان کەڵەشێرەکەیش خوێندبێتی! ئەرێ بەڕاست پاشناوی پارێزگار پۆنتیوس و ناوی خۆیشی پیلاتوس نییە؟[٢٧]

(ئێلێنۆرا وەک ئەوەی بیەوێت قسە بکات، دەکەوێتە جووڵە، بەڵام خۆی هێور دەکاتەوە.)

**هێیەست خان:**

ئەوەندە تووڕە و تاڵ مەبە، ئێلیس. خەڵک خەڵکە و دەبێت لەگەڵیاندا ڕابکێشین!

**ئێلیس:**

بێدەنگ! گوێم لە دەنگی پێی "ليندكڤيست"ە!

**هێیەست خان:**

لە خرمەخرمی بەفرەکەوە؟

**ئێلیس:**

نا... گوێم لە دەنگی گۆچانەکەیەتی کە بەر بەردەکان دەکەوێت و گوێشم لە دەنگی پێڵاوە چەرمەکانیەتی!... برۆ، دایە برۆ!

**هێیەست خان:**

نا، ناڕۆم و دەمەوێت شتێکی پێ بڵێم!

**ئێلیس:**

تکایە برۆ! چونکە زۆر ناخۆش دەبێت بۆ هەمووومان!

**هێیەست خان:**

(هەڵدەستێت، پەشۆکاوە.). دوای ئەو ڕۆژەیش ببڕێت، کە تێیدا لە دایک بووم!

**کریستینا:**

کفر مەکە!

**هێیەست خان:**

(بەخۆدانازینەوە.). "با ئەوەی کە نارەوایی کردووە تووشی ئەم گرفتارییە نەبێت و ئەوەیش کە هیچ خراپەیەکی نەکردووە ئازاری ئەم کڵۆڵی و ناڵەناڵە بچێژێت!"

**ئێلینۆرا:**

(دڵ نیگەران، هاوار دەکات.) دایە!



**هێیەست خان:**

خوایە بۆ خۆم و ماڵ و مناڵمت ئاوها بە جێت هێشتووە! بۆ! (بەرەو لای دەستەچەپ دەڕوات.).

***

**ئێلیس:**

(وەک ئەوەی گوێ لە دەرەوە بگرێت.). ڕاوەستاوە!... لەوانەیە پێی وا بێت کە ئێستا کاتی ئەوە نییە... یان زۆر بێبەزەییانەیە!... بەڵام کەسێکی وەک ئەو کە ئەو هەموو نامە ترسناکانەی نووسیبێت، بێگومان، پێی وا نییە ئەمە بێبەزەییانە بێت! هەمیشەیش نامەکانی لەسەر کاغەزی شین بوو و لەوساوەیش ناتوانم نامەی شین ببینم و هەڵنەلەرزێم!

**کریستینا:**

دەتەوێت چی بڵێیت، دەتەوێت پێشنیازی چی بکەیت؟

**ئێلیس:**

نازانم! بیر و هۆشم لەبەر بڕاوە، ڕا و تەگبیریش هەروەها... چی بکەم! لە بەردەمیدا بێمە سەر چۆکان، داوای بەزەیی لێ بکەم... گوێت لێیە؟ من خۆم، بێجگە لە دەنگی خوێنی خۆم کە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، گوێم لە هیچ شتێکی تر نییە؟

**کریستینا:**

با بیر لە ناخۆشترین شت بکەینەوە! دێت و هەموو شتێک دەبات...

**ئێلیس:**

ئەمجا خانەخوێیەکەمان دێت و داوای کەفیل، کە بە من پەیدا

نابێت، دەکات؛ چونکە چیتر مۆبیلەکان ناتوانن وەک دڵنیایی جێی کرێی بۆ بگرنەوە!

**کریستینا:**

(کە لە پشت پەردەکانەوە تەماشای دەرەوەی کردووە). چی تر لەوێ نییە! ڕۆیشتووە!

**ئێلیس:**

ئۆف!... دەزانیت کە خۆبەدەستەوەدانی دایکم، کە خۆی هێندەیش بە گرینگ نەیگرتووە، زۆر زیاتر لە هەڵچوون و تووڕەبوونەکەی ئازارم دەدات!

**کریستینا:**

خۆبەدەستەوەدانی ئەو تەنیا بۆ خۆ وا پیشاندان و خۆخەڵەتاندنە. ئەی نەتبینی چ نەڕەیەک لە دواقسەکەیدا هەبوو، هەر لە نەڕەی دەڵەشێر دەچوو... بینیت چۆن گیڤ بووبووەوە؟

**ئێلیس:**

دەزانیت، کە ئێستا بیر لە لیندکڤیست دەکەمەوە، وەک دێوێکی ڕووخۆش دێتە بەرچاوم کە تەنیا بیەوێت منداڵ بترسێنێت و هیچی تر! چۆن و بۆ ئەمەم لە ئێستا بە بیردا دێت؟

**کریستینا:**

ئیتر بیرە و دێن و دەچن...

**ئێلیس:**

چ بەختێکە کە لە نانخواردنەکەی دوێنێ ئێوارە نەبووم... بە دڵنیاییەوە دەمم دەکرایەوە و قسەیەکم لە دژی پارێزگار دەکرد



و ئەوسایش هەموو شتێکم هەم لە خۆم و هەم لە خۆمان تێک دەدا! بە ڕاستی لە بەختەمان بوو لەوێ نەبووم!

**کریستینا:**

چاوت لێیە!

**ئێلیس:**

سوپاس بۆ ئامۆژگارییەکەت. تۆ چاک "پێتروس"ەکەی خۆتت دەناسی!

**کریستینا:**

"پێتروس"ەکەی من؟

**ئێلیس:**

مەبەستم ئەوە بوو... "پێتروس"ەکەی من! تەماشا، دیسان گەڕایەوە! وەی لە خۆمان! (سێبەری پیاوێک کە کەوتووەتە سەر پەردەکان و نزیک دەبێتەوە دەبینرێت. سێبەرەکە وردە وردە گەورە و گەورەتر دەبێت. هەموویان هەست بە نیگەرانییەکی زۆر دەکەن). دێوەکەیە! تەماشاکەن، ئەو دێوەی کە دەیەوێت هەموومان هەڵلووشێت!

**کریستینا:**

کەواتە، وەک لە چیرۆکاندا هەیە، با بە دەمییەوە پێ بکەنین!

**ئێلیس:**

من چیتر ناتوانم پێ بکەنم!

(سێبەرەکە بچووک دەبێتەوە و ئەمجا ون دەبێت).

**کریستینا:**

کەواتە سەیری گۆچانەکە بکە، دەیشبێت پێ بکەنیت!

**ئێلیس:**

ڕۆیشت! ئێستا دەتوانم هەناسە بدەم، چونکە ئیتر تا سبەی ناگەڕێتەوە! ئۆف!

**کریستینا:**

سبەینێش خۆر هەڵدێت، ئەمجا ئێوارەی هەڵسانەوەیە، بەفر دەتوێتەوە و باڵندەکانیش دەخوێنن.

**ئێلیس:**

زیاتر... باسی شتی وا بکە! هەموو شتێک، کە تۆ دەیڵێیت، دەیبینم.

**کریستینا:**

ئەگەر بتتوانیایە ناو دڵی من ببینیت، ئەگەر بتتوانیایە بیرەکانی من، نیازە پاکەکانی من، ئەو پاڕانەوەی لە ناخی ناخمەوە دێتە دەرەوە، ببینیت. ئەگەر بتتوانیایە ئێلیس، ئێلیس ئەوسا... من ئێستا... (ڕێ لە خۆی دەگرێت.).

**ئێلیس:**

چی؟ بیڵێ؟

**کریستینا:**

ئێستا... داوای شتێکت لێ دەکەم.

**ئێلیس:**

بیڵێ!

**کریستینا:**

تەنیا تاقیکردنەوەیەکە و هیچی تر! بیری لێ بکەرەوە، تەنیا وەک تاقیکردنەوەیەک بیری لێ بکەرەوە، ئێلیس!



**ئێلیس:**

تاقیکردنەوە! هەڵسەنگاندن؟ بیڵێ!

**کریستینا:**

ڕێم بدە... نا، ناوێرم! لەوانەیە سەرنەگرێت!

(ئێلێنۆرا وریا دەبێتەوە و گوێ دەگرێت.).

**ئێلیس:**

بۆ ئازارم دەدەیت؟

**کریستینا:**

پەشیمان دەبمەوە، دەزانم، دەزانم کە پەشیمان دەبمەوە!... بەڵام چی دەبێت با ببێت! ئێلیس، ڕێم بدە ئێوارە بچم بۆ ئەو ئاهەنگی مۆسیقایە.

**ئێلیس:**

کام ئاهەنگ؟

**کریستینا:**

ئاهەنگی مۆسیقای "حەوت وشەکەی کاتی لە خاچدان"ی هایدن، لە کڵێسای گەورەی شار!

**ئێلیس:**

لەگەڵ کێ؟

**کریستینا:**

لەگەڵ ئەلیس...

**ئێلیس:**

ئەلیس و...؟

**کریستینا:**

پێتروس!

**ئێلیس:**

لەگەڵ پێتروس؟

**کریستینا:**

چاوت لێیە، چۆن ڕەنگت گۆڕا، چۆن تاریک بوویت!... پەشیمانم، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوە!

**ئێلیس:**

ڕاست دەکەیت، زۆریش! بەڵام بۆ دەتەوێت بچیت!

**کریستینا:**

من ئامادەم کردیت بۆ ئەوەی کە ناتوانم باسی بکەم بۆ، هەر لەبەر ئەوەیش داوای باوەڕ و متمانەی بێ سنووری خۆتم لێ کردیت!

**ئێلیس:**

(بە نەرمییەوە). بڕۆ! متمانەت پێ دەکەم، بەڵام هێندەی متمانەپێکردنیش ئازار بە دەست ئەوەوە دەکێشم کە دەتەوێت لەگەڵ کەسێکدا بچیت، بەرانبەر بە من بێ ئەمەک بووە!

**کریستینا:**

لەمە تێ دەگەم! بەڵام هەر تاقیکردنەوەیەکە و هیچی تر!

**ئێلیس:**

تاقیکردنەوەیەک کە من ناتوانم خۆمی لە بەردا بگرم!

**کریستینا:**

دەبێت بتوانیت!



**ئێلیس:**

دەمەوێت، بەڵام ناتوانم! بەڵام هەرچۆنێک بێت تۆ دەبێت بچیت!

**کریستینا:**

بێنە دەستت!

**ئێلیس:**

(دەستی بۆ درێژ دەکات). ها!

(زەنگی تەلەفۆنەکە لێ دەدات).

(ئێلیس بەرەو تەلەفۆنەکە دەڕوات). بەڵێ... فەرموو!... وەڵام نییە!... فەرموو!... دەنگی خۆمە و دەنگ دەداتەوە! کێیە... چەند سەیرە! گوێم لە زایەڵەی وشەکانی خۆمە!

**کریستینا:**

شتی وا ڕوو دەدات!

**ئێلیس:**

بەڵێ... فەرموو!... شتێکی ناخۆشە! (تەلەفۆنەکە دادەنێت). بڕۆ، کریستینا، بڕۆ! بەبێ ئەوەی باسی بکەیت بۆ دەتەوێت بچیت، بەبێ هیچ هەلومەرجێک. بەرگەی ئەم تاقیکردنەوەیش دەگرم!

**کریستینا:**

باش دەکەیت، چونکە دەرئەنجامەکەی بۆ هەمووومان باش دەبێت!

**ئێلیس:**

هەر وایش دەکەم!...

(کریستینا بەرەو لای دەستەڕاست دەڕوات.).

بۆ لەوێوە دەڕۆیت؟

**کریستینا:**

جلەکانم لەوێن! کەواتە! تا دوایی! (دەڕوات.).

**ئێلیس:**

تا دوایی هاوڕێم! (پشوو.). تا هەتاهەتایە!

(بە پەلە لە دەستەچەپەوە دەڕوات.).

***

**ئێلێنۆرا:**

خوایە هاوار! یارمەتییەک! چیم کردووە؟ پۆلیس بە دوای تاوانبارەکەدا دەگەڕێت و ئەگەر بمدۆزنەوە ــ قوڕ بە سەر دایکم و ئێلیسیش!

**بێنیامین:**

(ساویلکانە.). ئێلێنۆرا، دەبێت بڵێیت کە من ئەو کارەم کردووە!

**ئێلێنۆرا:**

تۆ! تۆ دەتوانیت گوناهی کەسێکی تر هەڵبگریت، نەگبەت؟

**بێنیامین:**

ئاسانە، چونکە ئەوسا پیاو دەزانێت کە بێگوناهە.

**ئێلێنۆرا:**

قەت نابێت گاڵتە بکەین!

**بێنیامین:**

دە باشە، لێم گەڕێ با تەلەفۆن بۆ گوڵفرۆشەکە بکەم و پێی بڵێم!



**ئێلێنۆرا:**

نا، منم کە خراپ هەڵسوکەوتم کردووە و هەر منیش دەبێت بە دڵەڕاوکێ سزا بدرێم. منم کە ئەوانم لە ترسی دووکانبڕین بە ئاگا هێناوە و هەر منیش دەبێت بترسێنرێم.

**بێنیامین:**

بەڵام ئەی ئەگەر پۆلیس بێت...

**ئێلێنۆرا:**

ئاسان نییە... بەڵام چی دەبێت، با ببێت! ئۆهـ، هەر ئەم ڕۆژە کۆتایی بهاتایە! (سەعاتی سەر مێزەکە هەڵدەگرێت و نیشاندەرەکانی بەرەوپێش دەگۆڕێت.).. سەعاتی چاک بە! خێراتر بڕۆ، خێراتر! چک، چک، دڕنگ، دڕنگ! ئەوە بوو بە سەعات هەشت! دڕنگ!دڕنگ، دڕنگ، دڕنگ.. بوو بە دە! یانزە! دوانزە!.. ئێستا ئیتر ئێوارەی جەژنی هەڵسانەوەیە! هێندە نابات خۆریش هەڵدێت و ئێمەش لە هێلکەکان دەنووسین![٢٨] من ئا ئەمە دەنووسم: "بزانە، ئەوەتا ناحەز داوای تۆی کردووە و دەیەوێت وەکو گەنم لە بێژنگت بدات، بەڵام من بۆت پاڕاومەتەوە"..

**بێنیامین:**

بۆ ئەوەندە ئازاری خۆت دەدەیت، ئێلێنۆرا؟

**ئێلێنۆرا:**

من! ئازاردان! بێنیامین، بیر بکەرەوە، بیر لەو هەموو گوڵانە بکەرەوە کە گەشاونەتەوە، بیر لەو گوڵەگوێقەشانە[٢٩] بکەرەوە، لەو هەموو کلووەبەفری بەهارانە[٣٠] بکەرەوە کە بە درێژاییی

شەو و ڕۆژ لە ناو بەفردا بوون و لە تاریکیی دەرەوە و لە سەرماندا هەڵلەرزیون! بیر لەوان بکەرەوە کە چ ئازارێکیان چێشتووە! شەویش، لەبەرئەوەی تاریکە، چەند بار لە ڕۆژ ناخۆشتر بووە بۆیان، چونکە لە تاریکییەکەی دەترسن و کەچی نایشتوانن لێی هەڵبێن و.. هەر لە جێی خۆیاندا دەمێننەوە و چاوەڕوانن ڕۆژ ببێتەوە. هەموو شتێک، هەموو شتێک ئازار دەکێشێت، بەڵام گوڵەکان لە هەموو شت زیاتر! ئەی ئەو باڵندە کۆچەرانەی کە گەڕاونەتەوە! ئەی ئەوان، ئەمشەو، لە کوێ بنوون؟

**بێنیامین:**

(ساکارانە). ئێ خۆیشت دەزانیت کە دەچنە کلۆری دارانەوە.

**ئێلێنۆرا:**

بەڵام خۆ ئەوەندە درەختی کلۆر نییە کە بەشی هەموویان بکات! من تەنیا دوو درەختی کلۆرم لە باخچەکانی ئەم دەروبەرە بینیوە و لەوێش ئەو کوندەبەبووانە دەژین کە باڵندە بچکۆلەکان دەخۆن... ئەی کلۆڵ ئێلیس، کە وا دەزانێت کریستینا ڕۆیشتووە و بە جێی هێشتووە، بەڵام من دەزانم کە دەگەڕێتەوە!

**بێنیامین:**

ئەگەر دەزانیت، بۆ نەتوت؟

**ئێلێنۆرا:**

بۆ ئەوەی ئێلیس ئازار بچێژێت، هەموو کەسێک دەبێت ئەمڕۆ، ڕۆژی هەینیی ڕەش، ئازار بچێژێت، بۆ ئەوەی ئازاری لە



خاچدانی مەسیحیان بە بیردا بێتەوە.

(دەنگی فیقەنەی پۆلیس، لە دەرەوە، دەبیسترێت.).

(ئێلێنۆرا لە جێی خۆی هەڵدەبەزێتەوە.). ئەوە چی بوو؟

**بێنیامین:**

(هەڵدەستێت.). نازانیت؟

**ئێلێنۆرا:**

نا!

**بێنیامین:**

پۆلیس بوو!

**ئێلێنۆرا:**

ئەها! هەمان دەنگیش بوو! کاتێک هاتن و باوکمیان گرت و... ئەوسا منیش نەخۆش بووم! ئێستایش دێن و من دەبەن!

**بێنیامین:**

(خۆی دەخاتە پێش ئێلێنۆراوە، ڕوو لە دەرگەی بەشی پشتەوەی شانۆ.). نا، نابێت بتبەن! من دەتپارێزم، ئێلێنۆرا!

**ئێلێنۆرا:**

ئەمە شتێکی جوانە بێنیامین، بەڵام ناتوانیت...

**بێنیامین:**

(لە پەردەکانەوە سەیر دەکات.). دووانن! (ئێلێنۆرا دەیەوێت بێنیامین لا ببات، بەڵام ئەو، بە نەرمییەوە، ناهێڵێت.). تۆ نا، ئێلێنۆرا، تۆ نا! ئەگەرنا نامەوێت چی تر بژیم!

**ئێلێنۆرا:**

بڕۆ و لەسەر ئەو کورسییە دانیشە، ڕۆڵە! بڕۆ و دانیشە!

(بێنیامن نایەوێت، بەڵام بە گوێشی دەکات.).

(ئێلێنۆرا لە پشت پەردەکانەوە، بەبێ ئەوەی خۆی بشارێتەوە، سەیر دەکات.). هەر تەنیا دووان بوون! ئاخ لە ئێمەی کەمباوەڕان! پێت وایە خوا هێندە تووش و تاڵ بێت، کە من هیچ شتێکی خراپم نەکردبێت و تەنیا هەر هەڵسوکەوتێکم کردبێت کە بەباشی بیرم لێ نەکردبێتەوە... هەرچیم هاتە ڕێ، گوناهی خۆم بوو! بۆ هێندە دوودڵ بووم، بۆ!

**بێنیامین:**

بەڵام سبەینێ ئەوەی کە دەیەوێت مۆبیلەکان ببات دێت و هەموویان دەبات.

**ئێلێنۆرا:**

با بێت! با بێت و ئێمەیش دەچینە کووچە و کۆڵانان! دوور لە هەموو شتێک... دوور لە هەموو مۆبیلە کۆنەکان، کە باوکم بۆی کۆ کردبووینەوە، ئەو مۆبیلانەی لە منالیمەوە هەر هەمان مۆبیلەن و نەگۆڕاون! هەر ئەوەیە! دەبێت هیچ شتێکت نەبێت کە بەم ژیانەوە بتبەستێتەوە! پێ پڕ لە زام و برین، بە ڕێگە بەردەڵانەکەدا برۆ، چونکە تەنیا ئەو ڕێگەیەیە بەرەوژوور دەتبات و ڕەنجێکی زۆریشی دەوێت...

**بێنیامین:**

دیسان ئازاری خۆت دەدەیتەوە، ئێلێنۆرا!

**ئێلێنۆرا:**

لێم گەڕێ!... بەڵام دەزانیت چییە ئەوەی کە لە هەموو شتێک زەحمەتتر لێی جیا دەبمەوە؟ ئا ئەو سەعاتەیە کە لەوێدا



دانراوە! لەو ڕۆژەوەی لە دایک بووم لەگەڵماندا بووە و سات و ڕۆژەکانی ژیانی ژماردووم... (سەعاتەکە لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێت.). گوێت لێیە کە وەک دڵێک ترپەترپێتی... کتومت وەک دڵێک و... کە باپیرم مرد لەسەر سەعاتی تەواو وەستا، چونکە ئەوسایش هەر لەمماڵەدا بوو!... ماڵئاوا، سەعاتە بچکۆلەکە، بە هیوای ئەوەی بەم زووانە بوەستیتەوە!... دەزانیت، هەر کاتێک نەگبەتی ڕووی لەم ماڵە بکردایە، ئەمیش پەلەپەلی پێ دەکەوت، ڕێک وەک ئەوەی بیەوێت بەسەر ئەو نەگبەتییەدا سەر بکەوێت، بێگومان ئەوەیش تەنیا لەبەر خاتری ئێمە و بۆ ئێمە! بەڵام کاتێک ڕووناکی ڕوو لەم ماڵە بوو، هێواش دەبووەوە وەک ئەوەی بیەوێت ئێمە سوودی زیاتری لێ ببینین. ئەمە سەعاتە چاکەکەی ماڵ بوو! بەڵام سەعاتێکی بەدیشمان هەبوو... ئێستایش لە موبەقەکە هەڵواسراوە! ئەویان بەرگەی مۆسیقای نەدەگرت و هەر هێندە ئێلیس پیانۆی لێ بدایە، دەستی بە زەنگلێدان دەکرد، هەموومان، نەک بە تەنیا من، هەستمان بەمە دەکرد و هەر لەبەر ئەمەیشە کە تا ئێستا لە موبەقەکەیە، چونکە سەعاتێکی تووش و خراپ بوو! بەڵام "لینا"یش حەزی لە چارەی نییە، چونکە شەوانە هەر چکەچکێتی و بێدەنگ نابێت و بێجگە لەوەیش "لینا" ناتوانێت پشتی پێ ببەستێت و بەپێی ئەو هێلکە بکوڵێنێت و دەڵێت: هەمیشە هێلکەکان زیاد لە پێویست دەکوڵێن و ڕەق دەبن! ئەها پێدەکەنیت!

**بێنیامین:**

ئا، ئەی چی بکەم؟

**ئێلێنۆرا:**

تۆ کـــوڕێکی چاکــیت، بەڵام دەبێت جــددیش بیت! بیـــر لەو چڵوچێوە بکەرەوە کە لە پشت ئاوێنەکەوەیە!

**بێنیامین:**

بەڵام تۆ ئەوەنـدە سـەیر و خـۆش قسـە دەکـەیت، کـە ناچارم پێ بکەنم و... پاشانیش بۆ دەبێت هەمیشە بگرین؟

**ئێلێنۆرا:**

ئەگەر لە دۆڵی شیوەن و گریاندا نەگرین، ئەی لە کوێ بگرین؟

**بێنیامین:**

ئاها!

**ئێلێنۆرا:**

تـۆ بە درێژاییـی ڕۆژ دەتویسـت، پڕ بە دڵ، پـێ بکـەنیت و هـەر لەبەر ئەوەیش پێکەنیت! بەڵام من بە تـەنیا کاتێک حـەزم لە تۆیە کە جددیت! ئەمەت لە بیر بێت!

**بێنیامین:**

ئێلێنۆرا، تۆ لەو بڕوایەدایت لەم هەموو شتە ڕزگارمان ببێت؟

**ئێلێنۆرا:**

ئا، هـەمـوویان نـا، بەڵام زۆربەیان، هـەر ئەم هەینییــە دوابڕاوە ببـڕێتــەوە، وەک خـۆیان لێ دێتـەوە! ئـەمڕۆ چڵـوچێو و سـبـەینـێ هێلکەی جـەژن! ئەمڕۆ بەفر و سبەی توانەوەی! ئەمڕۆ مـردن و سبەینـێ هەڵسانەوە!

**بێنیامین:**

چەند ژیریت!





**ئێلێنۆرا:**

ئا، هـەر ئێسـتا هـەست دەکەم کە هەوای دەرەوە خۆشـتر دەبێت، بەفرەکەیش دەتوێتەوە... هـەر ئێستا و لێرەدا بۆنی بەفری تواوە دەکەم و... سبـەینێش وەنەوشـەکان ڕوو لـە باشوور دەکرێنەوە! هەورەکـان هـەڵکشـاون، بە هەناسـەداندا هـەست بەمـە دەکـەم... ئاهـ زۆر شـت، کـاتێک ئاسـمـان کـراوە و سـامـاڵە، دەزانم!... بێنیامین، بڕۆ و پەردەکان لادە، دەمەوێت، خوا بمانبینێت!

**بێنیامین:**

(هەڵدەستێت و بە گوێی دەکات، تریفـەی مـانگ دەکەوێتە سـەر ژوورەکە.).

**ئێلێنۆرا:**

مـانگی چواردە دەبینیت! ئەوە مـانگی جـەژنی هەڵسـانەوەیە! ئێسـتـایش دەزانیت، ئەگـەرچی تریفـەی مـانگەشـەوە، بەڵام خـۆر هـەر ماوە و لە جێی خۆیەتی!

## بەشی سێیەم

ئێوارەی جەژنی هەڵسانەوە

مۆسیقای پێش ئەم بەشە: هایدن:

Sicben Worte N:o 5. Adagio

هەمان دیکۆری پێشوو، بەڵام پەردەکان لابراون. دیمەنی دەرەوە هەمان دیمەنە، بەڵام کەشوهەوا دێز و تاریکترە. ئاگردانەکە داگیرساوە، دەرگەکانی بەشی پشتەوەی شانۆ داخراون.

ئێلێنۆرا لە بەردەم ئاگردانەکەدا دانیشتووە و چەپکێک گوڵەگوێقەشەی ڕووەو ئاگردانەکە بە دەستەوە گرتووە.

(بێنیامین لە لای دەستەڕاستەوە دێت.).

**ئێلێنۆرا:**

ئەوە لەوساوە لە کوێیت، بێنیامین؟

**بێنیامین:**

لەوساوە!

**ئێلێنۆرا:**

هەر چاوەڕێ و بەتەمات بووم، بیرم دەکردیت!

**بێنیامین:**

ئەی خۆت لە کوێ بوویت، ئێلێنۆرا؟

**ئێلێنۆرا:**

لە مەیدانەکە بووم و گوڵەگوێقەشەم کڕیوە و ئەوەتا ئێستایش



گەرمیان دەکەمەوە، چونکە نەگبەتانە تەزیون و زۆر سەرمایان بووە.

**بێنیامین:**

ئەی خۆر چی لێ هات؟

**ئێلێنۆرا:**

لە پشت تەمەوەیە، ئەمڕۆ هەور نییە و تەنیا تەمی زەریایە ئاسمانی گرتووە، چونکە بۆنی خوێی لێ دێت...

**بێنیامین:**

بینیت، کە هێشتا باڵندەکان، لە دەرەوە، دەژین؟

**ئێلێنۆرا:**

ئا، هیچیشیان، بەبێ ویستی خوا، بەر نابێتەوە و نامرێت، بەڵام لە مەیدانەکە، لەوێ باڵندەی مردووی لێ بوو...

***

**ئێلیس:**

(لە لای دەستەڕاستەوە دێت.). ڕۆژنامەی ئەمڕۆ هاتووە؟

**ئێلێنۆرا:**

نا، ئێلیس!

(ئێلیس بەسەر شانۆکەدا دەڕوات و کە دەگاتە ناوەڕاست، کریستینا لە لای دەستەچەپەوە دێت.).

**کریستینا:**

(بەبێ ئەوەی تێبینی ئێلیس بکات.). ڕۆژنامەی ئەمڕۆ هاتووە؟

**ئێلێنۆرا:**

نا، نەهاتووە!

(کریستینا بەرەو دەستەڕاستی تەختەی شانۆکە، بە لای ئێلیسدا، دەڕوات و ئەویش بەرەو لای دەستەچەپ دەڕوات، بەبێ ئەوەی سەیری یەکتر بکەن.).

**ئێلێنۆرا:**

واو! لەپڕ چ سارد بوو! ڕق هاتووەتە ماڵەکەوە، ڕق! تا خۆشەویستی لەم ماڵەدا بوو، دەتتوانی بەرگەی هەموو شتێک بگریت، بەڵام ئێستا، واو! چ سەرمایەکە!

**بێنیامین:**

ئەوە بۆ دەپرسن ڕۆژنامە هاتووە یا نا؟

**ئێلێنۆرا:**

نازانیت؟ چونکە لەوێدا دەنووسرێت...

**بێنیامین:**

چی دەنووسرێت؟

**ئێلێنۆرا:**

هەموو شتێک! لە بارەی دووکانبڕینەکەوە، لە بارەی پۆلیسەوە و زۆر شتی تریش...

***

**هێیەست خان:**

(لە دەستەڕاستەوە دێت.). ڕۆژنامەی ئەمڕۆ هاتووە؟

**ئێلێنۆرا:**

نا، دایەگیان نەهاتووە!



**هێیەست خان:**

(لە لای دەستەڕاستەوە دەڕوات.). ئەگەر هات، لە پێشدا بە من بڵێ!

***

**ئێلێنۆرا:**

ڕۆژنامە و ڕۆژنامە! ئاخ، ئەگەر چاپخانەکە تێکوپێک دەشکا، ئەگەر سەرنووسەرەکەیشی نەخۆش دەکەوت... نا، نابێت وا بڵێم! دەزانیت، ئەمشەو لە لای باوکم بووم...

**بێنیامین:**

ئەمشەو؟

**ئێلێنۆرا:**

ئا، لە خەومدا و... لە ئەمریکاش بووم، لە لای خوشکەکەم... دوێنێ بایی سی دۆلاری فرۆشتبوو و لەوەیش پێنج دۆلار قازانجی کردبوو.

**بێنیامین:**

ئەوە زۆرە یا کەم؟

**ئێلێنۆرا:**

زۆرە... کەم نییە!

**بێنیامین:**

(فێڵبازانە.) ئەی کە لە مەیدانەکە بوویت، کەسی ناسیاوت بینی؟

**ئێلێنۆرا:**

بۆ دەپرسیت؟ نابێت فێڵ و تەڵەکەم لەگەڵدا بکەیت، بێنیامین،

دەتەوێت نهێنییەکانم بزانیت، بەڵام بۆت ناچێتە سەر و ناتوانیت.

**بێنیامین:**

تۆیش پێت وایە کە ئا بەو شێوەیە دەتوانیت لە نهێنییەکانی من بزانیت!

**ئێلێنۆرا:**

گوێت لە تەلەکانی تەلەفۆنە دەلەرنەوە. کەواتە، ئێستا ڕۆژنامەکەیش گەیشتووە و خەڵکی کەوتوونەتە تەلەفۆنکردن بۆ یەکتر: "خوێندووتەتەوە!" "ئا، خوێندوومەتەوە!" "شتێکی ناخۆش و ترسناکە، وا نییە؟"

**بێنیامین:**

چی ناخۆش و ترسناکە؟

**ئێلێنۆرا:**

هەموو شتێک! هەموو ژیان ترسناکە! بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت پێی ڕازی بین!... بیر لە ئێلیس و کریستینا بکەرەوە! ئەوان یەکتریان خۆش دەوێت، بە هەمان شێوەیش ڕقیان لە یەکتر دەبێتەوە، بە شێوەیەک کە بەم نێوەدا دێن و دەچن، پلەی گەرما نزم دەبێتەوە! ئەو دوێنێ لە ئاهەنگی مۆسیقا بوو و ئەمڕۆیش قسە لەگەڵ یەکتردا ناکەن... بۆ، بۆ؟

**بێنیامین:**

چونکە براکەت دڵی لێی پیسە!

**ئێلێنۆرا:**

نا، ئەو وشەیە نا! پاشان تۆ چی لە بارەی ئەو وشەیەوە



دەزانیت، لەوە زیاتر کە نەخۆشییەکە و وەک هەر نەخۆشییەکی تریش سەرئەنجام دەبێت بە سزا. نابێت دەست لە ئاگر بدەیت، ئەگەرنا پڕیشکیت بەر دەکەوێت! تۆ بە تەنیا تەماشای ئێلیس بکە، هەستت پێ نەکردووە، لەوساوە کە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی ئەو کاغەزانە، چۆن گۆڕاوە...

**بێنیامین:**

لە دادگاکە؟

**ئێلێنۆرا:**

ئا! ئەمە وەک ئەوە نییە کە هەرچی شتێکی خراپی نێویان هەیە بەنێو ناخ و دەروونیدا ڕۆ چووبێت و ئێستایش لە نیگا و سەروسیمایدا ڕەنگی دابێتەوە و ببینرێت... کریستینا، هەست بەمە دەکات و بۆ ئەوەیش کە دووچاری هەمان شت نەبێت و ئەو شتە خراپانە بەنێو ناخ و دەروونی ئەویشدا ڕۆ نەچن، قەڵغانێکی سەهۆڵینی دروست کردووە! ئاخ، لەو کاغەزانەی ئەوێ، ئەگەر بمتوانیایە هەموویان بسووتێنم! تەنیا بەدکاری، ساختە و تۆڵەسەندنەوەیان لێ بەرز دەبێتەوە. لەبەر ئەوە، ڕۆڵەکەم، تۆ دەبێت خۆت لە ناپاکی و خراپە بە دوور بگریت، چ بە دەم و چ بە دڵیش!

**بێنیامین:**

تۆیش چەند سەیریت، تێبینی هەموو شتێک دەکەیت!

**ئێلێنۆرا:**

دەزانیت، چی چاوەڕوانی من دەکات ئەگەر ئێلیس و ئەوانی تر پێی بزانن کە منم، ئا بەو شێوە نائاساییە، گوڵە نێرگزە

کێوییەکەم کڕیوە؟

**بێنیامین:**

چیت لێ دەکەن؟

**ئێلێنۆرا:**

دەمنێرنەوە بۆ ئەوێ... بۆ ئەو جێیەی لێوەی هاتووم، ئەو جێیەی خۆر لێی نادات، ئەو جێیەی دیوارەکانی، وەک دیواری حەمامێک، سپی و ڕووتوقووتن، ئەو جێیەی کە تێیدا بە تەنیا گوێت لە دەنگی گریان و سکاڵایە، ئەو جێیەی کە ساڵێکی تەمەنی خۆمم تێیدا لە دەست داوە!

**بێنیامین:**

مەبەستت لە کوێیە؟

**ئێلێنۆرا:**

ئەوێ کە تێیدا، سەختتر لە زیندان، ئازار دەچێژیت، ئەوێ کە کەساس و بەدخوایان تێیدا دەژین، ئەوێ کە پڕە لە نائارامی، ئەوێ کە شەو و ڕۆژ دوودڵی تێیدا بێدارە و ئەوێ کە کەس لێی ناگەڕێتەوە.

**بێنیامین:**

سەختتر لە زیندان، مەبەستت چییە؟

**ئێلێنۆرا:**

تۆ لە زینداندا سزا دراویت، بەڵام لەوێ بەنەفرەتکراویت! لە زینداندا، پێشتر لێت پرسراوەتەوە و گوێت لێ گیراوە، لەوێ هیچ پرسێکت پێشتر پێ نەکراوە!... ئای گوڵە نێرگزی کێویی بەستەزمان، کە ئەم هەموو سووچ و گوناهەت خراوەتە ئەستۆ!



من کە هیچ نیازێکی خراپم نەبوو، کەچی چ خراپەیەکی لێ کەوتەوە!

**بێنیامین:**

بەڵام ئەی بۆ ناچیت بۆ لای گوڵفرۆشەکە و پێی ناڵێیت: "من نیازم ئەوە نەبوو!" تۆ کتومت وەک بەرخێکیت، کاتێک بۆ سەربڕین دەبرێت.

**ئێلێنۆرا:**

کاتێکیش دەزانێت سەری دەبڕن، سکاڵا ناکات و هەوڵ نادات لە دەستیان هەڵبێت. دەتوانێت لەوە زیاتر چی بکات!

***

**ئێلیس:**

(لە لای دەستەچەپەوە دێت و نامەیەکی پێیە). هێشتا ڕۆژنامەکە نەهاتووە؟

**ئێلێنۆرا:**

نا، براکەم، هێشتا نەهاتووە!

**ئێلیس:**

(وەردەچەرخێت و ڕوو لە موبەقەکە دەکەوێتە قسەکردن). لینا برۆ و ڕۆژنامەیەک بکڕە!...

(هێیەست خان لە دەستەڕاستەوە دێت).

(ئێلێنۆرا و بێنیامین ترساون).

(ئێلیس ڕوو لە ئێلێنۆرا و بێنیامین). تکایە، بۆ ماوەیەک، بڕۆنە دەرەوە!

(ئێلێنۆرا و بێنیامین لە دەستەچەپەوە دەڕۆن).

***

**هێیەست خان:**

نامەیەکت بۆ هاتووە؟

**ئێلیس:**

ئا!

**هێیەست خان:**

لە خانەی چاودێرییەکەوە؟

**ئێلیس:**

ئا!

**هێیەست خان:**

چییان دەوێت؟

**ئێلیس:**

داوای گەڕانەوەی ئێلێنۆرا دەکەن.

**هێیەست خان:**

شتی وا نابێت! ئێلێنۆرا ناگەڕێتەوە! مناڵی منە!

**ئێلیس:**

خوشکی منیش!

**هێیەست خان:**

مەبەستت چییە؟

**ئێلیس:**

نازانم! چیتر ناتوانم بیر بکەمەوە!

**هێیەست خان:**

بەڵام من دەتوانم!... ئێلێنۆرا، ئەو مناڵەی نەگبەتی لە چارە



نووسراوە، شاد و خۆشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، شادی و خۆشی ئەم دنیایە نا، بەڵام، نیگەرانیی ئەو بووە بە ئاسایش و بەسەر هەمووماندا دەیبەخشێتەوە! زیرەک بێت یا نا! بۆ من ئەو ئاقڵ و زیرەکە، چونکە ئەو تێ دەگات چۆن بارگرانیی ژیان زۆر باشتر لە من، زۆر باشتر لە ئێمە، لەسەر شانی هەڵبگرێت. بێجگە لەوەیش، ئێلیس، من زیرەکم، من زیرەک بووم، کاتێک پێم وابوو کە مێردەکەم هیچ گوناهێکی نەکردووە؟ من دەمزانی و بە یەک دنیا بەڵگەیشەوە، بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە، سەلمێنرابوو کە تاوانبارە و خۆیشی دانی بە هەموو شتێکدا نابوو!... تۆیش، ئێلیس، سەری دنیات لێ نەهاتووەتەوە یەک، ئەقڵت لە دەست نەداوە، کاتێک کە نابینیت، چۆن کریستینا خۆشی دەوێیت! کاتێک پێت وایە کە ڕقی لێت دەبێتەوە؟

**ئێلیس:**

ئەمە جۆرێکی سەیری خۆشەویستییە!

**هێیەست خان:**

هیچ وا نییە! ساردوسڕیی تۆیە کە لە ناوەوە سڕی کردووە و تۆیت کە ڕقت هەڵگرتووە نەک ئەو! بەڵام لەمەدا ناهەقیت، هەربۆیەیش ناچاریت ئازار بچێژیت!

**ئێلیس:**

چۆن دەکرێت من ناهەق بم؟ ئەی ئەو دوێنێ لەگەڵ هاوڕێ بێ ئەمەکەکەم نەڕۆیشت؟

**هێیەست خان:**

با، ڕۆیشت و بەبێ پرس و ڕای منیش نەڕۆیشت. بەڵام بۆ

رۆیشت؟ هەر نەبووایە، دەبوو بتتوانیایە هەست بەوە بکەیت بۆ!

**ئێلیس:**

نا، ناتوانم!

**هێیەست خان:**

دە کەواتە! دەبا هەر لەو پێستەدا بمێنیتەوە کە تێیدایت!

***

(دەرگەی موبەق دەکرێتەوە، دەستێک ڕۆژنامەیەکی لێوە درێژ دەکات، هێیەست خان وەری دەگرێت و دەیدات بە ئێلیس.).

**ئێلیس:**

ئا ئەمە، تاکە کارەساتی ڕاستەقینە بوو! لەگەڵ ئەودا دەمتوانی کارەساتەکانی تر هەڵبگرم! بەڵام ئێستا دواپاڵپشتیش لە ڕیشەوە دەرکێشرا و خەریکە لە جێی خۆم بەر دەبمەوە!

**هێیەست خان:**

بەر ببەرەوە، بەڵام ڕاست بەر ببەرەوە، تا پاشان بتوانیت هەڵبستیتەوە!... هیچی تازە لە ڕۆژنامەکەدا نووسراوە؟

**ئێلیس:**

نازانم، ئەمڕۆ لە ڕۆژنامە دەترسم!

**هێیەست خان:**

بیدە بە من، با من بیخوێنمەوە!

**ئێلیس:**

نا! نەختێک چاوەڕێ بە!

**هێیەست خان:**

لە چی دەترسیت، چ پێشبینییەک...



**ئێلیس:**

خراپترین شت!

**هێیەست خان:**

زۆر جار پێش ئێستایش تووشی ئەمە بووین و... تۆیش، ڕۆڵە گیان، ئەگەر نەختێک لە ژیانی منت بناسیایە... ئەگەر تۆیش لەگەڵماندا بوویتایە، کاتێک دەمبینی باوکت چۆن، هەنگاو بە هەنگاو، بەرەو تێکشکان و نشوستی دەڕۆیشت، بەبێ ئەوەی بتوانم ئەو گشت خەڵکە ئاگەدار بکەمەوە، کە دووچاری بەدبەختی و کارەساتی کردن. کاتێکیش کەوت، خۆم وەک هاوتاوانبارێک دەهاتە پێش چاو، چونکە ئاگام لە سەرلەبەری تاوانەکەی بوو و ئەگەر دادوەرەکەیش پیاوێکی ئاقڵ و تێگەیشتوو نەبووایە و لە ڕێوشوێنی من وەکو ژنی ئەو تێ نەگەیشتایە، ئەوا منیشی لەگەڵ ئەودا سزا دەدا!

**ئێلیس:**

ئەی چی بوو ئەو نشوستییەی کرد بە تووشی باوکمەوە، من تا ئێستاش لەوە تێ نەگەیشتووم؟

**هێیەست خان:**

لەخۆڕازیبوون، وەک هەر هەموومان!

**ئێلیس:**

ئەی ئێمە کە هیچ تاوانێکمان نەکردووە بۆ دەبێت بە دەست هەڵەکانی ئەوەوە ئازار بچێژین؟

**هێیەست خان:**

بێدەنگ بە!...

(پشوو، ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێت و دەیخوێنێتەوە).

(ئێلیس ڕاوەستاوە، سەرەتا نیگەرانە و پاشان دێت و دەچێت).

ئەمە چییە؟... من ئەمەوت کە لە ناو شتە دزراوەکاندا مەندیلانێکی زەردیش، لە گوڵفرۆشەکە، دزرابوو؟

**ئێلیس:**

با، زۆر چاک دێتەوە بیرم!

**هێیەست خان:**

بەڵام لێرەدا نووسراوە... گوڵەنێرگزی کێوی!

**ئێلس:**

(بەترسەوە). وا نووسراوە؟

**هێیەست خان:**

(لەسەر کورسییەک دادەنیشێت). ئێلێنۆرایە! ئۆف خوایە! خواکەی من!

**ئێلیس:**

کەواتە، هێشتا کۆتایی نەهاتبوو!

**هێیەست خان:**

یا زیندان یا خانەی چاودێری!

**ئێلیس:**

ئەمە نابێت، نابێت کە ئەو ئەوەی کردبێت! نابێت!

**هێیەست خان:**

دیسان ناوی خێزانەکەمان دەکەوێتەوە سەر زاران و ئابڕووی دەبرێت...



**ئێلیس:**

گومانی لێ دەکەن؟

**هێیەست خان:**

نووسراوە کە گومان بە ئاراستەی... دیار و ئاشکرایە ڕووی گومان لە کوێیە.

**ئێلیس:**

قسەی لەگەڵ دەکەم!

**هێیەست خان:**

(هەڵدەستێت). بە نەرمونیانییەوە! چونکە لەوە زیاتر بەرگە ناگرم!... تازە کار لە کار ترازاوە و ئەویش جارێک دۆزرایەوە و... جارێکی تریش ون بووەوە... قسەی لەگەڵ بکە! (لە دەستەڕاستەوە دەڕوات).

**ئێلیس:**

ئۆهـ! (بەرەو دەرگەی دەستەچەپ دەڕوات). ئێلێنۆرا، ڕۆڵەکەم، ئێلێنۆرا! وەرە با قسەیەکت لەگەڵدا بکەم!

**ئێلێنۆرا:**

(لە دەرەوە، قژی بەرداوەتەوە). خەریک بووم قژم ببەستم!

**ئێلیس:**

لێی گەڕێ!. پێم بڵێ، خوشکە بچکۆلەکەم، ئەو گوڵەت لە کوێ بوو؟

**ئێلێنۆرا:**

بردوومە...

**ئێلیس:**

ئۆف خوایە!

**ئێلێنۆرا:**

(سەری نەوی کردووە، تێکشکاو، دەستەکانی ڕاست و چەپ لەسەر سنگی ڕاگرتووە.). بەڵام پارەکەیم دانا...

**ئێلیس:**

کەواتە پارەکەیت داوە؟

**ئێلێنۆرا:**

ئا... و... نا! هەمیشە هەر ناخۆش و هەراسانکەرە... بەڵام خراپەیەکم نەکردووە... نیازم باش بوو... باوەڕم پێ دەکەیت؟

**ئێلیس:**

باوەڕت پێ دەکەم، خوشکەکەم، بەڵام ڕۆژنامەکە نازانێت کە تۆ بێگوناهیت!

**ئێلێنۆرا:**

ئۆف هاوار! کەواتە دەبێت ئازاری ئەمەش بچێژم... (سەری نزم دەکاتەوە، بە جۆرێک کە قژی بە سەریدا بەر دەبێتەوە.). ئێستا دەیانەوێت چیم لێ بکەن؟ با بیکەن!

**بێنیامین:**

(لە دەستەچەپەوە دێت، بەتەواوی نیگەرانە.). نا، نابێت دەستی لێ بدەن، چونکە هیچ خراپەیەکی نەکردووە. دەزانم، چونکە من بووم، من، من – (دەگری.). – من بووم کە ئەوەم کرد، من!

**ئێلێنۆرا:**

باوەڕی پێ مەکە، باوەڕ بەوە مەکە کە دەیڵێت... من بووم، نەک ئەو!



**ئێلیس:**

ئێستا باوەڕ بە چی بکەم، بە کێ باوەڕ بکەم؟

**بێنیامین:**

بە من! بە من!

**ئێلێنۆرا:**

بە من! من!

**بێنیامین:**

لێم گەڕێن با بچم بۆ لای پۆلیس...

**ئێلیس:**

بێدەنگ بە! بێدەنگ...

**بێنیامین:**

نا، دەمەوێت بڕۆم، دەمەوێت بڕۆم...

**ئێلیس:**

بێدەنگ بن، مناڵان! وا دایکم دێت! بێدەنگ بن!

***

**هێیەست خان:**

(دێتە ژوورەوە، بەتەواوی تووڕەیە، باوەش بە ئێلێنۆرادا دەکات و ماچی دەکات.). ڕۆڵەکەم، ڕۆڵەکەم، ڕۆڵە خۆشەویستەکەم! تۆ لای منیت و هەر لای منیش دەمێنیتەوە!

**ئێلێنۆرا:**

خۆ ئەوە ماچم دەکەیت، دایە؟ چەندان ساڵ دەبێت ئەمەت نەکردووە. ئەی بۆ ئێستا؟

**هێیەست خان:**

چونکە ئێستا... چونکە... گوڵفرۆشەکە لە بەردەرگەیە و داوای لێبووردن دەکات، چونکە بووە بە هۆی ناخۆشی و بێزارییەک کە بەسەر تۆدا هاتووە... پارە ونبووەکەش دۆزراوەتەوە و ناویشت...

**ئێلێنۆرا:**

(ڕادەکاتە باوەشی ئێلیسەوە و ماچی دەکات، پاشان ملی بێنیامین دەگرێت و تەپڵی سەری ماچ دەکات.). تۆ کوڕی چاک، کە دەتویست لە پێناوی مندا ئازار بچێژیت! بۆ دەتویست؟

**بێنیامین:**

(بەشەرمەوە، ساکارانە.). چونکە، تۆم زۆر خۆش دەوێت، ئێلێنۆرا!

**هێیەست خان:**

دەی منالان خۆتان لە بەر بکەن و بچنە باخچەکەوە. وا دنیا ڕۆشن دەبێتەوە!

**ئێلێنۆرا:**

ئۆهـ... ڕۆشن دەبێتەوە! وەرە بێنیامین.

(دەستی دەگرێت و دەست لە ناو دەست بەرەو دەستەچەپ دەڕۆن.).

***

**ئێلیس:**

چڵوچێوەکان فڕێدەینە ناو ئاگرەکەوە؟



**هێیەست خان:**

هێشتا نا! نەختێکی ماوە!

**ئێلیس:**

ئەوە لیندکڤیستە؟

**هێیەست خان:**

لە دەرەوە وەستاوە! بەڵام زۆر سەیرە و بە شێوەیەکیش نەرمونیانە، ئاسان نییە تێی بگەیت و هەر بە تەنیا زیانی لێ دەبێتەوە، زۆریش قسە دەکات و زۆریش لە بارەی خۆیەوە دەدوێت.

**ئێلیس:**

ئێستا، دوای ئەوەی چاوم بە تیرێژێکی خۆر کەوتووە، لەوە ناترسم ڕووبەڕووی دێوەکە ببمەوە. با بێت!

**هێیەست خان:**

بەڵام تووڕەی مەکە... بەزەییی یەزدان چارەنووسی ئێمەی خستووەتە دەست ئەو و لەسەرخۆ و هێمنان... ئا، خۆت دەزانیت، کە لەخۆڕازییان بەرەو کوێ دەڕۆن!

**ئێلیس:**

دەزانم!... گوێ بگرە! ئەو پێڵاوە چەرمانەی کە بەسەر پێڵاوەکانیدا هەڵی کێشاون: گووورگ، گووورگ، گووورگ، ڤیییش! بە نیازە بەو پێڵاوانەوە بێتە ژوورەوە. بۆ نا؟ فەرش هەر هی خۆی و مۆبیلەکانیش هەر هی خۆین...

**هێیەست خان:**

ئێلیس! بیر لە هەموومان بکەرەوە! (بەرەو دەستەڕاست دەڕوات)

**ئێلیس:**

وا دەکەم، دایە گیان!

***

(لیندکڤیست لە دەستەڕاستەوە دێتە ژوورەوە. پیاوێکی بەتەمەنی جددییە و سەروچاوێکی ترسناکی هەیە. قژی ماشوبرنجییە و تۆپەڵە قژێکی دەستکرد بە تەپڵی سەرییەوەتی و قژی سەر گوێیەکانی چڕوپڕن. برۆکانی چڕوپڕ و ڕەشن. لاجانەکانی ڕەش و کورتن. چاویلکەیەکی ڕەشی خڕی لە چاودایە. زنجیری سەعاتەکەی بە گەوهەری سوور ڕازێنراوەتەوە و گۆچانێکی ئیسپانیایی بە دەستەوەیە. جلوبەرگی ڕەشی لە بەردایە و پاڵتۆیەکی چەکوری[٣١] بەسەردا لە بەر کردووە، شەپقەکەی[٣٢] بە دەستییەوە گرتووە، جزمەی چەرمی لە پێدایە و بەسەریاندا پێڵاوی چەرمی هەڵکێشاوە کە جیڕەجیڕ دەکەن. کە دێتە ژوورەوە، بە مڵومۆوە[٣٣] لە ئێلیس دەڕوانێت و ڕاوەستاوە.)

**ئێلیس:**

(لە حاڵی بەرگری لە خۆکردندا.). خوێندکاری خوێندنی دوکتۆرا هێیەست!... فەرموون دانیشن.

(لیندکڤیست لەسەر کورسییەکی لای دەستەڕاستی مێزی درووومانەکە دادەنیشێت و چاوی لە ئێلیس بڕیوە). (پشوو.).

دەتوانم چیتان بۆ بکەم، چ خزمەتێکتان هەیە؟

**لیندکڤیست:**

(بە شکۆوە.). ئەها! ـ هەر دوێنێ ئێوارە ئەو شانازییەم پێ



ڕەوا بینرا کە نیازی خۆم لە سەردانەکەم بۆ ئێرە ئاشکرا بکەم، بەڵام دوای نەختێک زیاتر بیرکردنەوە، بە نەگونجاوم زانی لە ڕۆژێکی جەژن و پشووداندا لە بارەی کاروبارەوە قسەتان لەگەڵدا بکەم.

**ئێلیس:**

زۆر سوپاست دەکەین...

**لیندکڤیست:**

(بەتوندییەوە.). بەڵام ئێمە سوپاستان ناکەین! ئا! (پشوو.). لەگەڵ ئەوەیشدا، پێرێ بە پەلە و سەرپێیی سەرێکم لە پارێزگار دا و... (دەوەستێت و سەیری ئێلیس دەکات، تا بزانێت قسەکانی چ کارێک لە ئێلیس دەکەن.)... پارێزگار دەناسیت؟

**ئێلیس:**

(بەبێ گرینگیپێدان.). ئەو شانازییەم پێ ڕەوا نەبینراوە!

**لیندکڤیست:**

کەواتە ئێستا ئەو شانازییەت پێ ڕەوا دەبینرێت!... لەوێ باسی باوکتمان کرد!

**ئێلیس:**

هیچ سەیر نییە!

**لیندکڤیست:**

(کاغەزێک دەردەهێنێت و لەسەر مێزەکە دای دەنێت.). هەر لەوێش ئەم کاغەزەم وەرگرت!

**ئێلیس:**

زۆر دەمێک بوو چاوەڕێی ئەمە بووم! بەڵام پێش ئەوەی بەردەوام

بین، دەمەوێت شتێکت لێ بپرسم!

**لیندکڤیست:**

(بەکورتی.). فەرموو!

**ئێلیس:**

بۆ ئەم کاغەزە نادەیتە دەست گیانکێشەکان، تا هەر هیچ نەبێت ئەم گیانکێشانە پڕ لە ئازار و درێژخایەنەمان لە کۆڵ ببێتەوە؟

**لیندکڤیست**:

هەر ئاوها! کوڕی گەنج!

**ئێلیس:**

گەنج یا نا، داوای هیچ بەزەییەکت لێ ناکەم و تەنیا داوای دادوەری دەکەم!

**لیندکڤیست:**

ئاوها! داوای بەزەیی ناکەیت! بەزەییت ناوێت! سەیری ئەو کاغەزە بکە، کە خستوومەتە سەر قەراغی ئەم مێزە! ئێستا دەیخەمەوە گیرفانم!... کەواتە دادوەری! تەنیا دادوەری و هیچی تر! دە گوێ بگرە، کوڕی باش، جارێک لە جاران لێم زەوت کرا، بە شێوەیەکی زۆر ناخۆش هەموو پارەوپوولم لێ زەوت کرا! هەر ئەوسایش کە بە نەرمونیانییەوە نامەیەکم بۆ نووسیت و لێم پرسیت کە چەندت ماوەی تر پێویستە بۆ ئەوەی بیگەڕێنیتەوە، کەچی تۆ زۆر ناشیرین وەڵامت دامەوە! هەروەها وەک سووخۆرێک، ئەوەی کە بێوەژن و هەتیوان تاڵان دەکات، ڕەفتارت لەگەڵدا کردم، ئەگەرچی تاڵانکراوەکە من بووم و ئێوە سەر بە بەرەی چەتەکان بوون! بەڵام، لەبەرئەوەی من لە تۆ



تێگەیشتووتر بووم، هەر بەوەندە دەستم هەڵگرت کە بە شێوەیەکی جوان، بەڵام توندوتیژ، وەڵامی تانەوتەشەری ناشیرینی تۆ بدەمەوە. تۆ کاغەزە شینەکەی من چاک دەناسیت، وا نییە؟ دەتوانم، هەر کاتێک بمەوێت، مۆری بکەم، بەڵام من هەمیشە ئەوە ناکەم!

(بە ژوورەکەدا دەڕوانێت.).

**ئێلیس:**

فەرموو، ئەوە مۆبیلەکان، لە خزمەتتدان!

**لیندکڤیست:**

سەیری مۆبیلەکانم نەکرد! چاوێکم گێڕا تا بزانم ئاخۆ دایکت لێرەیە یا نا! ئەوی ڕاستی بێت، ئەویش ڕێک وەکو خۆت، دادوەری خۆش دەوێت!

**ئێلیس:**

هیوادارم وا بێت!

**لیندکڤیست:**

چاکە!... دەزانیت، ئەگەر ئەو دادوەرییەی هێندە لای ئێوە بەنرخە بەری بۆ بەرەڵا بکرێت، ئەوە دایکت، وەک کەسێک کە هۆشیارە بەو تاوانەی کە ئەنجام دراوە، دەکەوتە بەر بەزەیی ئەو دادوەرییەوە کە بە دەست خەڵکە و ئەوان جێبەجێی دەکەن!

**ئێلیس:**

نابێت!

**لیندکڤیست:**

با دەبێت و هێشتایش بۆ ئەوە درەنگ نییە!

**ئێلیس:**

(هەڵدەستێت.). دایکم!

**لیندکڤیست:**

(کاغەزێکی تر، بەڵام شین، لەسەر مێزەکە دادەنێت.). سەیرکە، ئێستا ئەم کاغەزەیان لەسەر قەراغی مێزەکە دادەنێم و وەک خۆیشت زۆر چاک دەیبینیت، شینە... بەڵام هێشتا مۆر نەکراوە!

**ئێلیس:**

خوا هاوار! دایکم! دیسان هەمان بەزم دەستی پێ کردەوە!

**لیندکڤیست:**

بەڵێ، کوڕی گەنج کە هێندەت حەز لە دادوەرییە، دیسان هەر هەمان بەزمە و دەستی پێ کردووەتەوە!... هەروەهایش بووە و هەروەهایش دەبێت!... بەڵام ئەگەر ئێستا ئا ئەم پرسیارە لە خۆم بکەم: "تۆ ئەندەش یوهان لیندکڤیست، کە لە هەژاریدا چاوت هەڵهێناوە و دووچاری نەبوونی و دەستکورتی و کارکردن بوویت، ئایا چ هەقێکت هەیە کە بەم دوادواییەی ژیانت ئەو پارەوپوولەی، کە پوول بە پوول پاشەکەوتت کردووە و بە گورجوگۆڵی و بەدەنگەوەهاتن و بەوپەڕی نەبوونی، سەرنج بدە بەوپەڕی نەبوونی، پێکەوەت ناوە، لە مناڵەکانت، دیسان سەرنج بدە لە مناڵەکانت، زەوت بکەیت؟ تۆ ئەندەش یوهان لیندکڤیست دەتوانیت، ئەگەر بتەوێت دادوەر بیت، دەتوانیت چی بکەیت؟ تۆ کەست تاڵان نەکردووە، بەڵام ئەگەر بەوە دڵتەنگ و بێزار بیت کە تاڵان بکرێیت، ئەوە ناتوانیت چیتر لە شارێکدا



بژیت، چونکە هیچ کەسێک نایەوێت لەگەڵ کەسێکی بێ بەزەییدا، کە داوای وەرگرتنەوەی هەقی خۆی کردووە، هەڵسوکەوت بکات! چاوت لێیە، دەبینیت کە بەزەیی و میهرەبانییەک هەیە لە دژ و، بگرە لە سەرەوەی، مافەوە دەوەستێت!... ئا ئەوەیە بەزەیی!

**ئێلیس:**

تۆ لەسەر هەقیت، هەرچییەک لێرەدایە بیانبە! هی خۆتن!

**لیندکڤیست:**

هەق هی منە، بەڵام ناوێرم سوودی لێ وەربگرم!

**ئێلیس:**

بیر لە مناڵەکانت دەکەمەوە و سکاڵا ناکەم!

**لیندکڤیست:**

(کاغەزەکە دەخاتەوە گیرفانی.). چاکە! کەواتە دیسان کاغەزە شینەکە دەخەینەوە گیرفانمان!... ئێستایش هەنگاوێک زیاتر دەڕۆین!

**ئێلیس:**

ببوورە... هەر بەڕاست دەیانەوێت دایکم بدەن بە دادگا؟

**لیندکڤیست:**

بەر لە هەر شتێک، ئێستا هەنگاوێک زیاتر دەڕۆین!... کەواتە تۆ هێشتا بە پارێزگار نەگەیشتوویت و نایناسیت؟

**ئێلیس:**

نا، نایشمەوێت بیناسم!

**لیندکڤیست:**

(کاغەزە شینەکە دەردەهێنێتەوە و ڕای دەوەشێنێت.). وا نا! وا نا!... پارێزگار، جا باش گوێ بگرە، بە گەنجی یەکێک بوو لە هاوڕێیەکانی باوکت و دەیەوێت تۆیش بناسێت؟ دیسان هەر هەمان بەزمە، هەمان بەزمە و شتان دووبارە دەبنەوە! ناتەوێت بچیت سەرێکی لێ بدەیت؟

**ئێلیس:**

نەء!

**لیندکڤیست:**

پارێزگار...

**ئێلیس:**

ناتوانین باسی شتێکی تر بکەین؟

**لیندکڤیست:**

تۆ دەبێت لەگەڵ مندا بەئەدەب بیت، چونکە من بێ دەستەڵاتم... ئەمە لە کاتێکدا کە ئێوە ڕاوبۆچوونی خەڵکت لە پشتە و منیش بە تەنیا دادوەریم هەیە پشتی پێ ببەستم. چیت لە دژی پارێزگار هەیە؟ ئەو حەزی لە پایسکیل و خوێندنگەی باڵای میللی نییە و ئەمانە لە تایبەتمەندییە بچووکەکانی ئەون. ئێمەیش پێویست ناکات، کتومت، ڕێز لە تایبەتمەندییەکان بگرین، بەڵام دەتوانین چاویان لێ بنووقێنین، دەتوانین خۆمانیان لێ نەبان بکەین و گرینگی بە شتە گرینگەکان، بە خەڵک و پێوەندییەکانی نێوان خەڵک، بدەین! هەروەها دەبێت لە تەنگژە گەورەکانی ژیاندا یەکترمان بە هەموو هەڵە و



لاوازییەکانەوە بووێت و بە تووک و پێستەوە یەکترمان قەبووڵ بێت!... بڕۆ بۆ لای پارێزگار!

**ئێلیس:**

قەت شتی وا نابێت!

**لیندکڤیست:**

کەواتە تۆ ئەو پیاوەیت؟

**ئێلیس:**

(بەوپەڕی ددانپێدانەوە.). ئا، ئەو پیاوەم!

**لیندکڤیست:**

(هەڵدەستێت، دەست بە هاتوچۆ دەکات، جیرەجیری پێڵاوەکانی دێت و کاغەزە شینەکەیشی بە دەستەوەیە و ڕای دەوەشێنێت.). ئەمەیان خراپ بوو! خراپ بوو!... باشە، لە سەرێکی ترەوە دەست پێ دەکەم!... کەسێکی تۆڵەسێن، بەڕاستی تۆڵەسێن، ویستوویەتی لە دژی دایکت، لە دادگا، قسە بکات. تۆ دەتوانیت ڕێ لەمە بگریت!

**ئێلیس:**

چۆن؟

**لیندکڤیست:**

بڕۆ بۆ لای پارێزگار!

**ئێلیس:**

نارۆم!

**لیندکڤیست:**

(لێی دەچێتە پێشەوە و شانی ئێلیس دەگرێت.). کەواتە تۆ

هیچوپووچترین کەسێکیت کە لە ژیانمدا دیبێتم!... ئێستایش بۆ خۆم دەچم بۆ لای دایکت!

**ئێلیس:**

مەڕۆ!

**لیندکڤیست:**

کەواتە دەچیت بۆ لای پارێزگار؟

**ئێلیس:**

ئا، دەچم!

**لیندکڤیست:**

بەرزتر و جارێکی تر بیڵێرەوە.

**ئێلیس:**

دەچم!

**لیندکڤیست:**

کەواتە ئەمیان بڕایەوە! (کاغەزە شینەکەی دەداتە دەستی.).
ئەوەیش کاغەزەکەیە!
(ئێلیس کاغەزەکە وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی بیخوێنێتەوە.).
ئەمجا نۆرەی ژمارە دووە، کە ژمارە یەک بوو!... با دانیشین!... (وەک پێشووتر، دادەنیشن.). تەماشا، هەر ئەوەندە بەرەو ڕووی یەکتر بڕۆین، نیوەی ڕێگەکە کورت دەبێتەوە!... ژمارە دوو!... ئەمیان داوای منە لەسەر ماڵ و سامانی ئێوە! هیچ بیرو خەیاڵاتێک بە مێشکدا نەیەت، چونکە نە دەتوانم و نە دەیشمەوێت ماڵ و سامانی هاوبەشی خێزانەکەم ببەخشمەوە! تا دواپوولیش لەسەر داوای خۆمم سوورم و دەمەوێتەوە.



**ئێلیس:**

تێ دەگەم!

**لیندکڤیست:**

(بە توندییەوە.). ئاوها! تێ دەگەیت؟

**ئێلیس:**

مەبەستم ئەوە نەبوو بریندارت بکەم...

**لیندکڤیست:**

نا، تێ دەگەم. (چاویلکەکەی هەڵدەبڕێت و لە ئێلیس دەڕوانێت.)... گورگ! گورگی هار! قامچی! قامچی! گەوهەری سوور، سوور سوور وەک گۆشت، دێوی کێوی و بەندەنان، کە منداڵان ناخوات و تەنیا دەیانترسێنێت! منیش دەتانترسێنم، بۆ ئەوەی ئەقڵ و هۆشتان تێک بدەم و سەراسیمەتان بکەم. نرخی دواچیلکەی ئەو مۆبیلانەشتان لێ دەستێنمەوە... ئەوەتا، لیستەی هەر هەموویان لە گیرفانمدایە و ئەگەر یەک دانە چیلەکەیشی کەم بێت، ئەوە ڕەوانەی تاریکستانتان[٣٤] دەکەم، کە نە خۆر تێیدا دەگرێت و نە ئەستێرانیش تێیدا دەدرەوشێنەوە! ئا، من دەتوانم منداڵ بخۆم، دەتوانم بێوەژنان بخۆم، کاتێک توورە دەکرێم و ڕاو بۆچوونیش؟ پیف! بۆ ئەمیان... لێی ئاسانتر نییە و دەگوێزمەوە بۆ شارێکی تر!
(ئێلیس هیچ ناڵێت.).
تۆ هاورێیەکت هەبوو، ناوی پێتروس بوو؛ پێتروس هۆڵمبلاد. خەریکی زمان بوو و یەکێک بوو لە قوتابییەکانی تۆ لە خوێندنی زماندا. بەڵام تۆ لەوە زیاترت لێ داوا دەکرد و دەتویست بیکیت

به پەیامبەرێک... هەرچۆنێک بێت، ئەو کەسێکی بێ باوەڕ بوو؛ کەڵەشێرەکە دوو جار قووقاندنی، وا نییە؟

(ئێلیس بێدەنگە.).

سروشتی مرۆییانە، ڕێک وەکو بیر و شتومەک، جێی باوەڕ نییە و پێتروسیش بێ ئەمەک دەرچوو، من، نکوڵی لەمە ناکەم و لەسەریشی ناکەمەوە. بەڵام دڵی مرۆڤ بێ پایانە و زێڕ و ڕەشی و تڵپە و شتی تریشی تێدایە! پێتروس بۆ تۆ هاوڕێیەکی بێ ئەمەک بوو، بەڵام، هەر چۆنێک بێت، هاوڕێیەک بوو!

**ئێلیس:**

بێ ئەمەک...

**لیندکڤیست:**

بێ ئەمەک، چاکە، بەڵام هەر چۆنێک سەیری بکەیت هاوڕێیەک! ئەو هاوڕێ بێ ئەمەکە، بەبێ ئەوەی تۆ هیچ ئاگایەکت لێی هەبێت، خزمەتێکی زۆر هاوڕێیانەی کردوویت.

**ئێلیس:**

تەنانەت ئەمەیش!

**لیندکڤیست:**

(بەتەواوی لە ئێلیس نزیک دەبێتەوە.). هەموو شتێک دووبارە دەبێتەوە، هەموو شتێک!

**ئێلیس:**

هەموو شتێکی خراپ، ڕاستە! باشەیش بە خراپە پاداشت دەدرێتەوە!



**لیندکڤیست:**

هەمیشە نا، چاکەیش، هەروەها، دووبارە دەبێتەوە! بڕوام پێ بکە!

**ئێلیس:**

دیارە ناچارم، ئەگەرنا بەدەم ئازارەوە، هەرچییەک پێی دەوترێت ژیان، لە لووتمەوە دەری دەهێنیت!

**لیندکڤیست:**

ژیان نا، بەڵام هێندەت دەگووشم هەرچی پێی بڵێیت بەخۆدانازین و ڕقوکینە لە لەشت بێتە دەرەوە!

**ئێلیس:**

بەردەوام بە!

**لیندکڤیست:**

وتم، پێتروس کارێکی باشی لەگەڵدا کردوویت!

**ئێلیس:**

هیچ کارێکی باشی ئەو پیاوەم ناوێت!

**لیندکڤیست:**

دیسان!... ئێستا گوێ بگرە! پارێزگار، لە ڕێی هەوڵ و پلوپای پێتروسی هاوڕێتەوە، کەوتە نێوانەوە و کۆمەکی دایکتی کرد! هەر لەبەر ئەوەیش دەبێت، پەیمان بدەیت، نامەیەکی بۆ بنووسیت و سوپاسی بکەیت! پەیمان!

**ئێلیس:**

نەخێر! هەرکەسێکی تر لەم دنیایەدا، بەڵام ئەو نا!

**لیندکڤیست:**

(زیاتر لێی نزیک دەبێتەوە). دە کەواتە دیسان دەتگووشمەوە، ئێستا گوێ بگرە، تۆ پارەی دانراوت لە بانکدا هەیە، وایە یا نا!

**ئێلیس:**

ئێ! جا ئەوە چ پێوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟ خۆ من لە بەرانبەر قەرزوقۆڵەکانی باوکمدا بەرپرسیار نیم؟

**لیندکڤیست:**

بەرپرسیار نیت! بەرپرسیار نیت! ئەی تۆ، کاتێک پارەوپوولی منداڵەکانم لەم ماڵەدا خەرج دەکرا، تێیدا دەخورا و دەخورایەوە، لەگەڵیاندا نەبوویت؟ بەرانبەر بەمە دەڵێیت چی!

**ئێلیس:**

ناتوانم نکوڵی لێ بکەم!

**لیندکڤیست:**

هەر لەبەرئەوەی کە مۆبیلەکان قەرەبووی گشت قەرزەکان ناکەنەوە، دەبێت، هەر ئێستا، چەکێک بنووسیت بەقەد ئەوەی کە دەمێنێتەوە و دەبێت بدرێتەوە، خۆیشت بڕەکەی دەزانیت.

**ئێلیس:**

(بەتەواوی بەزیوە). تەنانەت ئەمەیش؟

**لیندکڤیست:**

ئا، تەنانەت ئەمەیش! فەرموو و بینووسە!

(ئێلیس هەڵدەستێت، دەفتەری چەکەکانی دەهێنێتە پێشەوە و لەسەر مێزی نووسینەکە دای دەنێت و دەست بە نووسین دەکات).



یا خۆت پێشکێش دەکەیت، یا فەرمان!

**ئێلیس:**

بەڵام دیسانیش بەش ناکات!

**لیندکڤیست:**

ئەوجا دەچیت و ئەوەی کە دەمێنێتەوە قەرزی دەکەیت! دوا پوولیم دەوێتەوە!

**ئێلیس:**

(چەکەکە بۆ لیندکڤیست ڕادەگرێت). ئەوەتا، لەوە زیاترم نییە کە لێرەدا نووسراوە! ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا هاوین و دەستگیرانەکەمە و لەوە زیاتریشم نییە!

**لیندکڤیست:**

کەواتە، وەکو وتم، بڕۆ قەرز بکە!

**ئێلیس:**

ناتوانم!

**لیندکڤیست:**

کەواتە بە دوای کەفیلدا بگەڕێ!

**ئێلیس:**

کەس نییە بیەوێت ببێت بە کەفیلی کەسێک کە سەر بە خێزانی هێیەست بێت!

**لیندکڤیست:**

کەواتە ئێستا من وەک دوا ئاگەدارکردنەوە دوو بەدیلت دەخەمە بەردەم: یا سوپاسی پێتروس دەکەیت، یا سەرلەبەری قەرزەکە دەدەیتەوە!

**ئێلیس:**

نامەوێت بە هیچ جۆرێک خۆم لە پێتروس بگەیەنم!

**لیندکڤیست:**

کەواتە تۆ هیچوپووچترین کەسێکیت لە ژیانمدا دیبێتم! تۆ دەتوانیت بە ڕەفتارێکی جوان، ڕەفتارێک شایانی ڕێزلێگرتن بێت، هەم ماڵەکەی دایکت و هەم جێ و ڕێی دەستگیرانەکەیشت ڕزگار بکەیت، بەڵام نایکەیت! دەبێت شتێک لە پشت ئەمەوە هەبێت، کە ناتەوێت ئاشکرای بکەیت! بۆ ڕقت لە پێتروس دەبێتەوە؟

**ئێلیس:**

بمکوژە، بەڵام لەوە زیاتر ئازار و ئەشکەنجەم مەدە!

**لیندکڤیست:**

دڵت لێی پیسە!

(ئێلیس شان هەڵدەتەکێنێت.).

دیار و ئاشکرایە! (هەڵدەستێت و دەکەوێتە هاتوچۆ. پشوو.). ڕۆژنامەی ئەم بەیانییەت خوێندووەتەوە!

**ئێلیس:**

ئا، بەداخەوە!

**لیندکڤیست:**

هەر هەمووی؟

**ئێلیس:**

نا، هەمووی نا!



**لیندکڤیست:**

ئەها!... دە کەواتە؟... کەواتە نازانیت کە پێتروس دەستگیرانەکەی مارە کردووە؟

**ئێلیس:**

ئەوەم نەزانیوە!

**لیندکڤیست:**

نایشزانیت کێی مارە کردووە؟ هەڵی بێنە!

**ئێلیس:**

چۆن...

**لیندکڤیست:**

خاتوو "ئەلیس"ی مارە کردووە! هەموو شتێکیش دوێنێ، لە کاتێکدا لە ئاهەنگێکی مۆسیقا بوون، بە ئاگەداری و لە ڕێی دەستگیرانەکەی تۆوە بڕێنرایەوە و پەیمانیان بە یەکتری دا!

**ئێلیس:**

ئەمجا بۆ بەو شێوە نهێنییە؟

**لیندکڤیست:**

دوو گەنج مافی ئەوەیان نییە نهێنیی نێو دڵی خۆیان لە تۆ بشارنەوە؟

**ئێلیس:**

منیش بۆ بەختیاریی ئەوان بە دەست ئەم کوڵ و پەژارەیەوە کە دووچاری بووم بناڵێنم؟

**لیندکڤیست:**

ئا! ئەوان، ئەوانەی کە ئازاریان چەشتووە بۆ ئەوەی بەر بۆ

بەختیاریی تۆ بەرەڵا بکەن!... دایکت، باوکت، دەستگیرانەکەت، خوشکەکەت... دانیشە، با چیرۆکێکت، زۆر بەکورتی، بۆ بگێڕمەوە!

(ئێلیس بەنابەدڵییەوە دادەنیشێت.).

(لە کاتی دیمەنی پێشوو و ئەم دیمەنەدا دنیا، دەرەوە، ڕوونتر دەبێتەوە.).

نزیک چل ساڵێک لەمەوبەر! وەک گەنجێک ڕووم لەم پایتەختە کرد، تەنیا، شوێنەون و بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک بناسم، ڕووم کردە ئێرە و لە کار دەگەڕام. گیرفانم بەتاڵ و ئێوارەیەکی تاریکونووتەک بوو. لەبەرئەوەی کە هیچ ئوتێلێکی هەرزانم شک نەدەبرد، پرسیارم لەوانە دەکرد کە لەوێوە تێپەڕ دەبوون، بەڵام کەس وەڵامی نەدەدامەوە. کاتێک کە بەتەواوەتی دەستم لە هەموو شتێک شتبوو، پیاوێک لێم هاتە پێشەوە و لێی پرسم: "بۆ دەگریت!" ــ ڕاستیشت دەوێت دەگریام. منیش باسی بەخت و چارەنووسی خۆمم بۆ کرد! ئیتر ئەو ڕووی لەو ڕێگەیە وەرگێڕا کە بۆی دەچوو و بەدەم قسەی خۆش و دڵنەواییەوە لەگەڵمدا هات تا بەردەم ئوتێلێک. کاتێکیش لە دەرگەی سەرەکیی ئوتێلەکەوە چوومە ژوورەوە، دەرگەی دووکانێک کە لە شووشە بوو کرایەوە و بەر ئانیشکم کەوت و شووشەکە شکا. دووکاندارە توورەوترۆکەیش گرتمی و داوای هەقەکەی لێ دەکردم و یا دەیویست بانگی پۆلیس بکات. بیر لەو بێهواییە بکەرەوە کە دووچاری دەبووم، شەوێکی دوورودرێژ و لەسەر جادە! ــ ئەو پیاوە نەدیو و نەناسراوە نیازپاکەیش، کە ئەو



ڕەفتارەی بینیبوو، کەوتە نێوانمانەوە و ئەرکی بانگکردنی پۆلسیی گرتە ئەستۆی و منی ڕزگار کرد!... ئەو پیاوە ــ باوکی تۆ بوو! کەواتە هەموو شتێک دووبارە دەبێتەوە، تەنانەت چاکەیش! هەر لەبەر خاتری باوکیشت... خەتێکی ڕاست و چەپم بەسەر ئەو داوایەدا هێناوە کە لەسەر ئەم ماڵە هەمە!... هەر بۆیە... ها ئەم کاغەزە و ئەم چەکەیش بگرە! (هەڵدەستێت.). هەر لەبەر ئەوەیش کە بە زەحمەت وشەی سوپاست بە دەمدا دێت، یەکسەر دەڕۆم، بەتایبەت ئا ئێستا کە لە هەموو کاتێک زیاتر پێم ناخۆشە سوپاس بکرێم! (لە دەرگەی بەشی پشتەوەی شانۆ نزیک دەبێتەوە.). هەر ئێستا، لەبریی ئەوە، بڕۆ بۆ لای دایکت و لەو نیگەرانییە ڕزگاری بکە کە تووشی بووە! (کە ئێلیس خەریکە لێی نزیک دەبێتەوە، ئەم بە دەست ئاماژەی بۆ دەکات کە نزیکبوونەوەی ئەوی ناوێت.). بڕۆ!

(ئێلیس بەپەلە بەرەو دەستەڕاست دەڕوات.).

***

دەرگەکانی بەشی پشتەوەی شانۆ دەکرێنەوە. ئێلێنۆرا و بێنیامن دێنە ژوورەوە، هێمن، بەڵام جددین، کاتێکیش چاویان بە لیندکڤیست دەکەوێت، ترسیان لێ دەنیشێت و دەوەستن.).

**لیندکڤیست:**

وەرن، بچکۆلەکان، وەرن و مەترسن... دەزانن من کێم؟... (دەنگی خۆی گڕ کردووە.). من دێوەکەی کێو و بەندەنانم، ئەوەی منالان دەترسێنێت! هوو! هووو!... بەڵام زۆر ترسناکیش نیم! ــ وەرە ئێلێنۆرا وەرە! (سەری دەخاتە نێو

دەستەکانییەوە و تەماشای چاوی دەکات.). تۆ چاوە جوانەکانی باوکت هەیە و ئەو پیاوێکی چاک، بەڵام لاواز، بوو! (ناوچەوانی ماچ دەکات.). ئاوها!

**ئێلێنۆرا:**

ئۆی، بە باشە باسی باوکم دەکات! کەس هەیە بە باشە و نیازپاکییەوە باسی ئەو بکات!

**لیندکڤیست:**

ئا هەیە، من! برۆ پرسیار لە ئێلیسی برات بکە!

**ئێلێنۆرا:**

کەواتە تۆ خراپەی ئێمەت ناوێت!

**لیندکڤیست:**

نا، مناڵە خۆشەویستەکەم، خراپەی ئێوەم ناوێت!

**ئێلێنۆرا:**

دە کەواتە، یارمەتیمان بدە!

**لیندکڤیست:**

ڕۆڵە گیان، من ناتوانم یارمەتیی باوکت بدەم لەو سزایەی کە دراوە ڕزگاری ببێت، ناتوانم یارمەتیی بێنیامین بدەم لە تاقیکردنەوەی "لاتین"دا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت... بەڵام ئەوی لە دەستم هاتبێت، دریێخیم نەکردووە. ژیان هەموو شتێک نادات و هیچ شتێکیش بە خۆڕایی نییە. هەربۆیە دەبێت ئێستا یارمەتیم بدەیت، دەتەوێت یارمەتیم بدەیت؟

**ئێلێنۆرا:**

من، منی نەگبەت، دەتوانم چی بکەم؟



**لیندکڤیست:**

ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟ بیر بکەرەوە!

**ئێلێنۆرا:**

(ڕۆژژمێرەکە لە دیوارەکە دەکاتەوە.). شانزەی مانگە!

**لێندکڤیست:**

چاکە! پێش بیستی مانگ دەبێت ئێلیسی برات وا لێ کردبێت کە بچێت و سەرێک لە پارێزگار بدات و نامەیەکیش بۆ پێتروس بنووسێت.

**ئێلێنۆرا:**

هیچی تر نا؟

**لیندکڤیست:**

ئای، ڕۆڵە گیان! بەڵام ئەگەر ئەوە نەکات، ئەوە دێوەکە دێتەوە و دەڵێت: هووووو!

**ئێلێنۆرا:**

بۆ دەبێت دێوەکە بێت و مناڵان بترسێنێت!

**لیندکڤیست:**

بۆ ئەوەی مناڵان هاروهاجی نەکەن!

**ئێلێنۆرا:**

ڕاست دەکەیت! دێوەکە لەسەر هەقە! (قۆڵی پاڵتۆکەی لیندکڤیست ماچ دەکات). سوپاس بۆ تۆ دێوی دڵۆڤان سوپاس!

**بێنیامین:**

ئێلێنۆرا، دەبێت بڵێیت بەڕێز لێندکڤیست!

**ئێلێنۆرا:**

نا، ئەوە زۆر ئاساییە و ئەو ناوە...

**لێندکڤیست:**

خواتان لەگەڵ منالان! ئێستا دەتوانن چڵوچێوەکان فڕێ بدەنە نێو ئاگرەکەوە!

**ئێلێنۆرا:**

نا، دەبێت لە جێی خۆیان بمێننەوە، چونکە منالان زوو شتیان لە بیر دەچێتەوە.

**لیندکڤیست:**

ئای کچی جوان! تۆ چەند باش منالان دەناسیت! (دەڕوات.).

**ئێلێنۆرا:**

بەرەو لادێ، بەرەو دەرەوەی شار دەڕۆین، بێنیامین! دوو مانگی تر نابات و ئێرە بە جێ دەهێڵین! ئۆف، هەر ئەوەندە بەزوویی تێپەڕ بووبوونایە! (پەڕەکانی ڕۆژمێرەکە لێ دەکاتەوە و بەو تیرێژەدا کە کەوتووەتە ناو ژوورەکەوە بڵاوی دەکاتەوە.). دەبینیت ڕۆژەکان چۆن دەڕۆن! نیسان! مایس! حوزەیران! خۆریش بەسەر هەر هەموویاندا دەدروشێتەوە! ئێستا تۆ دەبێت سوپاسی خوا بکەیت، کە یارمەتیی داین بەرەو لادێ، بەرەو دەرەوەی شار، بڕۆین!

**بێنیامین:**

(بەشەرمەوە.). ناتوانم، بە بێدەنگی، بیڵێم؟

**ئێلێنۆرا:**

با، دەتوانیت بە بێدەنگی بیڵێیت! چونکە ئێستا هەورەکان



ڕەوینەتەوە و دەنگت لەو سەرەوە دەبیسترێت!

***

کریستینا لە دەستەچەپەوە هاتووەتە ژوورەوە و وەستاوە. ئێلیس و هێیەست خان لە دەستەڕاستەوە. کریستینا و ئێلیس، بە ڕووخۆشییەوە، بەرەو ڕووی یەکتر دەڕۆن، بەڵام پێش ئەوەی بە یەکتر بگەن، پەردە دادەدرێتەوە.

## پەراوێزەکان:

(١) جەژنی هەڵسانەوە، جەژنی هەڵسانەوە، جەژنی فەسح، جەژنی پاک و پێساک و... هەروەها، چەند ناوی جیاوازن بۆ هەمان جەژن لای دیانان و جوولەکەکان و بەپێی شوێن و بەکارهێنان دەگۆڕێن، بەڵام ڕەگوڕیشەی هەموویان بۆ وشەی "پێساهـ، پێساک"ی عیبری دەگەڕێتەوە کە بە مانای "تێپەڕبوون" دێت و ئەم جەژنە لای جوولەکەکان بە بۆنەی دەرچوون و ڕزگاربوونیان لە میسری کۆن دەگیرێت و یادی ئەو ڕووداوەی پێ دەکرێتەوە کە چۆن خوا بە لای ئەو دەروازانەدا، کە ئیسرائیلییەکان بە خوێنی ئەو بەرخەی بۆ ئەو ڕووداوە کردبوویان بە قوربانی، تێ پەڕیوە و بەخشندەیی خۆی بەسەردا بەخشیونەتەوە و پیرۆزی کردوون. بەڵام، ئەم بۆنەیە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، لای دیانەکان؛ هەڵگرانی بیروباوەڕی عیسای مەسیح، ماناکەی گۆڕدراوە و هەم بە مانای "بەرخی قوربانی" و هەمیش بە مانای "جەژنی پێساک" دێت و یادی ڕووداوی تاوانبارکردن، دادگاییکردن و پاشان لە خاچدانی عیسای مەسیحی پێ دەکرێتەوە.

(٢) قوماشێکی قورس و توندوتۆڵی بە نەخشونیگار ڕازاوەیە، بە زۆری لە لۆکە دروست دەکرێت و وەک بەرگی کورسی و قەنەفە و... هەروەها پەردەیش بە کار دەهێنرێت.

(٣) (=ئەو ڕۆژی پێنجشەمەیەی عیسای مەسیح پێی شاگردەکانی خۆی، یەک لە دوای یەک، تێدا دەشوات و بەو کردەوەیەی ئەوەیان پێشان دەدات کە ئەو خۆی لە خوارەوەتر لەوان دەبینێت. تێبینی: پێشتن، لەو ڕۆژگارەی مەسیح تێیدا ژیاوە، زۆر ئاسایی بووە، چونکە خەڵک یا پێخاوس، یا پێڵاوی سەربەتاڵیان لە پێدا بووە و بۆ پاکڕاگرتن پێیان شتووە.).

(٤) (= jalusi) جۆرە پەردەیەکی تایبەتە و لە ئەملا و ئەولاوە، زۆرجاریش لە ناوەڕاستەوە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە پەتی تێ هەڵکێشراوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە هۆی ڕاکێشان و شلکردنەوەی ئەو پەتانەوە بەرز و نزم بکرێتەوە و تەنیا هەر بۆ پەنجەرەیش بە کار نەهێنراوە، بەڵکو بۆ داپۆشینی دەرگەی دۆڵابی موبەقیش بە کار هێنراوە.



(٥) (= bofink) باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگی بچکۆلەی دەنگخۆشە. (سەرچاوە: فەرهەنگی باڵندە، ئەحمەد بەحری).

(٦) بڕوانە: (٤)

(٧) (= mälaren) سێیەمین گەورەترین زەریاچەی سوید.

(٨) (= lind) ئەحلامور، پارزی، درەختێکە گوڵەکەی سپییە بە شێوەی هێشوو، بۆنخۆشە، بەرەکەی وشکە و یەک تۆوی تێدایە بۆ ڕازاندنەوە، هەروەها بۆ کۆکە باشە، گوڵەکەی دەکرێت بە چای بۆ ئازاری دەمار و سەرئێشە. (سەرچاوە: کەمالنامە، فەرهەنگی زانستی، عەرەبی، ئینگلیزی، کوردی، کەمال جەلال غەریب؛ هەروەها فەرهەنگی ئازادی، ئینگلیزی، کوردی، د. حەمەڕەشید قەرەداخی).

(٩) و (١٠) (=ebal) چیای ئیبال؛ کە بە مانای چیای نەفرەت و (=gerissim) چیای گاریزم؛ کە بە مانای چیای فەڕ و خۆشی دێت، هەردووکیان دەکەونە لای ڕاست و چەپی شاری "نابلوس"ی ئێستاوە لە فەلەستین و بەپێی چیرۆکە_کان لە کۆندا شارێکی تر بە ناوی شاری "سیکەم" لە نێوان ئەم دوو چیایەدا هەبووە.

(١١) بەپێی چیرۆکەکان: خەڵک ئەم چڵوچێوانەیان، لە کۆندا، بەتایبەت لە ڕۆژی هەینی ڕەشدا، بۆ لەخۆدان بە کار هێناوە، بۆ ئەوەی ئازارەکانی عیسای مەسیحیان بە بیردا بێتەوە. ئێستا ئەمانە بە پەڕی ڕەنگاوڕەنگ دەڕازێنرێنەوە و بۆ جوانی لە جەژنی هەڵسانەوە دادەنرێن.

(١٢) ئارۆن، براگەورەی موسای پەیامبەری جوولەکەکان بووە و هەر ئەویش بووە کە ڕێبەرایەتیی ئیسرائیلییەکانی کردووە تا لە میسری کۆن دەربکەون و ڕزگاریان ببێت. ئارۆن، بەپێی گێڕانەوەکان، سەرۆکی ڕابینەکانی ئەوسا بووە و کاتێکیش کە موسا بۆ ماوەیەک زمانی گیراوە و لاڵ بووە، ئەم لە جێی ئەو لە بەرانبەر فیرعەوندا بووە بە دەمڕاستی ئیسرایلییەکان و هەر ئەوسایش خوا ئەو هێزەی پێ بەخشیوە کە بتوانێت موجیزە بنوێنێت. دەگێڕدرێتەوە کە گوایا جارێک لە جاران ئارۆن گۆپاڵەکەی خۆی لە بەردەمی فیرعەوندا فڕێ داوە و گۆپاڵەکە بووە بە مار، فیرعەونیش بۆ ئەوەی موجیزەکەی بە درۆ بخاتەوە جادووگەرانی خۆی بانگ کردووە ـ چونکە ئەوانیش توانیویانە هەمان موجیزە

بکەن ــ فەرمانی پێ کردوون گۆپاڵەکانیان بکەن بە مار و ئەوانیش یەک لە دوای یەک هەمان کاری ئارۆنیان کردووە، بەڵام دەرئەنجام موجیزەکەی ئارۆن لە هیی ئەوان بەهێزتر بووە و گۆپاڵەکەی، گۆپاڵەکانی ئەوانی خواردووە.

(١٣) و (١٤) (=indikativus و konjunktivus) یەکەمیان بە مانای ئامراز یا وشەی لێکدراو و دووەمیش بە مانای کرداری باری ڕاگەیاندن، پێشاندان یا پرسیارکردن دێت و لەبەر نەبوونی بەرانبەری تەواو بۆیان، لە کوردیدا، هەروەک خۆیان و بە لاتینی نووسراونەتەوە.

(١٥) (= lädergaloscher) جۆرێکی تایبەت لە پێڵاو بووە و جاران بەسەر پێڵاوی "کەشخە!"دا لە پێ کراوە بۆ ئەوەی لە تەڕبوون و پیسی و سوان و خراپبوون بیانپارێزێت. وشەی گالۆش (=galoche) لە بنەچەدا وشەیەکی فەڕەنساییە.

(١٦) (= karneol) بەردێکی بەنرخە و زۆر ڕەنگی وەک نارنجیی کاڵ، قاوەیی کاڵ، دێز و شیری هەیە و بۆ ڕازاندنەوەی خشڵ بە کار دەهێنرێت.

(١٧) (= påsklilja) سەرچاوە: کەمالنامە، بڕوانە: (٨) تێبینی: ئاشکرایە نێرگزی ئاسایش هەر کێوییە و دیارە لەبەر جیاکردنەوەی ئەم دوو گوڵە لە یەکتر بەمیان دەوترێت: نێرگزی کێوی، یا نێرگزی کێویلە! (و.).

(١٨) (= ئینجیل؛ کتێبی پیرۆزی خاچپەرستان).

(١٩) و (٢٠) (=Immanuel Kant و Arthur Schopenhauer) لە فەیلەسووفە بەناوبانگەکانی ئەڵمانیان.

(٢١) و (٢٢) (=Shimon Petrus و Judas Iskariot) دوو لە شاگردانی عیسای مەسیح بوون. پێتروس، بە یەکێک لە نزیکترین شاگردانی عیسا دادەنرێت و هەر ئەویشە کە عیسا پەیمانی پێ دەدات و پێی دەڵێت: "من کلیلەکانی ئاسمانت پێ دەبەخشم. هەرچییەک تۆ لەم دنیادا دەیبەستیتەوە، لەو دنیایش بە بەستراوی دەمێنێتەوە و هەرچییەکیش تۆ لەم دنیادا بەرەڵای دەکەیت، لەو دنیایش بە بەرەڵاکراوی دەمێنێتەوە." یوداسیش ئەو شاگردەیە کە خیانەت لە عیسا دەکات و دەسەڵاتدارانی ڕۆم ئاگەدار دەکاتەوە تا مەسیح بگرن.

(٢٣) شابیزەک (فارسی)، ڕووەکێکی زۆر ژەهراوییە.

(٢٤) (= cassiopea) سەرچاوە: کەمالنامە و فەرهەنگی ئازادی، بڕوانە: (٨).

(٢٥) ئەو دواڕستانەن کە عیسای مەسیح، لە کاتی لە خاچداندا، دەیانڵێت و



بریتین لە:

(١) "خوایە، لێیان ببوورە، ئەوان نازانن چی دەکەن!"

(٢) "ئەگەر ڕاستت دەوێت، هەر ئەمڕۆ تۆ لە بەهەشتدا لەگەڵمدا دەبیت."

(٣) "ژنەکە، ئەوە کوڕەکەتە." "ئەوە دایکتە."

(٤) خوایە، خوایە، بۆ بەجێت هێشتووم؟"

(٥) "تینوومە."

(٦) "تەواو بوو."

(٧) "خوایە، ڕوحی خۆم بە دەستی تۆ دەسپێرم."

(٢٦) (= långfredagen) هەینیی پیرۆز و هەینیی دووڕودرێژیشی پێ دەڵێن.

(٢٧) (= Pontius Pilatus) ئەو کارگێڕەی، لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی قەیسەر "تیبێریوس"دا، دەسەڵاتداری یەکەم بوو لە فەلەستین و بڕیاری لە خاچدانی عیسای مەسیحی دا.

(٢٨) ڕەنگکردن و ڕازاندنەوەی هێلکە یەکێکە لەو شتانەی لەم جەژنە، بە تایبەت لە سوید، دەکرێت و ڕاستییەکەیشی ئەوەیە کە هیچ پێوەندییەکی بە ئاینی دیانان و ئاینی جوولەکەکانەوە نییە و ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارانەی کە هێشتا ئەو ئاینانە لە نێو گەلانی باکووری ئەورووپا و سکەندناڤییەکاندا بڵاو نەبووبوونەوە و لەسەر بڕوا و ئاینی دیکە بوون و هێلکە، لە لای ئەوان، هێمای ژیان و پیت بووە.

(٢٩) (= blåsippa) سەرچاوە: کەمالنامە، بڕوانە: (٨).

(٣٠) (= snöklocka) سەرچاوە: کەمالنامە، بڕوانە: (٨).

(٣١) (=päls)، چەکور؛ کەوڵی تووک لێ نەکراوەی حەیوان.

(٣٢) (= cylinder) جۆرێکی تایبەتە لە شەپقە و جاران، بەتایبەت لە چەرخی نۆزدەیەمیندا لە وڵاتانی ئەورووپا، باو بووە و ڕەشە و لوولەکەکەی تا ڕادەیەک درێژە.

(٣٣) (= nyfiket)

(٣٤) (= cachott)

# پێڕست


جەژنی هەڵسانەوە گەڕانەوەی پێرسێفۆنە ..... 5
شانۆنامەی جەژنی هەڵسانەوە ..... 33
بەشی یەکەم ..... 35
بەشی دووەم هەینیی ڕەش ..... 83
بەشی سێیەم ..... 115